کۆماری تورکیا

زانکۆی بینگۆل

ئەنستیتوتی زمانی کوردی

بەشی زانستی زمان و ئەدەبیاتی کوردی


نامەی ماستەر

# گیرەکە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردی(کرمانجی ناوەڕاست) و فارسیدا


هانا نەوزاد فەقێ ئیبراهیم

151302103

بە سەرپەرشتی

د. هێمن عومەر ئەحمەد



بینگۆل – ٢٠١٧ ز

T.C.

BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ

YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ

KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİM DALI

Yüksek Lisans Tezi

# Fiillerin Kürtçe (Sorani) ve Farsça'da Aldığı Ekler


HANA NAWZAD FAQE IBRAHIM

151302103


Tez Danışmanı

Yrd. Doç. Dr. Hemin Omar AHMAD

BİNGÖL – 2017

## پێشکەشە بۆ:

- باوک و دایکم، کە هەردەم هاوکار و پشتیوانم بوون.
- برا و خوشک و هاوڕێیانم.

## سوپاس بۆ:

- د.هێمن عومەر خۆشناو، کە سەرپەرشتی نامەکەمی گرتە ئەستۆ و بە پێشنیار و ڕێنماییەکانی هاوکاری کردم بۆ تەواو کردنی.
- د.شێروان حوسێن خۆشناو، کە لە نووسینی پلان و پێدانی سەرچاوە و ڕەخنە و پێشنارەکانی، هاوکارم بوو بۆ تەواوکردنی نامەکە.
- مامۆستایان(هاوسەر نەوزاد، احمد محمدامین).
- هەموو ئەو کەسانەی کە خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی دەکەن.

## Bilimsel Etik Bildirimi

Yüksek lisans tezi olarak hazırladığım *Fiillerin Kürtçe ve Farsça'da Aldığı Ekler* adlı çalışmanın öneri aşamasından sonuçlanmasına kadar geçen süreçte bilimsel etiğe ve akademik kurallara özenle uyduğumu, tez içindeki tüm bilgileri bilimsel ahlak ve gelenek çerçevesinde elde ettiğimi, tez yazım kurallarına uygun olarak hazırladığım bu çalışmamda doğrudan veya dolaylı olarak yaptığım her alıntıya kaynak gösterdiğimi ve yararlandığım eserlerin kaynakçada gösterilenlerden oluştuğunu beyan ederim.

**HANA NAWZAD FAQE IBRAHIM**

# ناوەڕۆک


ناوەڕۆک ..... IV

پوختە ..... VIII

ÖZET ..... IX

مختصر ..... X

ABSTRACT ..... XII

الملخص ..... XIII

هێما و کورتکراوەکان ..... XIV

لیستی زاراوەکان ..... XV

پێشەکی ..... 1

بەشی یەکەم ..... 5

گیرەک و کار، لێکدانەوەیەکی تیۆری ..... 5

١-١: گیرەک: ..... 5

١-٢: گیرەک چەمک و زاراوە: ..... 5

پێناسەی گیرەک: ..... 6

١-٣: پەیوەندی گیرەک و نووسەک : ..... 8

١-٤: دیاریکردنی گیرەک لەناو جۆرەکانی مۆرفیمی بەند: ..... 12

١-٥: ڕێگەکانی پۆلێنکردنی گیرەک ..... 15

١-٥-١: لە ڕووی چەمک و واتاوە ..... 15

١-٥-١-١: گیرەکی فەرهەنگی: ..... 15

١-٥-١-٢: گیرەکی ڕێزمانی: ..... 18

١-٥-٢: لە ڕووی دەرکەوتن: ..... 19

١-٥-٢-١: پێشگر: ..... 20

١-٥-٢-٢: ناوگر: ..... 21

١-٥-٢-٣: پاشگر: ..... 24

١-٥-٣: چەند جۆرێکی تری گیرەک: ........ 25
١-٥-٣-١: گیرەکی لاگر ( پیراوند ) circum fixes : ........ 25
١-٥-٣-٢: گیرەکی لێکدەر: ........ 26
١-٥-٣-٣: درون وند (Transfix) : ........ 27
١-٦: کار : ........ 28
١-٧: کار، چەمک و زاراوە: ........ 28
١-٨: دیاریکردنی کار لەناو پۆلەکانی وشەدا: ........ 34
١-٩: کار لە ڕووی پێکهاتنەوە: ........ 39
١-٩-١: کاری سادە: ........ 39
١-٩-٢: کاری ناسادە: ........ 40
١-٩-٢-١: کاری داڕژاو: ........ 42
١-٩-٢-٢: کاری لێکدراو: ........ 44
بەشی دووەم ........ 47
گیرەکە ڕێزمانییەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا: ........ 47
٢-١: گیرەکە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوردیدا ........ 47
٢-١-١: گیرەکەکانی کات: ........ 47
٢-١-٢: گیرەکەکانی دەمکات: ........ 50
٢-١-٣: گیرەکەکانی نادیاری: ........ 53
٢-١-٤: گیرەکەکانی تێپەڕاندن: ........ 54
٢-١-٥: گیرەکەکانی ناکردن: ........ 56
٢-٢: گیرەکە ڕێزمانییەکانی کار لە زمانی فارسیدا ........ 59
٢-٢-١: گیرەکەکانی کات ( زمان ) : ........ 59
٢-٢-٢: گیرەکەکانی دەمکات: ........ 61
٢-٢-٤: گیرەکی تێپەڕاندن: ........ 69
٢-٢-٥: گیرەکەکانی ناکردن: ........ 70
٢-٣: بەراوردی گیرەکە ڕێزمانیەکانی کار لە کوردی و فارسیدا ........ 73

٢-٣-١: هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و فارسی ........ 73
٢-٣-١-١: گیرەکەکانی کات: ........ 73
٢-٣-١-٢: گیرەکەکانی دەمکات: ........ 75
٢-٣-١-٣: گیرەکەکانی نادیاری: ........ 76
٢-٣-١-٤: گیرەکەکانی تێپەڕاندن: ........ 76
٢-٣-١-٥: گیرەکەکانی ناکردن: ........ 77
٢-٣-٢: جیاوازی نێوان زمانی کوردی و فارسی ........ 78
٢-٣-٢-١: گیرەکەکانی کات: ........ 78
٢-٣-٢-٢: گیرەکەکانی دەمکات: ........ 79
٢-٣-٢-٣: گیرەکەکانی نادیاری: ........ 80
٢-٣-٢-٤: گیرەکەکانی تێپەڕاندن: ........ 81
٢-٣-٢-٥: گیرەکەکانی ناکردن: ........ 81
بەشی سێیەم: ........ 84
گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ 84
٣-١: گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردیدا ........ 84
٣-١-١: پێشگرە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردیدا ........ 84
٣-١-١-١: چەند تایبەتمەندییەکی پێشگرەکان ........ 104
٣-١-٢: پاشگرە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردیدا ........ 107
٣-١-٣: پێشگر و پاشگرەکان بەیەکەوە: ........ 112
٣-٢: گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی فارسیدا ........ 117
٣-٢-١: پێشگرە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی فارسیدا ........ 117
٣-٢-٢: پاشگرە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی فارسیدا ........ 128
٣-٣: بەراوردی گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا ........ 129
٣-٣-١: هاوبەشی و جیاوازی نێوان زمانی کوردی و فارسی ........ 129
٣-٣-١-١: هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و فارسی ........ 129
٣-٣-١-١-١: پێشگرە فەرهەنگییەکانی کار: ........ 129

٣-٣-١-١-٢: پاشگرە فەرهەنگییەکانی کار:......................................................................................131
٣-٣-١-٢: جیاوازی نێوان زمانی کوردی و فارسی ..............................................................................131
٣-٣-١-٢-١: پێشگرە فەرهەنگییەکانی کار:....................................................................................131
٣-٣-١-٢-٢: پاشگرە فەرهەنگییەکانی کار:....................................................................................132
ئەنجام:....................................................................................................................................136
سەرچاوەکان: ............................................................................................................................138

## پوختە

ئەم نامەیە بە ناونیشانی(گیرەکە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردی(کرمانجی ناوەڕاست) و فارسیدا)یە، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری وەسفی شیکارییە، لە نێوان هەردوو زمانی کوردی(کرمانجی ناوەڕاست) و زمانی فارسیدا. هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و چالاکی گیرەکە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکان و کاریگەرییان لە دروستبوونی وشەی نوێ، لە بەشە ئاخاوتنەکاندا. بەتایبەت بەشە ئاخاوتنی کار وەک دانەیەکی سەرەکیی زمان، کە ڕۆڵی گەورە دەبینێت بۆ جیاکردنەوەی وشە و کەرەسەی زمانەکان لە یەکتر. ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە سێ بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم: بە ناونیشانی(گیرەک و کار، لێکدانەوەیەکی تیۆری)یە، بە شێوەیەکی تیۆری گیرەک لەرووی چەمک و زاراوەوە و چەند پێناسەیەک خراونەتەڕوو. هەروەها پەیوەندی گیرەک لەگەڵ نووسەک. دواتر بە وێنە گیرەک نیشاندراوە. هەروەها بەشە ئاخاوتنی کار و بەشەکانی خراوەتەڕوو. بەشی دووەم: لەژێر ناونیشانی(گیرەکە ڕێزمانییەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا)یە، کە هەریەک لە گیرەکەکانی(کات، دەمکات، نادیاری، تێپەڕاندن، ناکردن) لە هەردوو زمانەکەدا وەرگیراون لەگەڵ خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی نێوانیان. بەشی سێیەم: بە ناونیشانی(گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا)یە، کە پێشگر و پاشگرەکان بەپێی گرنگی و چالاکی، لەهەردوو زمانی کوردی و فارسیدا بە هەمان شێوەی بەشی دووەم نیشان دراون. پێش کۆتایی، بە چەند خاڵێک ئەنجامەکان خراونەتەڕوو، دواتر سەرچاوە بەکارهاتووەکان ڕێکخراون، هەروەها باسەکە بە هەر چوار زمانی(کوردی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی) خراوەتەڕوو.



وشە سەرەکییەکان: گیرەک، نووسەک، کار، فەرهەنگی، ڕێزمانی، پێشگر، پاشگر.

# ÖZET

*Fiillerin Kürtçe ve Farsça'da Aldığı Ekler* adlı bu tez, Kürtçe ve Farsça'da fiillerin dilbilim ve sözlük bilim kurallarına gore aldığı ekleri karşılaştırmayı amaçlayan mukayeseli bir araştırmadır.

Dilin temel birimi olan fiilin dilbilim ve sözlük bilim kuralları çerçevesinde aldığı eklerin, dile ve dildeki yeni kelimelerin oluşum süreçlerine etkisi, bu konuyu çalışmamızın esas nedenini teşkil etmektedir. Araştırmamız, giriş ve üç bölümden meydana gelmektedir. "Ekler ve fiil: Teorik Çerçeve" adlı birinci bölümde muhtelif yönlerden "ekler" tartışılmış ve ıstalahi manaları ele alınmıştır.

Bu bağlamda ek çeşitleri, fiillerin diksiyonu ve kısımları ayrıntılı biçimde ele alınarak incelenmiştir. "Fillerin Kürtçe ve Farsça'da Aldığı Ekler" adlı ikinci bölümde Kürtçe ve Farsça'daki fillerin; zaman, mekan, belirlilik, belirsizlik, olumluluk, olumsuzluk gibi açılardan aldığı ekler mukayese edilmiş, ortak ve farklı yönleri tesbit edilmiştir. "Sözlükbilime Göre Kürtçe ve Farsça'da Fiile Getirilen Ekler" isimli üçüncü bölümde ise Kürtçe ve Farsça'daki fiillere yapılan ekler sözlükbilim bağlamında mukayeseli bir biçimde incelenmiştir. Sonuç bölümünde ise tezde ele alınan konularla ilgili bazı değerlendirmeler yapılmış ve tez sonucunda elede edilen bulgulara yer verilmiştir.

**Anahtar Kelimeler:** Ek, Fiil, Dilbilim, Sözlükbilim, Önek, Sonek.

# مختصر

این نامه با نام و نشان (وند قواعدی و فرهنگیه کار در دستور زبان کردی(کرمانجی ناوەراست) و فارسی )است، تحقیقی مقایسه ی توصیفی تجزیه و تحلیلی است مابین هر دو زبان کردی (کرمانجی ناوەراست) و زبان فارسی. انتخاب کردن این مطلب بر میگرده به الزامی بودن  وند در دستور زبان و فرهنگها و تاثیر ان در بوجود امدن کلمه نو، در قسمت  گفت و گو مخصوصا قسمت گفت و گوی کاری مثل نمونه ی اثاثی زبان، که نقش اصلی را ایفا می کند برای جدا کردن کلمه و ابزار از یکدیگر.  وندها در هر دو زبان کردی و فارسی کلمه نو می سازند که نزدیکی زیادی در بینشان هست، هم در وندهای دستور زبان و هم در وندهای فرهنگی.  در وندهای دستوری در چهار چوب  سینتاکس  کار می کنند و ارتباط ما بین سینتاکسها و کلمه ها را بیان می کنند. اما وندهای فرهنگی مثل پیشوند و پسوند به کلمه می پیوندند و نمیتوان مرزی برایشان گذاشت . بدون شک با وجود نقطه مشترک در بینشان چند نقطه ی متفاوت این دو زبان را از یکدیگر جدا می کند، که  در این  تحقیق اینها  به وضوح توضیح داده شوده اند.  در کل از سه قسمت تشکیل شده اند ،در قسمت اول در مورد وند و کار توضیح داده و اجزایش را مشخص شده اند، در قسمت دوم در چند مرحله در مورد وند در دستور زبان کار صحبت (بحث) کرده شوده  در هر دو زبان کردی و فارسی همراه نقطه اشتراک و تفاوتهای ما بینشان.  بعدا در قسمت سوم در مورد وندهای فرهنگی کار بحث کرده شوده  در این دو زبان همراه اشتراک و تفاوتهای مابینشان. این به غیر از مقدمه قبل از اتمام در چند نقطه سرانجام ها پیش رو قرار گرفته اند، بعدا فهرستهای به کار برده شده ردیف شدند همچنین بحث به پنج زبان (کردی، ترکی، فارسی، عربی و انگلیسی ) پیش رو قرار گرفته اند.

کلمه های اثاثی: (وند، واژه بستها، کار، فرهنگی ، دستوری یا قواعدی، پیشوند، پسوند).

# ABSTRACT

This paper is an attempt to study “Verb’s Grammatical and Lexical Affixes in Kurdish and Persian”. The paper is comparative, descriptive, and analytic between Central Kurdish and Persian. The reason for choosing the topic is the important role that the grammatical and the lexical Affixes play and their productivity in forming new words in terms of parts of speech, especially with the verb, which is very crucial in making distinctions between languages. Affixes in both languages constitute new words, which are very close to each other. Grammatical affixes, which are a close group, work in syntax framework and they determine the syntactic relations between words. Lexical affixes are attached in the form of prefixes and suffixes, and we cannot limit them. In addition to some similarities between the two languages, there exist some differences which are shown in the present paper. The paper consists of three chapters: Chapter one is devoted to discuss the affix and verb and their parts are shown. In chapter two, grammatical affixes are dealt with in both languages with reference to the common as well as different points in the two languages. In chapter three, lexical affixes are observed in both languages with differences and similarities. The paper ends with some conclusions arrived at throughout the study. Furthermore, the abstract of the work is presented in Kurdish, Turkish, Persian, Arabic, and English.

**Key Words:** Affixes, Clitics, Verb, Lexical, Grammatical, Prefix, Suffix.

# الملخص

الزيادة القواعدية في اللغة الكردية والفارسية تصوغ الكلمات الجديدة حيث تجد تقاربا كثيرا بينهما، سواء في الزوائد القواعدية والمعجمية، الزيادة اللغوية تعمل في اطار (بناء الجملة) وتظهر العلاقة التركيبية بين الكلمات حيث هي مجموعة مغلقة أما الزوائد المعجمية بشكليها السابقة والملاحقة تلحق بالكلمة ولا يمكن وضع الحدود لها، لا شك بأنه مع وجودالنقاط المشتركة بين اللغتين إلا أن هناك فوارق تميز بينهما حيث تم عرض هذا الأمر بشكل واضح في هذا البحث.

يتكون هذاالبحث بشكل عام من ثلاثة فصول ، ففي الفصل الاول تم عرض موضوع الزيادة والفعل وأقسامهما، وفي الفصل الثاني تم بيان الزوائد اللغوية في اللغتين الكردية والفارسية،مع ذكر النقاط المشتركة والمختلفة بينهما، وثم في الفصل الثالث تم بيان الزوائد المعجمية للفعل في اللغتين الكردية والفارسية مع ذكر النقاط المشتركة والمختلفة بينهما، هذا ماعدا المقدمة، وقبل نهاية البحث تم عرض النتائج في عدة نقاط ثم نظمت المصادر المستعملة، وكذالك عرض ملخص البحث باللغات ( الكردية، التركية، الفارسية، العربية، الانجليزية ).

الكلمات الرئيسية: الزيادة، الكلمة المقيدة، الفعل، المعجمي، القواعدية، السابقة، اللاحقة.

# هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوە | واتاکەی |
|---|---|
| ((...)) | دەقی وەرگیراو وەکو خۆی |
| (...) | دەقی وەرگیراو بە دەسکارییەوە |
| /-   / | پێشگر |
| /   -/ | پاشگر |
| /  -  / | ناوگر |
| ← | دەبێتە |
| + | کۆ |
| = | هاوتا و یەکسانە |
| ... | هی تر |
| Ø | مۆرفیمی سفر |
| * | نارێزمانی |
| م.ب | مۆرفیمی بەند |
| گ | گیرەک |
| گ. ن | گیرەکی ناکردن |
| ل | لاپەڕە |
| P | Page |
| ص | صفحە، الصفحة |
| چ | چاپ |
| ژ | ژمارە |
| و | وەرگێڕان |
| هـ. ش | هیجری شەمسی |

## لیستی زاراوەکان

| کوردی | فارسی | ئینگلیزی |
|---|---|---|
| بەشە ئاخاوتن | اقسام کلمه | Parts Of Speech |
| پاشگر | پسوند | Suffix |
| پێشگر | پیشوند | Perfix |
| ---------- | درون وند | Transfix |
| ڕەگ- بنکە | ریشه | Base |
| گیرەک | وند | Affix |
| گیرەکی لاگر | پیراوند | Circum fixes |
| ناوبەند | ---------- | Transfix |
| ناوگر | میانوند | Infix |
| نووسەک | واژەبستها | Clitics |
| هێز | ستریس / قوت | Stress |

# پێشەکی

## ناونیشانی نامەکە:

ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( **گیرەکە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکانی کار، لە زمانی کوردی و فارسیدا** )یە، بە گشتی مەبەستی سەرەکی نامەکە دەرخستنی گیرەکەکانە لە بواری ڕێزمانی و فەرهەنگی و بەراوردکردنی ئەو گیرەکانە لەگەڵ یەکتری، لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا، بە شیکردنەوەی نمونەی وشە و ڕستە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هەریەک لە گیرەکە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکان، گرنگییەکی بەرچاو و باڵایان هەیە لە دروستبوونی وشەی نوێ و واتادار، کە دەچنە سەر هەندێ لە بەشە ئاخاوتنەکان، ئێمە لێرەدا کارمان وەرگرتووە، بێگومان ئەمیش یەکێکە لە بەشە ئاخاوتنە گرنگ و سەرەکییەکانی زمان، کە هیچ ڕستەیەک بەبێ کار نابێت و واتای تەواو نادات بەدەستەوە، ئەمە جگە لەو نزیکییەی کە لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا هەیە، هەم لەڕووی زمان و هەمیش لەڕووی جوگرافییەوە، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بوون.

## کەرەستە و سەرچاوە بەکارهاتووەکان:

لە نووسینی ئەم نامەیەدا، کە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە، کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بەگشتی و شێوەزاری سلێمانی بەتایبەتی، بۆ کوردی و زمانی ستاندارد بۆ فارسی، بەکارهاتووە، کە نمونە کوردییەکان زیاتر

زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک  و لە فەرهەنگەکان دەرهێنراون و نمونە فارسییەکانیش زۆربەیان لە سەرچاوە فارسییەکان و فەرهەنگە فارسییەکان وەرگیراون، سەرچاوەکانیش بە زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی و عەرەبی تورکی بە ڕیزبەندی وەرگیراون، ئەو سەرچاوانەی کە زیاتر پشتمان پێ بەستن و سودمان لێیان وەرگرت، چەند سەرچاوەیەکی ئەوڕەحمانی حاجی مارف و ڕێزمانی کوردی عەبدولواحید موشیر دزەیی، هەروەها توانای مۆڕفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا کە نووسینی شێروان حوسێن حەمەدە، لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تر.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەی توێژینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی بەراوردکاری وەسفی، پەیڕەو کراوە، کە تیایدا توانا و چالاکی گیرەکەکان بە ڕێزمانی و فەرهەنگییەوە، بە نمونە و داتای هەردوو زمانی قسەکردنی ئێستای کوردی و فارسی خراوەتەڕوو، واتا شیکردنەوەیەکی وەسفی بەراوردکاری لەنێوان گیرەکەکانی ئەو دوو زمانە پەیڕەو کراوە.

## گرفتی نامەکە:

یەکەم گرفت لەم نامەیەدا نەبوونی زمانێکی ستاندارد و یەکگرتووە، کە بەهۆی ئەمەوە چەندین  ڕای جیاواز هەیە لەسەر گیرەک و چۆنیەتی درووستبوونی وشەکان، هەروەها بوونی چەندان شێوەزار، کە نەمانتوانی هەموویان شیبکەینەوە و وەریان بگرین، ئەمە جگە لە جیاوازی ڕاوبۆچوونی پسپۆڕانی زمان، کە سەرچاوەکان جیاوازییەکی زۆریان هەیە سەبارەت بە گیرەک و و ناساندنیان لەڕووی بوون و نەبوونیانەوە.

## گرنگیی و بایەخی توێژینەوەکە:

گرنگی کار وەک دانەیەکی سەرەکی زمان، کە بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن و گیرەکە رێزمانی و فەرهەنگییەکانی کار، کە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە بۆ جیاکردنەوەی وشە و کەرەسەی زمانەکان لەیەکتر، گرنگی و بایەخی توێژینەوەکەیە، هەروەها دیاریکردنی هاوبەشی و جیاوازی گیرەکەکان لە زمانی کوردی و فارسیدا، وەکو ئاسانکارییەک و هۆکارێک بۆ جیاکردنەوەی چەند لایەنێکی نێوان ئەم دوو زمانە و زانینی یەکسانی نێوانیان لەم ڕووەوە، ببێتە ڕێگەیەکیش بۆ فێربوونی زمانەکە، کە بەراورد کردن و بەرامبەری هۆکارێکی گرنگن بۆ زیاتر شارەزا بوون لە زمان.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کرۆک و پوختەی باسەکە بە هەر چوار زمانی کوردی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی، لە سێ بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: بە ناونیشانی(گیرەک و کار، لێکدانەوەیەکی تیۆری)یە، بە شێوەیەکی تیۆری گیرەک لەرووی چەمک و زاراوەوە و چەند پێناسەیەکی دیار و گرنگ خراونەتەڕوو. هەروەها پەیوەندی گیرەک لەگەڵ نووسەک باسکراوە و دیارترین ئەو سیمایانەی کە نووسەکی پێ لە گیرەک جیا دەکرێتەوە. دواتر بە وێنە گیرەک لەناو جۆرەکانی مۆرفیمی بەند، جۆرەکانی گیرەک هەم لەڕووی چەمک و واتاوە و هەم لەڕووی دەرکەوتنەوە نیشاندراوە، جگە لە باسکردنی چەند جۆرێک لە گیرەک، کە کەمتر باسیان لێوە کراوە. لە تەوەرەیەکی تر بەشە ئاخاوتنی کار لەڕووی چەمک و زاراوەوە لەگەڵ چەند پێناسەیەک، هەروەها کار لەناو پۆلەکانی وشەدا دیاریکراوە و بەشەکانی خراوەتەڕوو.

بەشی دووەم: لەژێر ناونیشانی(گیرەکە ڕێزمانییەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا)یە، کە هەریەک لە گیرەکەکانی(کات، دەمکات، نادیاری، تێپەڕاندن، ناکردن) لە هەردوو زمانەکەدا وەرگیراون و خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی نێوانیان بە ڕوونی خراونەتەڕوو.

بەشی سێیەم: بە ناونیشانی(گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا)یە، کە پێشگر و پاشگرەکان بەپێی گرنگی و چالاکی، لەهەردوو زمانی کوردی و فارسیدا باسکراون، هەروەها بەهەمان شێوەی بەشی دووەم، خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان نیشان دراون.

## بەشی یەکەم

## گیرەک و کار، لێکدانەوەیەکی تیۆری

### ١-١: گیرەک:

یەکێک لە باسە گرنگەکانی زمانناسی، شێوەکانی وشەسازییە لە زماندا، بێگومان هەر زمانێک بە چەند ڕێگەیەکی دیاریکراو لەم شێوانە دەتوانێت وشەی نوێی پێ دروست بکرێت، یەکێک لەم شێوازانەی وشەسازیش لە زماندا ،کە وشە دروست بکات (گیرەک)ەکانن، کە بەهۆی یەکێک لەو گیرەکانە و لکانیان بە وشەوە وشەی نوێ و ڕێزمانی دروست دەبێت، کە لێرەدا بە شێوەیەکی فراوان باسی گیرەکەکان دەکەین :

### ١-٢: گیرەک چەمک و زاراوە:

لە ڕوی چەمک و زاراوەوە، لیکۆڵەر و زمانناسان بە شێوەیەکی گشتی پێیان وایە، ((گیرەک (Affix). (اللاصقه)، لە وشەی (Affixus)ی لاتینیەوە وەرگیراوە. بە مانای (گیر، چەسپاو، لکاو، نووساو،...) دێت))[1].

کەواتە زاراوەی گیرەک لە کوردیدا بەرامبەر (Affixe)ی زمانی ئینگلیزی بەکارهاتووە، کە ئەو پێشگر و ناوگر و پاشگرانە دەگرێتەوە کە بەسترابن بە مۆرفیمێک، واتە سەرتاپای گیرەکەکان مۆرفیمی بەنرخن، کەواتە بە شێوەیەکی گشتی گیرەکەکان بەشێکن لە مۆرفیمی بەند، کە بۆ دوو جۆر لە گیرەکی وشەدارێژ و گیرەکی ڕێزمانی بەپێی ئەرک و واتاکانیان دابەشکراون.[2]

---

[1] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی(کوردی،عەرەبی،ئینگلیزی)، سلێمانی، ٢٠٠٤ ز، ل ٣٣٠ .

[2] بازیان یونس محێدین، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکسەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٨ ز، ل ١٤.

بۆ نمونە: وشەی (ورد+یلە) یان (ورد+یلە+ەکە) کە لە (ورد)، (یلە)، (ەکە) پێکدێت، کە هەموویان گیرەکی بەندن، لەگەڵ ئەوەی کە ڕەگ بەشێکی سەرەکییە، بەڵام هیچ زمانێک ناتوانێت بە تەنیا بە ڕەگ مەبەستەکانی خۆی بپێکێت و مانای تەواو بەدەستەوە بدات، بۆیە زمان بۆ ئەم مەبەستە پەنا دەباتەبەر هاوکاری گیرەکەکان(Affixes)و بۆ درووستکردنی ژمارەیەکی زۆر لە وشەی پڕ ماناو پێویست سوودیان لێوەردەگرێت.

بێگومان گیرەکەکان بە چەند شێوەیەک دەردەکەون و ئەرکی خۆیان دەگێڕن، بە شێوەیەک (ئەگەر هاتوو گیرەکەکە لە سەرەتای وشە هات، واتە بە سەرەتای وشەوە بلکێ پێی دەوترێ، پێشگر(Perfix)، ئەگەر لە ناوەڕاستی وشەدا هات پێی دەوترێ، ناوگر(Infix)، ئەگەر لە کۆتایی وشەشدا هات پێی دەوترێ پاشگر(Suffix)، ئەگەر دوو وشە یان وشەیەک و گیرەکێک یان زیاتر پێکەوە گرێ بدات پێی دەوترێ ناوبەند(Interfix). )[1]

**پێناسەی گیرەک:**

لە زمانی کوردیدا چەمکی گیرەک بە شێوازی جیا جیا پێناسەی بۆکراوە و لێکۆڵەر و پسپۆڕانی زمان، تێڕوانینی جیاوازیان هەبووە سەبارەت بەم چەمکە، ئێمەش لێرەدا بە پێی گرنگی چەند دانەیەکیان دەخەینەڕوو :

دەگووترێت گیرەک((یەکێکە لە جۆرەکانی مۆڕفیمی بەند، کە بە تەنیا و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکار نایەت، ئەوبەشەشی کە گیرەکی پێوەدەلکێ، پێی دەوترێ(بنکە).))[2]

لێرەدا نووسەر گیرەکی بە یەکێک لە جۆرەکانی مۆرفیمی بەند هەژمار کردووە و دەستەواژەیەکی گونجاوی بۆ ئەو بەشە هەڵبژاردووە، کە گیرەکی

[1] فاضل عومەر، گیرەکێن زمانێ کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥ ز، ل٦.

[2]عاتفە سادات میر سعیدی، وندافزایی درزبان فارسی، وند بنیاد یاپایە بنیاد، مجلە زبانشناسی وگویش های خراسان، دانشگاه فردوسی مشهد علمی- پژوهش، شمارە پیاپی٢، ١٣٩١ هـ. ش، ص٦.

پێوە دەلکێ، ئەویش(بنکە)یە چونکە بنکە بەشێکی سەرەکی وشەکەیە، کە بە یارمەتی گیرەکەکە وشەیەکی تازە و واتادار و ڕێزمانی بوونیاد دەنێت.

بۆچوونێکی دیکە لە چوارچێوەی هەبوونی واتای ڕێزمانی تەماشای گیرەک دەکات و پێی وایە((بەسەرپاکی ئەوسێ زاراوەیە، واتە(پێشگر و پاشگر و نیشانە) دەوترێ(گیرەک- Affix)، ئەفێکس : ئەو مۆرفیمەیە، کە واتای ڕێزمانی هەیە.))[1]

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم ڕوانینەوە سەیری گیرەک بکەین، دەبینین کە دابەشکردن بۆ گیرەک کراوە، نووسەر دووبارە بەبێ ئاماژەدان بە فەرهەنگی و ڕێزمانی، بەڵکو تیشکی خستۆتەسەر جۆرەکانی گیرەک و جگە لەمەش پێناسەیەکی کورتی بۆ کردووە، کە ئەویشی بە خاوەن ئەرکێکی ڕێزمانی لێکیداوەتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی بوونی واتای ڕێزمانی.

هەرچی لیژنەی کۆڕی زانیارییە، وایدەبینێت، کە((ئەفێکس، ئەو وشە بەستراوەیە، کە لەگەڵ وشەیەکی تر بە سەربەخۆیی یان بەستراو وشەیەکی نوێ پێکدەهێنن، هەریەکەشیان دەبێتە پێکهێنەری وشە تازەکە و بە جێگیری (چەسپاو) دەردەکەوێت.))[2]

لێرەشدا ئەوە بەدی دەکرێت کە هەمان دەستەواژە لاتینییەکە بەکارهێنراوە لەبری گیرەک، بەهەمان شێوەی ئەوانی تر، ئەوەشی دڵنیا کردۆتەوە کە بەتەنها ناتوانێ واتای تەواو بدات بە دەستەوە و پێویستی بە هاوکاری بەشەکانی تری وشە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بە بەشێکی پێویستی وشەکەی داناوە.

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە و ڕۆنان لە زمانی کوردی دا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،١٩٧٧ ز،ل٥٣.

[2] کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١١ ز، ل٣٩٢.

لەلایەکی تر دەگووترێت: گیرەک((هەموو ئەو فۆڕمە زیادانە دەگرێتەوە، کە بە پێشەوە و دواوەوەی بنکەوە دەلکێت، ئەرکیان هەیە و پۆل دروست دەکەن.))[1]

ئەوەی لەم ناساندنەدا بەدی دەکرێت، شیکردنەوەیەکی وردی گیرەکە بەگشتی بەبێ جیاکردنەوەی ڕێزمانی و فەرهەنگی، هەروەها ئاماژەدان بە ئەرکیان و ئیشکردنیان لە پۆلی جیاوازدا.

## ١-٣: پەیوەندی گیرەک و نووسەک :

هەر یەکێک لە گیرەک و نووسەک، بەشێکی گرینگ و سەرەکی مۆرفیمی بەندن و هەر یەکەیان ئەرک و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە ڕۆڵی خۆیان دەبینن لەناو زماندا، لەگەڵ ئەوەش کە لە چەند لایەکەوە وەکو یەکن و تا ڕادەیەک لەیەک جیا کردنەوەیان ورد بوونەوەی پێویستە، بەڵام چەند جیاوازییەکیش لە نێوانیان بەدی دەکرێت، کە دەگونجێت بەهۆی ئەم جیاوازیانەوە لە ڕووی چۆنیەتی و شوێن و دەرکەوتنیان لە یەکتری جیا بکرێنەوە.

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا بەشێوەیەکی گشتی گیرەکەکان بۆ گێڕانی ئەرکێکی فەرهەنگی (داڕشتنی وشەی نوێ)، یان ئەرکێکی ڕێزمانی دەچنە سەر پێکهاتەی بنجی وشە و ڕەگی کار، بەم پێیە گیرەک لە زماندا بە تەنها بایەخی نییە، بەڵکو کە دەچێتە سەر وشە دەتوانێ دەوری دروستکردنی وشە ببینێت و واتا ببەخشێ.

لەبارەی(نووسەک)ەوە دەگونجێ بڵێین:((زاراوەیەکە لە زمانەوانیدا بەکاردێت، بۆ ئاماژەکردن بە فۆڕمێک، کە لە وشە دەچێت، بەڵام ناتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ پشت بەخۆی ببەستێت.))[1]

---

[1] عبدالواحید موشیر دزەیی، ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤ ز، ل٥٣.

لەم ناساندنەدا زاراوەی نووسەکی بە شێوەیەک ئاماژە پێکردووە، کە لە وشە دەچێت، واتە لە ڕووی فۆڕمەوە وەکو وشە دەری خستووە، بەڵام لە ناوەڕۆک و واتادا ناتوانێت بە تەنیاو بە شێوەیەکی سەربەخۆ واتا بگەیەنێت و پشت بە وشە دەبەستێت، کە لە پاڵی دێت و لەگەڵ ئەو واتا و ئەرکی تەواوی دەبێت.

هەروەها دەگووترێت: نووسەک((ئەو بەشەیە، کە دەدرێتە پاڵ وشە و پێکەوە دەردەبڕدرێن، بەڵام لە ڕوانگەی سینتاکتیکیەوە بەجیا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.))[2]

لێرەدا ئاماژە بەوە کراوە کە وشە و نووسەک لەپاڵ یەکتر دێن، بەڵام هەریەکە و بەشێوەیەکی جیا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

لە لایەکی تر دەگووترێت: ((ڕاناوە لکاوەکان و هەندێ گیرەکە ڕێزمانییەکان دەگرێتەوە، وەک: م،ت،ن،....هتد.))[3]

کەواتە لێرەدا هەندێ لە گیرەکە ڕێزمانییەکان بەتایبەت ڕاناوە لکاوەکان، بە نووسەک ناوبراون و هەڵە دەبێت گەر پێیان بووترێت گیرەک.

نووسەک هەروەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، کە نووساوە بە خودی وشەکەوە، لەگەڵ و لەپاڵ وشەکە بەیەکەوە دێن و بە هاوبەشی وشەیەکی واتادار و ڕێزمانی دروست دەکەن، بەڵام نابێ ئەوە لەیادبکرێت، کە لەڕووی سینتاکتیکییەوە هەریەکەیان ڕۆڵی خۆی هەیە و بە جیا باسیان لێوە دەکرێت.

بەم پێیە بێت، ڕاناوە لکاوەکان هەموویان نووسەکن و شارەزا و لێکۆڵەرانی زمان، نووسەکیان بە بەشێک یاخود بە وشەیەکی گرینگ هەژمار

---

Crystal David, Adidionery, Black well publishing, United Kingdom, 2003, p402. [1]

Trask, R.L, Language and linguistics, Canada, 2008, p38. [2]

[3] ) عبدالواحید موشیر دزەیی، ڕێزمانی کوردی، ل٥٤.

کردووە، بەڵام ئاماژەشیان بەوە داوە کە بەتەنها و بەبێ یارمەتی بەشەکانی تری وشە ناتوانێت مانای خۆی بگەیەنێت، یاخود ئەرکەکەی، چونکە بە هاوکاری کەرەستەکانی تری وشە دەتوانێت بە دانەیەکی گرینگ دابنرێت و ئەرکەکەی تەواو بکات.

کەواتە نووسەک لە هەندێ تایبەتمەندیدا لە وشە دەچێت، چونکە دەتوانێت ئەرکی جیاواز لە ڕستەدا ببینێت، بۆ نمونە :

- پێنووسەکەم بردەوە. م(بکەرە).
- بردمی بۆ لادێ. م(بەرکارە).
- ڕۆژنامەکەی پێدام. م(تەواوکەرە).

لەم ڕستانەدا (م) کە جێناوی لکاوە و دەبێتە (نووسەک)، توانیویەتی ئەرکی جیاواز لەم ڕستانەدا ببینێت. ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی وشە، هەروەها نووسەک لە هەندێ تایبەتمەندیدا لە مۆڕفیمی بەند دەچێت، چونکە ناتوانێت بە شێوای سەربەخۆ بەکار بهێنرێت و واتای تەواو ببەخشێت.[1]

بێگومان گیرەک و نووسەک چەند هاوبەشیەکیان هەیە پێویستە لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکەین:

١- هەردوکیان بەشێکن لە مۆرفیمی بەند و بە بەشێک لە دانەکانی مۆرفۆلۆژی هەژمار دەکرێن.

٢- هەر یەکێکیان دەتوانن ئەرکی ڕێزمانی ببینن و توانای گۆڕینی وشەیان هەیە.

٣- هەردوکیان پێویستیان بە بنکە دەبێت، بەڵام بنکەی گیرەک نەگۆڕە و ناتوانێت لێی جیا بێتەوە، هەرچی بنکەی نووسەکە دەشێت بگۆڕێت.

[1] شادان حەمە ئەمین محەمەد، پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆڕفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٦ ز، ل١٣.

١-٣-١: دیارترین ئەو سیمایانەی کە نووسەکی پێ لە گیرەک جیادەکرێتەوە بریتین لە:

١- دیارترین هۆکاری جیاکردنەوەیان بریتییە لە ((جووڵە، چونکە گیرەکەکان هەمیشە دەچنە سەر مۆرفیمی بنکە، بەڵام نووسەک دەتوانێت بە گرێ یان هەر کەرتێکی تری ڕستەوە بلکێت))[1]، وەکو:

- وردیلەکەم : ورد (م.بنکە)
یلە (گیرەک)
کە (نووسەک)
م (نووسەک)

٢- سیمایەکی تری جیاکەرەوە ئەوەیە کە نووسەک بە شێوەیەکی گشتی خاوەنی دوو مۆرفیمە یان زیاتر، وەک جێناوە سەربەخۆ و لکاوەکان، کە سەربەخۆکە بۆ جەختکردن و بەراوردکردن بەکاردێت، بە پێچەوانەوە گیرەکەکان زیاتر یەک شێوەیان هەیە، بۆ نمونە:

- ئێمە هاتین، ئەوان نایەن.

هەروەها گیرەکی (نەناسیاوی) دوو فۆڕمی هەیە(ێک،ێ)[2]، (ەکە) چەندین فۆڕمی هەیە، وەکو:

- کارێک
- کارێ
- کارەکە
- بەرخۆلەکە

[1] محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، بەشی ڕوناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦ ز، ل٣٢.

[2] عبدالواحید موشیر دزەیی، ڕێزمانی کوردی، ل٥٩.

کەواتە زاراوەی نووسەک لە زمانی کوردیدا بەرامبەر هەریەک لە زاراوەی(Clitics)ی ئینگلیزی و(واژەبستهای)فارسی دەوەستێت و بەهەمان شێوەی گیرەک جۆرێکە لە مۆرفیمی بەند و خاوەنی سیما و ئەرکی خۆیەتی، کە بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانە لە گیرەک جیا دەکرێتەوە، بە جۆرێک نووسەکەکان بەو فۆڕمانەوە دەنووسێن، کە نووسەک یان گیرەکیان پێوەیە و بە شێوەی سەربەخۆ دەرناکەون، هەمێشە بە وشەی پێش و دوای خۆیان دەلکێن، کە دیارتین نووسەکەکانی زمانی کوردی ئەمانەن :

- جێناوە لکاوەکان.(م- مان،ت- تان،ی- یان،....).
- نیشانەی ناسیاوی /- ەکە/ وئەلۆ مۆڕفەکانی.[1]

لەمەوە دەردەکەوێت کە، نووسەک و گیرەک هەریەکەیان ئەرک و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و گرینگن، هەروەها وشەکان پەنایان بۆ دەبەن بۆ ئەوەی ئەرکە ڕێزمانیەکە و واتایە ناتەواوەکەیان پێ تەواو بکەن و وشەی نوێ و واتادار بێننە ناو زمانەوە و زمانێکی پوخت و بێ کەمو کوڕی بەکار بهێنرێت.

## ١-٤: دیاریکردنی گیرەک لەناو جۆرەکانی مۆرفیمی بەند:

مۆرفیمە بەندەکان ناتوانن بەتەنیا و بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەربکەون و واتا ببەخشن، بەڵکو ((دەچنە سەر وشە و ڕۆنانی وشەی نوێ و واتای نوێ پێکدەهێنن، یەکێک لەتایبەتمەندیەی هەرە سەرەکیەکانی ئەم بەشە ئەوەیە کە بەتەنها دەرناکەون و لەفەرهەنگدا شوێنیان نییە و لەڕێگەی ڕیزبونیان لەگەڵ مۆرفیمی تردا دەکرێ دەربکەون یان بخرێنە ڕوو)).[2]


---

[1] بازیان یونس محێدین، پەیوەندی ئاستی مۆڕفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکسەوە، ل٢٦.
[2] شەهاب تەیب، لەوێستگەکانی وشەسازی کوردی، گۆڤاری زمانناسی، بەشی دووەم، ژ.١٤،هەولێر، ٢٠١٢ ز، ل١٩٦.

بەم پێیە بێت، گیرەکەکان ڕۆڵی گرینگ و کاریگەریان هەیە لە دروستکردنی وشەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ، بەهۆی ئەمانەوە وشە دەمرێ و وشەی نوێ لەدایک دەبێ، بەهۆی بەکارهێنان و نەهێنان و بە گوێرەی پێویستی زمان یاخود ئەرکی ڕێزمانی دەبینن، چونکە ئەم مۆرفیمانە (( دەبن بەدوو جۆرەوە، کەهەندێکیان ئەرکی ڕێزمانی دەگەیەنن و هەندێکی تریان بەپێی ئەو واتایەی هەڵیانگرتووە وشەی نوێ سازدەکەن، لەهەردوو جۆرەکەیاندا خاڵی هاوبەشی ئەوەیە کەلەبەکارهێنانادا سەربەخۆن.))[1] ئەوەی لێرەدا خراوەتە ڕوو، مەبەست لە دەرخستن و ئاماژەدانە بە هەردوو جۆری فەرهەنگی و ڕێزمانی.

کەواتە گیرەک جۆرێکە لە مۆرفیمی بەند، بۆ ئەوەی گیرەک لەنێو جۆرەکانی مۆرفیمی بەند بەوردی دیاری بکەین و ڕوونی بکەینەوە، لێرەدا پۆلێنکردنێک دەخەینە ڕوو، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

[1] شێروان حوسێن حمد، تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لەزمانی کوردیدا ، چاپخانەی دیلان، سلێمانی، ٢٠١١ ز ، ل١١٦.




وێنەی ژمارە (١) پۆلێنکردنی مۆرفیم و جێگەی گیرەک تیایدا[1].

ئەگەر لەم پۆلێنە بڕوانین دەبینین، کە (گیرەک) بەشێکە لە مۆرفیم و جۆرێکە لە جۆرەکانی مۆرفیمی بەند لەگەڵ (بنکە) و (نووسەک)، جێگەی تایبەتی خۆی هەیە و گرینگی و ڕۆڵی تەواوی وەک دانەیەکی زمانی هەیە، جگە لەمەش گیرەک دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر، ئەمانیش: ڕێزمانی و فەرهەنگین، کە بەهۆی (پێشگر و پاشگر و ناوگر،..) ئەرکی خۆیان دەگێڕن، دەکرێت بڵێین تایبەتمەندی هەرە دیاری ئەم جۆرە گیرەکانە ئەوەیە، کە بە بەشێک لەبەشەکانی مۆرفیم دادەنرێن، هەرکاتێک بە ڕەگ و بنکە و وشەی ترەوە بلکێن، زۆر بەدەگمەن جێگەی خۆیان دەگۆڕن تەنها چەند مۆرفیمێکی ئەرکی نەبێت، دەشێ گیرەک لەتاکە فۆنیمێک پێکهاتبێت وەک هەندێ جێناو،

[1] شێروان حوسێن حمد، تواناى مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و فارسی، نامەی دکتۆرا)، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤ ز، ل٣٦.

کەلەناو فەرهەنگدا بە تەنها و بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەرناکەون بەڵکو لەگەڵ مۆرفیمە سەربەخۆکان بەکاردەهێنرێن و واتا دەبەخشن، بۆنمونە:

- کورد + / ستان / (گ. بەند) ⟵ کوردستان
- خوێند + / ەوار / (گ.بەند) ⟵ خوێندەوار
- / نا / (گ.بەند) + بین + / ا / (گ.بەند) ⟵ نابینا
- بردن + /-ەوە / (گ.بەند) ⟵ بردنەوە
- / هەڵ -/ (گ.بەند)+ کەوتن ⟵ هەڵکەوتن

لەم ڕستانەی سەرەوەدا هەریەک لە (ستان، ەوار، (نا،ا)، ەوە، هەڵ)، گیرەکی بەندن و ئەرکی ڕێزمانی و فەرهەنگییان هەیە و بە تەنها هیچ واتاو ئەرکێکیان نییە، بەڵکو بوونەتە هۆی دروستبوونی وشەی نوێ و گۆڕینی وشە بنەڕەتیەکە.

## ١-٥: ڕێگەکانی پۆلێنکردنی گیرەک

گیرەک بەهەمان شێوەی بابەت و لایەنەکانی تری ڕێزمان یاخود هەر بابەتێکی تر چەندین جۆری هەیە، زۆرێک لە دابەشکردنی بەخۆیەوە بینیوە هەر زمانەوانە و بە ڕێگەیەک پۆلێنی کردوە، بەلام ئێمە هەوڵ دەدەین باشترینیان بخەینە ڕوو:

### ١-٥-١: لە ڕووی چەمک و واتاوە

#### ١-٥-١-١: گیرەکی فەرهەنگی:

بەشێکی گرینگ و سەرەکی گیرەکەکانە و((ئەرکی وشە دارِشتنی هەیە، بەم واتایەی کە توانای دارِشتنی وشەی نوێیان هەیە و ژمارەیان لە ژمارەی گیرەکی ڕێزمانی یان گیرەکی گەردانکردن زیاترە، لێرەدا مەرج نییە لەگەڵ هەموو وشەکانی پۆلێک بەکار بهێنرێن، شوێنی ئەم گیرەکانە چەسپاو نییە،

دەكرێت لە پێش یاخود لە دوای وشەی سادە بلكێن))[1]، لەم نمونانەدا ئەمە بەدی دەكرێت:

- /- گەر/ ⟵ ئاسنگەر، مسگەر.

- /- ناک/ ⟵ خەمناک، ترسناک.

- / - ەوار/ ⟵ كۆڵەوار، شوێنەوار.

- /- گە/ ⟵ شەتڵگە، نەمامگە.

- / - بار/ ⟵ خەمبار.

گیرەكە فەرهەنگییەكان بە چەند تایبەتمەندییەک دەناسرێنەوە، بۆیە پێویستە لێرەدا ئەو تایبەتمەندییانە بخەینە ڕوو:

١- گیرەكە فەرهەنگییەكان كە لە پیشگر و پاشگرەكان پێكدێن، وشە دادەرێژن و هەندێ كات پۆل دەگۆڕن، و ئاشنایەتیان لەگەڵ ڕەگ زیاترە، بۆ نمونە:

- كچ(ناو)+ /- انە/ (م.بەند) ⟵ كچانە(هاوەڵكار).

پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بكەین كە، مەرج نییە هەموو كاتێكیش پۆلی وشە بگۆڕن، واتە هەندێ وشەی نوێ دروست دەكەن بە بێ ئەوەی بەشە ئاخاوتنەكە گۆڕانی بەسەردا بێت، بۆ نمونە:

- كورد(ناو)+ /- ستان/ (م.بەند) ⟵ كوردستان(ناو).

٢- هەروەها ئەم جۆرە گیرەكانە (وشە لۆک ناكەن، بەڵكو بە ئاسانی گیرەكی تر وەردەگرن، دەچنە ناو پێكهاتەی وشەوە و دەبنە بەشێک لە وشەكە و وشەیەكی فەرهەنگی نوێ دێننە ناو زمانەوە و وەک یەكەیەكی زمانەوانی

[1] یوسف شەریف سەعید، وشەسازی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣ ز، ل١٠.

هەژمار دەکرێن)[1]، کەواتە(( ئەم مۆرفیمانە لە ئاستی وشەسازیدا دەوریان هەیە))[2]، بە شێوەیەک کە کار لەسەر وشەکان دەکەن، ئەمە بەو واتایەی، کە(( هەر کاتێک ئەم گیرەکانە، بچنە سەر بنکەیەک، یان ڕەگێک، واتاکەی دەگۆڕن و لەم ڕووەشەوە دەبن بە بەشێک لە وشەکە و پێکەوە یەک چەمک پیشان دەدەن))[3]، بۆ نمونە:

- کورد + /- ستان/ = کوردستان
+ /- ەواری/ = کوردەواری
+ /- ی/ = کوردی
+ /- انە/ = کوردانە.

کەواتە گیرەکە فەرهەنگییەکان، بەشداری ڕۆنانی واتایی دەکەن.

٣- بێگومان(( هەر گیرەکێکی وشە داڕێژ، پێویستە لە نمونەیەک زیاتر لە وشەیەک درووست بکات، ئەگەر وا نەبێت بە گیرەکی وشەداڕێژ دانانرێت))[4]، کەواتە تایبەتمەندیەکی گرینگی تری گیرەکە فەرهەنگییەکان ئەوەیە کە، تەنیا گیرەکێک دەتوانێت چەندین وشەی تازە درووست بکات.

٤- تایبەتمەندیەکی تری هەرە دیاری ئەم گیرەکانە ئەوەیە کە، ژمارەیان یەکجار زۆرە لە زماندا و سنورێکی دیاریکراویان نییە و بەردەوام لە گۆڕان و زیاد بووندان.

---

[1] ڕەفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١ ز، ل٨٧.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

[3] شێروان حسێن حمد، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسدا، ٢٠١٤ ز، ل٣٨.

[4] ڕەفیق شوانی، وشەسازی زمانی کوردی، ل٩٠.

## ١-٥-١-٢: گیرەکی ڕێزمانی:

گیرەکە ڕێزمانییەکان بەهەمان شێوەی گیرەکی فەرهەنگی جۆرێکن لە مۆرفیمی بەند، بەڵام((لە چوارچێوەی سینتاکسیدا کار دەکەن و پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان وشەکان دەردەبڕن، بێجگە لە زمانە دابڕاوەکان، هەموو زمانەکانی دیکە، وەک (نوساو)، ئەرکی تێکچڕژاو و ناوگرییەکان، ئەم جۆرە گیرەکە بۆ پەیوەندییە سینتاکسییەکان بەکار دەهێنن.))[1]

ئەم جۆرە گیرەکەش چەند سیمایەکی تایبەت و جیاکەرەوە لەخۆ دەگرێت، کە ئێمە لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:

١- گیرەکە ڕێزمانییەکان بە پێچەوانەی گیرەکە فەرهەنگییەکان، ئەرکی ڕێزمانییان هەیە، وەک:

(ناساندن و تێپەڕاندن و کۆ و تاک،......)، کە پۆل نەگۆڕن واتە بخرێنە سەر وشەی تر پۆلەکەی ناگۆڕن، زۆر جار هێز (Stress) وەرناگرن، هەندێک جاریش وەردەگرن، بۆ نموونە:

- هاتن(کار) ⟵ هاتنەکە(کار)
- شکان(کار) ⟵ شکاندن(کار)

٢- هەروەها ئەم جۆرە گیرەکانە، ((ناوێزەییان کەمە، بۆ نموونە(تر، ترین)، دەچنە سەر هەمو ئاوەلناوێکی سادە. ))[2]، بۆ نموونە:

- سادە+ (تر،ترین)= سادەتر، سادەترین.
- باش+ (تر، ترین)= باش، باشترین.

---

[1] حەیدەر حاجی خدر، تایبەتمەندیە مۆرفۆلۆژیەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلێنی میرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٠ ز، ل٥٢.

[2] عەبدولواحید موشیر دزەیی، ڕێزمانی کوردی، ل٥٢.

- جوان+ (تر،ترین)= جوانتر، جوانترین.

٣- گیرەکە ڕێزمانییەکان، بوونێکی ناچاری(خورتەکی)یان هەیە، واتە ئەم مۆرفیمانە دەبنە پێویستی ناچاری، بە جۆرێک کە هیچ ڕستەیەک نییە مۆرفیمێکی ڕێزمانی تێدا نەبێت و کاریگەریان لەسەر وشەکانی تریش دەبێت، بۆ نمونە مۆرفیمی (تاک یان کۆ)، کە تایبەتن بە (ناو)، کاریگەری لەسەر فۆرمی کارەکەش دەبێت، خۆ ئەگەر ئەم کاریگەری و هێزەش بە شێوەیەکی دروست بەکار نەهێنرێت، ئەوا ناڕێزمانی دروست دەبێت، ئەمەش لە بواری سینتاکسدا بە ڕێککەوتن ناسراوە، ئەم چشنە کاریگەرییە لە مۆرفیمە فەرهەنگییەکاندا نابینرێت[1]، بۆ نمونە:

- منداڵەکان خواردن دەخۆن. – منداڵێک خواردن دەخوات.
* منداڵەکان خواردن دەخوات. - منداڵێک خواردن دەخۆن.

لێرەدا هەریەکە لە ڕستەکانی (خوێندکاران یاری دەکات، خوێندکارێک یاری دەکەن.)، دوو ڕستەی ناڕێزمانی و هەڵەن، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانێکی هەڵەی مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی(تاک و کۆ).

### ١-٥-٢: لە ڕووی دەرکەوتن:

لە ڕووی شوێنی دەرکەوتنی گیرەکەکانەوە واتە (( هەردوو جۆرەکەی مۆرفیمی بەند بوو بە دوو شێوەی سەرەکی دەردەکەون کە ئەوانیش(پێشگر و پاشگرن)، لە هەندێ زمانیشدا، ناوگر و چەند جۆرێکی تر باس دەکرێن، بەڵام ئەم دابەشبوونە لە هەموو زمانێکدا وەکو یەک نییە، بۆ نمونە لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی تەنیا بە شێوەی پاشگر دەردەکەوێت،

[1] شێروان حوسێن حمد، توانای مۆرفیمی بەند، ل٤٠-٤٢.

بەڵام لە زمانی کوردی و فارسیدا، هەردوو جۆرەکەی هەیەم وەکو : نەرێ ساز بە شێوەی پێشگرو نادیاری بە شێوەی پێشگر، هەروەها مەسەلەی ناوگر لە هەندێ زماندا زۆر بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، وەکو زمانی ئینگلیزی، بەڵام لە زمانی کوردی و فارسیدا، بیر و بۆچوونی جیاواز و دژ یەکی لەسەرە.)) [1]

ئێمەش لێرەدا بەم شێوەیە پۆلێنیان دەکەین و ڕای چەند پسپۆڕێکی زمان وەردەگرین:

### ١-٥-٢-١: پێشگر:

ئەم جۆرەیان دانەیەکی گرینگی گیرەکە لەڕووی دەرکەوتنەوە، (( گیرەکێکە یان زیاتر، کە بە پێشی وشەوە یان رەگەوە دەلکێن و مانایەکی تر و مۆرفیمێکی تر بە وشەکە دەبەخشێت و دەبێتە هۆی دارِشتنی وشەیەکی نوێ))[2]، بەشێوەیەکی گشتی (پێشگر، هەر بە ناوەکەیدا دەردەکەوێت کە بە سەرەتای بناغەوە دەلکێت و ئەرکێک بەجێدەهێنێت، وەکو نیشانەی: بەردەوام، داخوازی و ڕانەبردوو، ...)[3]، بۆ نمونە:

- هیوا دەڕوات بۆ زانکۆ.
- هیوا بڕۆ بۆ زانکۆ.

لێرەدا هەریەکە لە ( / دە-/، / ب-/ ) گیرەکی ڕێزمانین، لە شێوەی( پێشگر ).

هەروەها پێشگرەکان دەکەونە پێش (ڕەگ) و وشەی نوێ و واتای تازە بنیات دەنێن، ئەمەش بە مەرجێک زمانی نەبن، بەڵکو فەرهەنگی بن، بۆ نمونە:

- / دا- / ⟵ داهێنان.
- / بە- / ⟵ بەهێز.

[1] شێروان حوسێن حمد، توانای مۆرفیمی بەند، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.
[2] فاضل عومەر، گیرەکێن زمانێ کوردی، ل٨.
[3] شادان حەمەئەمین محەممەد، پەیوەندییە واتاییەکان، ل١٠.

- / بێ- /  ←――――  بێ هێز.

- / نا- /  ←――――  نابینا.

- / نە- /  ←――――  نەخۆر.

- / لێ- /  ←――――  لێدان.

- / هەڵ- /  ←――――  هەڵماڵین.

- / ڕا- /  ←――――  ڕاچڵەکین.

بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی پێشگرەکان لە پاشگرەکان کەمترە، چونکە زۆربەی ئەرکە ڕێزمانییەکان بە پاشگر دروست دەکرێن.

### ١-٥-٢-٢: ناوگر:

ئاشکرایە بوون یان نەبوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا کێشەیەکە جێی گرینگی پێدانی زۆری زماناسانی کوردە، بەڵام زۆربەیان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە قسەکردن وگەڕان لەو ئاقارە ئەنجامێکی ئەوتۆ و نوێی نییە و نابێت و وەکو حەشارگەیەکی زمان ناویان هێناوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک هەوڵ و کۆشش و بیر و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە بوونی ( ناوگر) دەربڕیوە و چەندین لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بەمە ئەنجام داوە و دواتر بۆچوونەکانیان پشتڕاست کراونەتەوە، ئەوەی کە ئەرکی زمانەوانانی کوردی قورس کردوە و تا ڕادەیەکیش بەرەو ئاقارێکی بێ هیوایی بردوون، لە بوونی ناوگر لە زمانی کوردیدا، کارکردن لەسەر یاسا ڕێزمانییەکان لەو زمانەدا کە ناوگریان هەیە، لە سنوری ئەو یاسایانە کە مامەڵە لەگەڵ ڕەگی کار و وشەو بەشەکانی تر کراوە[1]، مەسعود محەمەد دەڵێت:((من لەم نووسینەدا باسی ناوگری کوردی، وەک حەشارگەیەکی ڕێزمان

---

[1] سەرباز مەجید خۆشناو، ناوگر لە زمانی کوردیدا، ، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٣ ز، ل١٨.

دەخەمە بەر چاوی زماننانسانی کوردەوە بۆ ئەوەی لێی ورد ببنەوە و بە دوای ڕاستی پرسیارەکە بگەڕێین بەڵکو بەلایەکدا بخەن، چ بە بوون چ بە نەبوون)) [1]، لە لایەکی ترەوە، بە ڕای دکتۆر شێرکۆ بابان: (( ناوگر هەمیشە بۆ ئەوە پەیدا دەبێت، کە خانەی بەرایی پڕ بکاتەوە))[2]، هەرچۆن بێت ئەمیش ئەرکی خۆی هەیە و بۆشاییەکی پێویست پڕ دەکاتەوە، بە شێوەیەکی گشتی و بەڕای زۆربەی زمانەوانان(( ناوگر لە زمانی کوردیدا بوونی نییە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەو نمونانەیە کە خستویانەتە ڕوو بە هەڵەیان زانیوە کە بە ناوگر هەژمار بکرێن، بۆ نمونە ئەگەر هەندێک لە زماننناسان پێیان وابووبێت کە(- ە) لەم وشانەدا ناوگرە: (مانگ- ە- شەو)، (بەرد- ە - باز)، یان (سەر- تا- سەر)، ........، و چەندین نمونەی تر لەم شێوەیە مانای ئەوە نییە کە ئەمانە ناوگری کوردین))[3]، بە شێوەیەکی گشتی هەندێک لە پسپۆڕانی زمان، پێیان وایە ناوگر هەیە و هەندێ کات بەکاردەهێنرێت و پێویستە و بەڕای زۆربەی پسپۆڕانی تریش ئەم جۆرە نییە و بەهەڵە ئەم ناوەی بۆ دانراوە، بەڵکو لە زماندا شوێنی نییە، کەواتە تا ئێستاش گومانی لەسەرەو پرسیار لەسەر بوون و نەبوونی(ناوگر) دەکرێت و بە ڕاشکاوانە لە زمانی کوردیدا بڕیار نەدراوە و یەکلایی نەبۆتەوە کە ئایا ناوگر بوونی هەیە یان نا.

بەڕای ئێمە ناگونجێت بڵێین ناوگر بەهیچ جۆرێک نییە و زیادەیەکە، یاخود بەهەڵە هاتۆتە ناو زمانەکەمانەوە، بێگومان ئەگەر زۆر دەگمەنیش بێت ئەوا چەند بۆشاییەک لە زماندا پڕ دەکاتەوە، کە پێویستە و ئەگەر ناوگرەکە لابەین وشەیەکی بێ واتا دەمێنێتەوە، خودی وشەکەش بەهۆی ئەو ناوگرەوە پەیدا بووە و بەکار دەهێنرێت، بۆ نمونە:

[1] مەسعود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦ ز، ل٨٣.
[2] شێرکۆ بابان، دەنگسازی و بڕگەسازی لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولیر، ٢٠٠٥ ز، ل١٨٩.
[3] سەرباز خۆشناو، ناوگر لە زمانی کوردی دا، ل١٦.

- بوار
- تنۆک
- تەون
- ڕێژ
- ڕیس

ئەگەر بێتو لەم نمونانە بڕوانین دەبینین، کە هەریەکەیان لە ڕەگی کارێک وەرگیراون و بەهۆی ناوگرەوە وشەیەکی تریان لێ بەرهەم هاتووە، بۆ نمونە وشەی (بوار)، لە چاوگی (بورین، بوردن)ەوە هاتووە و بەهۆی ناوگری (/-ا-/) درووستبووە، وەکو پێشگر و پاشگر بەشداری لە ڕۆنانی وشەی تازەدا دەکات، بۆ نمونە:

- ڕێبوار
- ڕابواردن
- بواردن

هەروەها وشەی (تنۆک) لە (تکان، تک)ەوە هاتووە و ناوگری (ۆک) وشەی تازەی لێ درووست کردووە، وشەی (تەون) لە (تەنین، تەن) پەیدا بووە و ناوگری (و)ی بۆ زیاد کراوە، هەروەها (ڕێژ) بە هاوکاری ناوگری(ێ)و (ڕیس) بەهاوکاری ناوگری(ی)، درووستبووە[1] و چەند نمونەی تریشمان هەیە کە پسپۆڕان وەکو ناوگر باسیان کردووە، کەواتە دەکرێ بڵێین ناوگر هاتۆتە ناو زمانەوە بۆ پڕکردنەوەی چەند کەلێنێکی کەم لە زمانەکە و درووستبوونی چەند وشەیەکی نوێ لەناو زمان کە پێویستن، بەڵام بە ڕێژەیەکی یەکجار کەم.

---

[1] سەرباز مەجید خۆشناو، ناوگر لە زمانی کوردیدا، ل ٣٢-٤٠.

### ١-٥-٢-٣: پاشگر:

جۆرێکی تری گیرەکەکانە و بە پێچەوانەی پێشگرەکان بە کۆتایی بناغەوە دەلکێن، کە وشەی نوێ ساز دەکەن ئەمە جگە لەوەی پاشگرەکان ژمارەیان لە پێشگرەکان زیاترە، پاشگرە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیش بە بەراورد بە پاشگرە ڕێزمانیەکان زۆر چالاکترن لە سازکردنی وشەی نوێ، لەم ڕووەشەوە (ناوی دارێژراو)، بەزۆری بە یارمەتی ئەم جۆرە پاشگرە پێکدێت.[1]

دەکرێ بڵێین، بەشێوەیەکی گشتی هەردوو چەشنی گیرەکی فەرهەنگی و ڕێزمانی، هەروەها نووسەکەکانیش لە زمانی کوردی و فارسیدا بەشێوەی پاشگر دەردەکەون، بە نمونە پاشگری ناوی(گەر، ەوار، ۆچکە، ی، ایی- ایەتی،....)، پاشگرەکانی کاریش وەکو(اندن، ەوە، را- رێ،...):

- مسگەر، شوێنەوار، ماڵۆچکە، جوانی، ئازایەتی، .....
- شکاندن، گەڕانەوە، بردرا، دەشۆرێت،....

هەروەها (- ندە)، لە زمانی فارسیدا دیارترین گیرەکە و کاریگەری لە هەموان زیاترە، بۆ نمونە:

- ران+ /- ندە/ ⟵ رانندە.
- گوی+ /- ندە/⟵ گویندە.[2]

---

[1] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، وشەو ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، ڕێکخستن و پێداچوونەوەی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، بڵاوکراوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤ ز، ل١١٧.

[2] محمد مهدی و واحدی لنگرودی_ مهدی قادری، ساخت موضوع کلمات مشتق در زبان فارسی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی زبان، ساخت اول، شماره اول، ١٣٨٩ هـ . ش، ص٦٥.

### ۱-٥-۳: چەند جۆرێکی تری گیرەک:

چەند جۆرێکی تری گیرەک بوونیان هەیە کە دەچنە سەر وشە و کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام زۆر بە کەمی باسیان لێوە کراوە و گرنگیان پێنەدراوە، بۆیە ئێمەش بە پێویستمان زانی بە جیا باسیان بکەین و بە پێی گرنگی جۆرەکەی چەند دانەیەکیان بخەینە ڕوو، کە ئەمانیش بریتین لە:

#### ۱-٥-۳-۱: گیرەکی لاگر ( پیراوند ) circum fixes :

ئەم گیرەکە جۆرێکە لە جۆرەکانی گیرەک، کە((مەبەست لەو گیرەکانەیە بە پێش و دواوەی وشەوە دەنووسێن و هەندێ جاریش بە مۆرفیمی پچڕاو یان پچڕ پچڕ ناو دەبرێن)) [1]، کەواتە بە دوو شێوە و لەیەک کاتدا ئەم ئەرکە دەبینن، واتە پێشگر و پاشگرێک بە وشەیەکەوە بلکێن و ئەرکی واتایی و ڕێزمانیان هەبێت، بەم پێیە بێت ئەم گیرەکە بەهەمان شێوەی گیرەکەکانی تر((بە شێوەیەکی سەربەست دەرناکەوێت و بەتەنیا واتا نابەخشێت، بەڵکو بە جۆرەکانی تری مۆرفیم(ڕەگ، بناغە)وە بەندە و لەگەڵ ئەوان بەکاردەهێنرێت)) [2]، بۆ نمونە:

- نە(پێشگر)+ بوون + ی(پاشگر) = نەبوونی
- پێ(پێشگر)+ هەستان + ەوە(پاشگر)= پێهەستانەوە
- نا(پێشگر)+ بین + ا(پاشگر)= نابینا

بە شێوەیەکی گشتی ئەم گیرەکە لە زمانی کوردیدا بەوە ناسراو، کە((بەکارهێنانی پێشگرێک و پاشگرێک لەیەک وشەدا، پێی دەوترێت کۆنفێکس، واتە ڕەگێک یان بنکەیەک پێشگر و پاشگر پێکەوە وەربگرێت)) [3]،

---

[1] شێروان حسێن حمد، توانای مۆرفیمی بەند، ل٤٧.

[2] محەمەد عومەر عەول، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی داڕشتن و ئەرکەوە- لە کرمانجی خوارووددا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ۲۰۰۱ ز، ل٨.

[3] شێروان حسێن حمد، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسدا، ل٤٨.

کەواتە مەرجە دوو گیرەک لەیەک وشەدا دەربکەون، بەڵام بە شێوەی پێشگر و پاشگر بێن و وشەیەکی نوێ و واتادار بێننە ئاراوە، بۆ ئەوەی بە گیرەکی لاگر هەژمار بکرێن.

### ١-٥-٣-٢: گیرەکی لێکدەر:

ئەم گیرەکە، دەنگێکە یان مۆرفیمێکە زیاتر لە دوو وشە یان وشەیەک و گیرەکێک، یان زیاتر پێکەوە دەبەستێت، بۆ نموونە:

- /- بە/: دەربەدەر
- /- ان/: سەرانسەر
- /- ە/: زەنگەزەنگ
- /- و/: شێر و ژن- سۆر و گوڵ [1]

لێرەدا هەریەک لە گیرەکەکانی( /- بە-/، /- ان-/، /- ە/، /- و-/ )، گیرەکی لێکدەرن و دوو وشەیان بەیەکەوە گرێ داوە، لە ئەنجامدا وشەیەکی لێکدراو بە واتایەکی نوێوە درووست بووە.

کەواتە گیرەکە لێکدراوەکان دەکەونە نێوان دوو مۆرفیمی سەربەخۆ و وشەیەکی تازە لەو دوو مۆرفیمە ساز دەکەن، کە زیاتر بە (ئامراز) ناو دەبرێن، دەکرێ هەندێ کاتیش بە مۆرفیمی سفر دەرکەون، وەکو:

- سۆر و گوڵ ⟵ سۆر Ø گوڵ.

ئەمە یەکێکە لەو نموونانەی، کە گیرەکە لێکدەرەکە وەکو گیرەکێکی سفر دەرکەوتووە، واتە خۆی لە بنەڕەتدا بوونی هەیە، بەڵام لە دەربڕیندا بە جۆرێکی تر دەردەبڕدرێت، ڕەنگە ئەمە بەهۆی ئاسانتر دەربڕینی وشەکەوە بێت یاخود زۆر پێویست نەبێت ئەم(و)ە بەکار بهێنرێت و ئەگەر نەشگوترێت ئەوا کەسی بەرامبەر لە مەبەستەکە تێدەگات و بەپێی شوێنیش ئەم حاڵەتە

[1] فاضل عومەر، گیرەکێن زمانێ کوردی، ل١٠.

دەگۆڕێت، واتە ئەمانەش هەموویان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر یاوازی تەواو لە نێوانیان بەدی دەکرێت.

### ١-٥-٣-٣: دروون وند (Transfix) :

ئەم جۆرە گیرەکە لە زمانی کوردیدا بەدی ناکرێت و نییە، بەڵام لە زمانی فارسیدا زۆر بە دەگمەن دەبینرێت، بە شێوەیەکی گشتی، ئەم جۆرە گیرەکە (گیرەکێکی بزوێنییە، کە لەناو ڕەگێکی نەبزوێن دەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی لە دوو بەش پێکدێت و دەکەوێتە ناوەوە، بۆ نمونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| Rsm | رسم | Rosum | رسوم |
| Drs | درس | Dorus | دروس |
| Rmz | رمز | Romus | رموز |
| Sdr | صدر | Sodur | صدور |

هەر یەکێک لەم وشە عەرەبیانە بەهۆی فۆنیمەکانی (/o/، /u/)، لە تاکەوە بوونەتە کۆ[1]، کە لە زمانی عەرەبیدا بە تێکشکاو ئاماژەی پێدراوە، چونکە وشەکە دەتوێتەوە و گیرەکەکە دەچێتە ناو دەرون و ناوەندی وشەکەوە، بەڵام((وشە نوێیەکە بەتەواوی لە فۆڕمە بنەڕەتییەکەی دادەبڕێ، واتا وشە

---

[1] شێروان حسێن حمد، توانای مۆرفیمی بەند، ل٤٩.

تاکەکەی سەرەتا بە فۆڕمێکی نوێوە دەردەکەوێت و دەبێتە کۆ))[1] و ئەرک و واتایەکی تریش دەبەخشێت، کەواتە ئەم جۆرە گیرەکە لە زمانی کوردیدا نییە، ئەگەر لە زمانی فارسیشدا بوونی هەبێت ئەوا لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانەکەوە، بەهۆی ئەم جۆرە گیرەکەوە لە تاکەوە کراونەتە کۆ، بێگومان ئەمەش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بەدی دەکرێت.

## ١-٦: کار :

کار((بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتنی زمانی کوردی، کەرەستەیەکی سەرەکییە لەناو ڕستەدا، ڕستە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش (بکەر وکار)ن))[2]، کەواتە ڕستە لە زمانی کوردی دا پێی ناوترێت ڕستە و لەڕووی ئەرک و واتاوە ناتەواو دەبێت، ئەگەر بێتو کارێک بوونی نەبێ، کە ڕوودان و کاتی تێدا بەرجەستەیە.

## ١-٧: کار، چەمک و زاراوە:

سەبارەت بە ناسینەوەی کار و نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی زمانەوانی، زمانەوانان تا ئێستا چەندین پێناسەی جۆراو جۆریان بۆ کار کردووە، لێرەدا گرنگترینیان دەخەینە ڕوو:

دەگووترێت: کار(( ڕەگەزی سەرەکی دووەمە لە ڕستەی کرداریدا، کە ڕستە پشتی پێ دەبەستێ، هەروەها مانای ڕووداوەکە دەخاتە پاڵ بکەر لە کاتێکی

[1] دیریزە سقال، الصرف و علم الاصوات، مطبعة دار الصداقة العربیة، الطبعة الاولی، بیروت، ١٩٩٦ ز، ص٨٣.
[2] ئەحمەد حەسەن، ڕێزمانی کوردی( بە کوردی و عەرەبی)، چاپخانەی دارالجاحظ، ١٩٧٦ ز، ل١٠٩.

دیاریکراودا، بە شێوەیەک ئەو ڕۆڵەی کار دەیبینێت لە پێکهاتەی ڕستەکەدا بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ناو بەتەنها ناتوانێت واتای ڕستە تەواو بکات))[1].

لیژنەی زمان و زانستەکان، بەم شێوەیە پێناسەی کاریان خستۆتەڕوو: ((کار وشەیەکە ڕوودان و کاتی تێدایە، وەک: خواردی، دادەبەزێ، ڕاوەستە...))[2].

بێگومان ئەگەر ڕودانێک نەبێت، یاخود کاتی ڕوودانەکەش دیاری نەکرابێت، ئەوا بە کار هەژمار ناکرێت، کەواتە کار بریتییە لە دەرخستنی کات و ڕوودانێک.

هەروەها تۆفیق وەهبی لە دەستووری زمانی کوردیدا دەڵێت:(( کەلیمەیەکە، کار و حاڵی کەسێ یان شتێک لە دەمێکدا باس دەکات، وەک (ئەخوا، دانیشتووە،)..))[3].

لەم ناساندنە دەردەکەوێت، کە کار بۆ گەیاندنی هەواڵ و بارودۆخێکە، لە کاتێکی دیاری کراودا، هەر بەمەش ڕستەکە تەواو واتادار دەبێت و کەسی بەرامبەر بەهۆی کارەکەوە بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە چی ڕوویداوە و لە چ کاتێکدا ئەم کارە ئەنجام دراوە، یاخود ئەنجام نەدراوە.

کار (( بریتییە لەو کەرەستە سەرەکییەی ڕستە، کە سەرەی گرێ کارییە و ڕوودان و کاتی تێدایە.))[4]

---

[1] ا لطيفة ابراهيم النجار، دور البنية الصرفية فی وصف الظاهرة النحوية و تقعيدها، دارالبشير، الطبعة الاولی، الاردن، ١٩٩٤ز، ص١٦١.

[2] لیژنەی زمان و زانستەکان، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦ ز،ل٩٤.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

[4] خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، بەرکار لە زمانی کوردی دا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨ ز، ل٤٦.

لێرەدا کار، وەکو کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستە ئاماژەی پێکراوە و وەک بەشێکی گرینگ باسی لێوە کراوە، و بەهۆی ئەوەی کە کات ڕوودان و کاتی تێدایە کەواتە تەواوکەری واتایی و ڕێزمانی ڕستەکەیە، بۆیە مەرجە لەناو هەر ڕستەیەکدا بوونی هەبێت.

هەروەها دەگووترێت:((ئەو وشانەی، کە باس لە ئەنجامی کارێک، حاڵەتێک یان چلۆنایەتییەک لە کاتێکی( ڕابردوو، ئێستا، داهاتو) دا دەکەن.)) [1]

ئەم پێناسەیە زیاتر ئاماژەیە بۆ کارەکە لەکاتی خۆیدا، واتە حاڵەتەکە چۆن ڕوویداوە بەڵام لەکاتی(ڕابردوو یاخود ڕانەبردوو) بووە، ئەمەش بۆ ڕوونکردنەوەی کاتی ڕوودانی کارەکە.

لە دەستووری زمانی فارسی بۆ پۆلی یەکەمی قوتابخانە ناوەندییەکان، دەڵێت: ((فعل وشەیەکە، دەلالەت لەسەر کردنی کارێک یان ڕووداوێک یان بوونی حاڵەتێک، کە لە زمانی ڕابردوو یان ئێستا یان ئایندەدا بێت، وەک: دەچم، دێم،...))[2]

نووسەر لەمەشیاندا کاری وەکو وشەیەک نیشان داوە، کە ڕووداوێک و بارودۆخێک دەخاتەڕوو لە کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، واتە هەرسێ کاتەکە لە ڕێگەی نووسینی چۆنیەتی کارەکەوە دەستنیشان دەکرێن و بە شێوەیەک دەردەبڕدرێت کە کەسی بەرامبەر لە کاتی ڕوودانی کارەکە دڵنیا بێت، کە نموونەی تەنیا بۆ کاتەکانی ئێستا و ڕانەبردوو خستۆتەڕوو.

---

[1] ئەحمەد کاکە مەمی، گوڵبەهار، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٣ ز، ل١٤٢.
[2] نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپی دووەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢ ز، ل٣٥.

هەروەها نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو دەڵێت: ((بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە ڕوودەدات و کاتی تێدایە، مەبەست لە ڕووداوەکە ئەوەیە کە شتێک ڕووی دابێت یان ئەنجام درابێت، مەبەستیش لە کات، ئەوا کاتی ڕابردوو وە ڕانەبردوو دەگرێتەوە.))[1]

ئاشکرایە کە کار بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، لەم پێناسەیەشدا نووسەر ئاماژە بەو ڕاستیە دەکات و ڕوودان و کاتی وەک لایەنێکی سەرەکی کار داناوە، زیاتر مەبەستی پێ لە ئەنجامدانی کارەکەیە لە کاتەکانی(ڕابردوو، ڕانەبردوو)دا.

کەواتە لەم ناساندنانەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە کار کردەوەیەک لەلایەن کەسێک یان گیاندارێک لە کاتێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدات و سێ تایبەتمەندی دیاری هەیە، ئەمانیش بریتین لە:

١- کار(واتە ڕووداوەکە).
٢- کات(کاتی ڕوودانی کارەکە).
٣- کەس و ژمارە( جێناوەکان).

[1] نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی،چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤ ز، ل ٨١.

**- کار لە ڕووی چەمکەوە:**

چەمکی ڕوودان لە لایەن کارەکەوە دەردەبڕدرێت و چەند دانەیەک ئەم بارو دۆخە درووست دەکەن بێ ئەوەی لە یەکتری داببڕێن، کە بە((کاتەکانی مۆرفۆلۆژی گشتی ناودەبرێت و مۆرفیمە وشە گۆڕەکان دەیاننوێنن، کە بریتین لە:

( تاف، دۆخ، شێوە، ڕێژە، گەردانی کار ).

واتە: هەموو ئەو مۆرفیمە وشە گۆڕانەی کە لە ڕووی فۆڕمەوە جۆری کار جیادەکەنەوە لە ڕووی کاتی دیاریکراوی ڕوودانی کارەکە و داڕشتنی کارەکە بە هۆی پاشگرەکانەوە، وەک (- دە)ی ئەسپێکت و هەروەها دیاریکردنی ڕووکارەکان(ڕێژە، ڕابردوو، داهاتوو، سادە، تەواو، بەردەوام، مەرجی و خۆزگەیی و گەردان کردنی کار)، واتە گۆڕینی ڕەگەزەکانی کەس و ژمارە لە ڕێی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکان و مۆرفیمە وشە گۆڕەکانەوە ڕوودەدات، کە لەگەڵ ڕاناوەکان ڕێکدەکەون.))[1]، بۆ نمونە:

- فرۆشت
- دەت فرۆشت
- فرۆشتبووت
- بت فرۆشتایە

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بگوترێ، کار ئەو چەمکەیە لە ڕستەدا کە کاری (بکەر) ڕادەگەیەنێت، بۆ کاتەکانی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، وەک:

- هیوا چوو بۆ زانکۆ.
- هیوا لە زانکۆیە.

---

[1] یارا قادر محەمەد، مۆرفۆسینتاکس لە زاری کۆیە، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨ ز، ل٣٢.

- هیوا دەچێت بۆ زانکۆ.

بێگومان ئەم ڕستانە لە چەند وشەیەک پێکهاتوون، بەڵام ئەوەی کە باسی لێوە دەکرێت و گرینگە و هەواڵەکەی لە بارەوە ڕادەگەیەنرێت، بکەرەکەیە کە وشەی (هیوا)یە، ئەو وشەیەی کە ئەم کارە گرینگە ڕادەگەیەنێت و پێمان دەڵێت هیوا چی دەکات و کەی ئەو کارە ئەنجام دەدات کارەکەیە، کە وشەی(چوون)ە، ئەمیش بە سێ شێوە دەرکەوتووە بۆ کاتەکانی(ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو):

- چوو (ڕابردوو).
- ە (ئێستا).
- دەچێت (ڕانەبردوو).

هەرچەند لە کاری ئێستای(ە)، بڕوانرێت هیچ واتایەک بەدی ناکرێت، بەڵکو تەنها وەکو بزوێنێکی کورت دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەرکێکی گرینگی هەیە، کە کاتی ئێستا دیاری دەکات، هەڵبەتە بە یاریدەی تەواوکەرێک، لەم ڕوانگەیەوە کار لەڕووی هێزەوە جیا دەکرێتەوە، بەم شێوەیە:

١- کاری بەهێز.

٢- کاری بێ هێز.[1]

کاری بەهێز، بە بێ هاوکاری تەواوکەرێک کە بە کارەکەوە بلکێت دەتوانێت واتای تەواو بدات بەدەستەوە، هەروەک لە ڕستەکانی(هیوا چوو بۆ زانکۆ، هیوا دەچێت بۆ زانکۆ) ئەمە بەدی دەکرێت، بەڵام کاری بێ هێز بە بێ یارمەتی تەواوکەر ناتوانێ ئەرک و مەبەستی خۆی بگەیەنێت کە پێی

[1] نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، ل٥٠.

دەگوترێت(تەواوکەری کاری ناتەواو)، بەگشتی کاری ناتەواو لە چاووگی(بوون)ەو وەرگیراوە، بەم شێوەیە:

١- بوو(ڕابردوو).

٢- دەبێت(ڕانەبردوو).

٣- ە(ئێستا).

کەواتە کارە ناتەواوەکان لە زمانی کوردیدا لەم سێ دانەیە تێناپەڕن، ئەم چەمکە بە هۆی کارە تەواو و ناتەواوەکان ئەرک و مەبەستی خۆی دەگەیەنێت، کە گرینگترین لایەن ڕوودانی کارەکەیە لە ڕووی کات و چۆنیەتییەوە.

### ١-٨: دیاریکردنی کار لەناو پۆلەکانی وشەدا:

کار بەشێکی گرینگە لە بەشەکانی ئاخاوتن، کە ڕوودان و کاتی تێدایە و چەند تایبەتمەندییەک لەخۆ دەگرێت، وەک: ((حاڵەتی کەسی(یەکەم، دووەم، سێیەم)، ژمارە (تاک و کۆ)، کات (ڕابردوو: نزیک، بەردەوام، تەواو، دوور)، (ڕانەبردوو: ( ئێستا، ئایندە)، ڕێژە: (ڕاگەیاندن، دانانی، داخوازی (ئەرێنی و نەرێنی)، (تێپەڕ، تێنەپەڕ)، (کارا دیار و کارا نادیار(بزر) )، سادەیی و ناسادەیی، (داڕێژراو، لێکدراو)، (ڕەگ و قەد)،.....))[1].

گومانی تێدا نییە ئەو وشانەی کە لە زماندا بەکاردەهێنرێن و ڕستەیەکی ڕێزمانی و تەواو و واتاداریان لێ دروست دەبێت و لەلایەن قسە پێکەرانەوە بەکار دەهێنرێن هەموویان لەچەند بەشە ئاخاوتنێک پێکدێن، (ڕێزمانە تەقلیدییەکان سەرباسی خۆیان بە(جۆرەکانی وشە) یان بە گوتنێکی

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی پێنجەم(کردار)، سلێمانی، ٢٠٠٠ ز، ل ٤.

دی(بەشەکانی ئاخافتن- PARTS OF SPEECH) دەستپێدەکەن، کە ئەو دابەشکردنە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دیونی سیوس تراکس، ئەو لە ڕێزمانێکدا کە نزیکەی سەد ساڵ بەر لە زایین بۆ زمانی یۆنانی دانا، جۆرەکانی وشەی بە هەشت دانا، دوای ئەوە ڕۆمییەکان ئەو دابەشکردنەیان بەسەر زمانی لاتین دا دابەزاند و بە پێڕەوی لەوان ڕێزمان نووسەکانی ڕۆژئاوایی کە گوتەکانی لاتینیان بە جیهانی دنیاگر و کامڵ دەزانی ، ئەو دابەشکردنەیان بە هەندێک ئاڵوگۆڕی بچووک بۆ زمانەکانی خۆیان هەڵبژارد، بۆ نمونە ئەمڕۆ لەزۆربەی ڕێزمانە تەقلیدییەکانی ئینگلیزی دا جۆرەکانی وشە بە هەشت دادەنێن:




**وێنەی ژمارە(٢) پۆلێنکردنی بەشە ئاخاوتنەکان**[1]

لە دوای یۆنانییەکان زیاتر باس لە بەشەکانی ئاخاوتن کراوە و چەندین لێکۆڵینەوە و باسیان بۆ تەرخان کردووە، نموونەی ئەمانەشی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە، قوتابخانە زمانەوانیەکانی(ڕووسی، ئینگلیزی، ئەمەریکی، پراگ، جنێف،...)بوون[2]، بێگومان هەریەک لە بەشەکانی ئاخاوتن و ڕۆڵ و گرینگی خۆیان هەیە، کاریش وەک دانەیەکی سەرەکی لەم دابەشبوونە

---

[1] محمد ڕەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، و: حەسەنی قازی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، چاپ و بڵاوکردنەوەی سوید، ١٩٩٣ ز، ل٦٩-٧٠.
[2] نەریمان خۆشناو، ڕێزمانی کوردی، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی سەروو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢ ز، ل١٥.

بەرچاو دەکەوێت، کە(( مرۆڤ یەکەم جار لەبەر مەترسی ڕووداوەکان و بەرەنگار بوونەوەی سروشت بۆ بەڕێوەبردنی ژیان، کۆمەڵ و سیستمی زمانی پێکهێنا، بە دڵنیاییەوە هەریەک لەمانەش بەندن بە کاتەوە کە کاتیش لە ڕێگەی کاتەوە دەست نیشان دەکرێت و دەردەکەوێت))[1]، هەروەها پێکهاتەی ڕستەسازی زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی تر لەسەر (کار) دامەزراوەو دەسەڵاتێکی سینتاکسی واتایی هەیە و کاریگەری تەواوی بەسەر هەریەک لە وشە و بەشە ئاخاوتنەکان هەیە، بۆ نمونە: ئەگەر کارەکەمان (کۆ) بێت، ئەوا پێویستە ناو و جێناو و ئامڕازەکان یاخود هەر دانەیەکی تری وشەکان بە پێی پێویستی و وەرگرتنی ئامراز کۆ بن، بە پێچەوانەشەوە، خۆ ئەگەر کارەکە بەشێوەیەکی دروست بەکار نەهێنرێت، ئەوا هەم واتا و هەم لایەنی ڕێزمانیشی نادروست دەبێت، بۆ نمونە: ((ئەگەر ئێمە لەجیاتی کرداری(بەجێهێشت)، وشەیەکی نزیک لە واتای خۆی کە فۆڕمە ناویەکەیەتی وەکو(بەجێهێشتن) دابنێین، هێندەی پێناچێت کە وشەیەکی ناڕێزمانی و ناتەواو دەردەچێت.))[2]

بەم شێوەیە:

- ئازاد بە خێرایی ژورەکەی بەجێهێشت.

* ئازاد بە خێرایی ژورەکەی بەجێهێشتن.

کەواتە لەم ڕستانە ڕستەیەکیان هەڵەیە، ئەمیش رستەی دووەمە چونکە کارەکە کە(بەجێهێشتن)ە، هەڵە بەکارهێنراوە بەمەش بووەتە ڕستەیەکی

---

[1] رەفیق شوانی، زمانەوانی( کۆمەڵە وتارێک )، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩ ز، ل ٩١.

[2] حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندیە ڕۆنانیەکانی نواندنە سینتاکسیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩ ز، ل ٧٧.

نارێزمانی و نادروست، بەڵام ڕستەی یەکەم کارێکی دروستی تێدا بەکار هاتووە، بەمەش ڕستەیەکی ڕێزمانی و پڕ واتا درووست بووە.

لەلایەکی ترەوە دەکرێت بگوترێت، کار دەسەڵاتی فراوان و فرە ڕەهەندی هەیە (( ئەو دەسەڵاتە تەنها هەر لە پێکهاتە سینتاکسیەکەدا دەرناکەوێت، بەڵکو لە پێکهاتەی واتاییشدا دەردەکەوێت و دەسەڵاتی فرمان هەر جۆری بکەر و بەرکارناکات، بەڵکو دەسەڵاتی بەسەر جۆری بکەر و بەرکارەکانیش هەیە))[1]، بۆ نموونە:

- دەنووسێت.
- دەخوێنێت.
- دەڕوات.
- دەشوات.

ئەگەر لەم کارانە بڕوانین دەبینین کە، هەریەک لەمانە کاری(تێپەڕ)ن و لە ڕستەدا پێویستیان بە (بکەر و بەرکار) هەیە، بۆ ئەوەی واتایەکی تەواو ڕێزمانی ببەخشن، بۆ نمونە:

- دەشوات ⟵ کوڕەکە(بکەر) ئۆتۆمبێل(بەرکار) دەشوات.
- دەنووسێت ⟵ دەشنێ(بکەر) نامە(بەرکار) دەنووسێت.

کەواتە بەهۆی کارەکەوە بڕیار دەدرێت چ وشەیەک لە ڕستەکەدا هەبێت یاخود نەبێت، کە ئەگەر بە شێوەیەکی هەڵە وشەکە بەکارهات، مەبەستەکانیش هەڵە و کەم و کورتیان دەبێت و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لێک تێنەگەیشتن.

[1] سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگی(یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٨ ز، ل ٢١.

### ١-٩: کار لە ڕووی پێکهاتنەوە:

زۆربەی زمانەوانان کار لە ڕووی پێکهاتنەوە دابەش دەکەن بەسەر دوو بەشدا( کاری سادە، کاری ناسادە، کاری ناسادەش دابەشکراوەتە سەر دوو جۆر: (کاری داڕژاو، لێکدراو)) بەم شێوەیە:

### ١-٩-١: کاری سادە:

جۆرێکە لە جۆرەکانی کار لە ڕووی پێکهاتنەوە، دەکرێ بگووترێت، بەشێکی سەرەکی و گرینگی کارە، هەر لەبەر ئەمە زمانەوانان و لێکۆڵەران چەندین پێناسەیان بۆ کردووە، کە هەریەکە و بەشێوازێک ناساندوویانە ئێمەش لێرەدا چەند دانەیەکیان دەخەینەڕوو:

حەسەن ئەنوەری لە دەستووری زمانی فارسیدا بەم شێوەیە پێناسەی کاری سادە دەکات: ((کارێکە کە چاووگەکەی زیاتر لە یەک وشە نەبێت، بۆ نمونە: گرفتن، الودن، طلبیدن،....))[1].

لەم پێناسەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە نابێت چاووگ لە یەک وشە زیاتر بێت تا کارێکی سادەی لێ بەرهەم بێت، کەواتە پێویستە ئەو چاووگەی وەردەگیرێت پێویستە سادە بێت.

بە پێی لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، کاری سادە((لە تاکە یەک وشە پێکهاتوە و ناشێت کەرت بکرێت))[2].

لەم ناساندنەشدا دەردەکەوێت، کە کاری سادە تەنیا یەک وشەیە و ئەوەشیان دڵنیا کردۆتەوە کە گونجاو نییە کەرت بکرێت، بێگومان لەبەرئەوەی یەک وشەیە و بچوکتر ناکرێتەوە.

---

[1] حسن انوری، دستور زبان فارسی، چاپ اول، اصفهان، آبان ۱۳۹۰، ص ۲۱.

[2] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، ل ۱۹۳.

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو لە ڕێزمانی کوردیدا دەڵێت: کاری سادە ((بەو کارانە دەوترێت کە لە یەک وشەی واتاداری سەربەخۆ پێکدێن وەک: برد، ڕۆیشت، شکا،....)) [1]

کاری سادە هەر لە ناوەکەیەوە دیارە، کە بە تەنها و بە بێ هیچ زیادەیەک ئەرکی خۆی دەبینێت، وەکو لەم پێناسەیەی سەرەوەشدا ئاماژەی بە سەربەخۆیی ئەم جۆرە کارە کردووە بە نموونەوە.

هەروەها دەگووترێت: کاری سادە((لە یەک وشە پێکهاتووە، بە بێ هیچ زیادەیەک، وەک: گرتن، خاردن، بڕین، شردن،...))[2]

بەهەمان شێوە لێرەشدا دەگووترێت، لە یەک وشە پێکهاتووە چونکە گەر یەک وشە نەبێت لە سادەیی دەردەچێت و هیچ دانەیەک و زیادەیەکی پێوە نییە.

### ١-٩-٢: کاری نادادە:

بەشێکی تری سەرەکی کارە، کە چەندین پێناسە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بە گشتی ناساندنەکان لەیەکەوە نزیکن، ئەمانەی خوارەوە چەند دانەیەکن لەم ناساندنانە:

نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی لە ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەدین، بەم شێوەیە پێناسەیان کردوە: ((لە یاریدەی فرمانێک یەکێک یان زیاتر لە وشەکانی تر درووست دەبێت، وشەش ئەمانەن:

١- ناو

٢- ئاوەڵناو

[1] نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی، چاپی پێنجەم، ٢٠١٣ ز، ل٩٧.
[2] نیعمەت عەلی سایە، ڕێزمانی کوردی، زاری کەڵهوڕی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٤ ز، ل٣١.

٣- ڕاناو

٤- فرمان

٥- ئاوەلکار

٦- ناوی ژمارە

٧- ئامڕاز))[1].

لەم ناساندنەدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە، کە کار بە یارمەتی کارەکە خۆی و بە یاریدەی وشەیەکی تر درووست دەبێت، کە وشەکانیان دیاری کردووە و تەنها ئەم حەوت دانەیەی سەرەوەیان وەکو وشە و هاوکاری بۆ درووست بوونی کارەکە باسکردووە، ئەمانیش، ناو و ئاوەڵناو و ڕاناو و فرمان و ئاوەڵکار و ناوی ژمارە و ئامڕازن.

لە لایەکی ترەوە دەگوترێت:((ئەو کارەیە، کە لە کارێک و زیادەیەک پێکدێت، وەک: هەودان، هەلکەفتن(هەلکەوتن)، دەست گرتن، ڤەکوشتن (سەربڕین)، چاڤ گرتن (چاوپۆشین)..))[2].

ئەم ناساندنەی سادق بەهائەدینیش بەهەمان شێوەی ناساندنەکەی دکتۆرە نەسرین و کوردستانە، کە چەند نمەنەیەکی دیاری بۆ پێناسەکە خستۆتەڕوو.

دیسانەوە نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو بەهەمان شێوە دەڵێت:(( ئەو کارەیە کە لە کارێک و زیادەیەک پەیدا بووبێت))[3].

---

[1] نەسرین فەخری- کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، هەولێر، ١٩٨٢ ز، ل١٢٩-١٣٠.

[2] سادق بەهائەدین ئامێدی، ڕێزمانا کوردی (کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری)، چاپا یەکێ، بەغداد، ١٩٨٧ ز، ل٢٩٤-٢٩٥.

[3] نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی، ل١٠٣.

کەواتە بە پێچەوانەی کاری سادە، ئەم جۆرەیان زیاتر لە یەک وشە و کار هەیە، کە لە کارێک و زیادەیەک پێکدێت و دەبێتە دوو بەش، کە بریتین لە:

### ١-٩-٢-١: کاری داڕژاو:

جۆرێکە لە جۆرەکانی کاری ناسادە، ((بەو فرمانانە دەوترێت کە لەگەڵ ئاڤێکس( پێشگر، پاشگر )، پێکدێن.))[1]

واتە هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە پێشگر و پاشگریان لەگەڵدا دێت و کارە سادەکە دەگۆڕن بۆ کارێکی داڕژاو.

هەروەها دەگووترێت:(( ئەو کارەیە، کە لە گیرەک و ڕەگێک پێک دێت و وەکو یەکەیەکی ڕێزمانی کار دەکات، واتە گیرەک و پێشگر و پاشگر دەگرێتەوە، کە دەچنە سەر کاری سادە و دەیکەن بە کاری داڕژاو.))[2]

کەواتە کارەکە لە بنەڕەتدا کارێکی سادەیە، بەڵام هەر ئەم کارە سادە بەهۆی گیرەکی بەندەوە، ئینجا پێشگر بێت یان پاشگر، کارێکی ناسادە درووست دەبێت واتە هەمان کارە سادەکەیە بەڵام بە بەرگ و واتایەکی نوێوە دێتە ناو زمان و ئەرک و مەبەستی خۆی دەگەیەنێت.

**- کاری داڕژاو بەم شێوەیە لەگەڵ پێشگر و پاشگرەکان درووست دەکرێت:**

هەندێ لەو پێشگرانەی کە لە زمانی کوردیدا بەکار دێن بریتین لە:

[1] نەسرین فەخری- کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی، ل١٢٨.

[2] یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسیدا، چاپخانەی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣ ز، ل٣٣.

- / هەڵ-/ ⟵ هەڵبوون، هەڵوەرین،...
- / دا-/ ⟵ داڕووخان، دابەزین،
- / پێ-/ ⟵ پێکردن، پێچوون،...
- / تێ-/ ⟵ تێچوون، تێکردن،...

لێرەدا (/هەڵ-/، /دا-/، /پێ-/ / تێ-/)، گیرەکن و بە شێوەی پێشگر دەرکەوتوون، کە هەریەک لەم وشە سادانەیان گۆڕیوە بۆ وشەیەکی داڕژاو.

بێگومان پێشگرەکان ژمارەیان زیاترە وەک لە پاشگرەکان، بە شێوەیەکی گشتی پاشگرەکان(/- ەوە، - وە/، /- اندن/)ن، وەک:

- ڕۆیشتنەوە، خولانەوە، ...
- جوڵاوە، گیراوە،....
- کرتاندن، برژاندن،...

کەواتە ژمارەی گیرەکەکانی کاری داڕژاو جیاوازن، کە تەنها جیاوازی لەگەڵ کاری سادە ئەوەیە کە پێشگر یاخود پاشگری هەیە و پێوەی لکاوە، بۆ نمونە:

- برخواهد ⟵ خواه (وشەی سادە)
- برگشتم ⟵ گشت (وشەی سادە) [1]
- هەڵچوون ⟵ چوون (وشەی سادە)
- پێکردن ⟵ کردن (وشەی سادە)

---

[1] محمد امین شمسی نیا، تکواژ در گروه فعلی، اموزش زبان و ادب فارسی، شماره چهارم، پیرانشهر، ۱۳۹۱ هـ . ش، ص۵۹.

### ١-٩-٢-٢: کاری لێکدراو:

بە چەند شێوەیەک ناسێنراوە، کە لێرەدا چەند دانەیەکیان دەخەینە ڕوو:

نوری عەلی ئەمین دەڵێت:(( دوو ڕیشە یان پتری هەیە، واتە: لە دوو واژە یان پتر پێکهاتووە)).[1]

لەم پێناسەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە، پێچەوانەی کاری سادەیە و جیاوازیشە لە کاری داڕێژراو، بە شێوەیەک کە کاری لێکدراو لە دوو وشەی واتاداری سەربەخۆ یان زیاتریش پێکدێت.

هەروەها یوسف شەریف سەعید دەڵێت:((لە دوو کەرت، یان زیاتر پێکدێت کە کەرتی یەکەم ئاسایی لە شێوەی کۆمەڵەیەکی ناوی یان ئاوەڵناوی، یان ئاوەڵکاری، یان بەرناویدادەبێت، کەرتی دووەمیش بریتی دەبێت لەو کارانەی کە بۆ ڕۆنانی کاری لێکدراو بەکاردێت)).[2]

واتە لە دوو بەش یان زیاتر پێکدێت، کە سەرەتا پێویستی بە چەند بەشە ئاخاوتنێک هەیە، ئینجا( ناوی، ئاوەڵناوی، ئاوەڵکاری،...)، هەرکامیان بێت بێگومان ئەمەش لەگەڵ کارەکە خۆی، بەڵام لێرەدا دەگووترێت ئەو کارە گونجاوە کە بۆ ڕۆنانی کارە لێکدراوەکە ئامادەکراوە.


لە ئەنجامی ئەم پێناسانەوە دەردەکەوێت کە کاری لێکدراو، لە دوو وشەی واتاداری سەربەخۆ یان زیاتر پێکدێت، ئەمیش بە دوو بەش، کە بەشێکیان کارەکە خۆیەتی و بەشەکەی تریش، هەریەک لە بەشە ئاخاوتنەکانی(ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار) دەگرێتەوە، واتە کارێک لەگەڵ ئەم سێ بەشە ئاخاوتنە،

---

[1] نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، ١٩٦٠، ل١٥٦.

[2] یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسیدا، ل٢٥٢.

کە هەریەکەیان سادە و دارِژاو و لێکدراویان هەیە، بە نمونە دەیانخەینەڕوو، کەواتە کاری لێکدراو بەم شێوەیەی خوارەوە درووست دەبێت:




**وێنەی ژمارە (٣) چۆنیەتی درووست کردنی کاری لێکدراو.**

کەواتە بۆمان دەرکەوت کە گیرەک کە بەشێکی گرنگی مۆرفۆلۆژییەو پۆلێن کراوە بۆ فەرهەنگی و ڕێزمانی، ئەمە جگە لە ناساندن و بۆچونە جیاوازەکان لە سەری. هەرچەندە تێکەڵییەک بەدیدەکرێت لەنێوان گیرەک لە لایەک و نوسەک لەلایەکی ترەوە، بەڵام بە دۆزینەوەی دیارترین ئەو سیمایانەی کە ئەم دوانە لێکجیادەکاتەوە ئەم کێشەیەش چارە کرا.

دەتوانرێت بگوترێت، کە کار وەکو بەشە ئاخاوتنێکی گرنگ و کەرەستەیەکی سەرەکی ڕستە یەکانگیربونێکیان هەیە لەگەڵ گیرەک، چونکە کار بە جۆرە جیاوازەکانییەوە گیرەکەکان دەگرێتە خۆی، واتە ئەوەی لێرەدا مەبەستە شیکردنەوەی گیرەکە ڕێزمانییەکانی کار و گیرەکە فەرهەنگییەکانی کارە لە زمانی کوردیدا، کە ئەمەیان ئیشی بەشەکانی داهاتوی ئەم توێژینەوەمانە.

## بەشی دووەم

## گیرەکە ڕێزمانییەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا:

هەر وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، گیرەکە ڕێزمانییەکان مۆرفیمی بەندن و لە چوارچێوەی سینتاکسدا کار دەکەن و پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان وشەکان دەردەبڕن، کە بە شێوەیەکی گشتی گیرەکە ڕێزمانییەکان لە هەردوو زمانی کوردی و فارسی دا تا ڕادەیەک وەک و یەکن و دیاری کراون، لێرەدا بە وردی باسیان لێوە دەکەین:

### ٢-١: گیرەکە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوردیدا

گیرەکە ڕێزمانییەکان پۆلێکی داخراون و ژمارەیان دیاریکراوە، ئێمەش لێرەدا بە گوێرەی گرینگیان هەریەک لە گیرەکەکانی(کات، دەمکات، نادیاری، تێپەڕاندن، ناکردن)، دەخەینەڕوو:

### ٢-١-١: گیرەکەکانی کات:

کات بە کەرەستەی سەرەکی(کار) دادەنریت، چونکە یەکەیەکی واتایی تەواوکردنی ڕستەیە، کە هەمیشە واتایەکی ڕوونتر بە کاری ناو ڕستەکە دەدات، جا کارەکە تەواو بێت یان ناتەواو، کەواتە کات و کار وەکو زنجیرەیەک بەیەکەوە بەندن و ناکرێت لە یەکتر داببڕێن و لێک جیا بکرێنەوە، هەمیشە لەناو ڕستەدا بەیەکەوە دێن.

ئاشکرایە چەمکی کات بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەش دەبێت، ئەمانیش بریتین لە:

(ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)، بێگومان زمانی کوردی لە لایەنی واتا گەیاندنەوە هەریەکە و ئەرک و تایبەتمەندی خۆی هەیە، مرۆڤیش بەردەوام هەول دەدات لە دەربڕینی واتا و مەبەستدا، کەرەسەکانی زمان کورت بکاتەوە،

هەر لەبەر ئەمەیەکە چەمکی کات زیاتر بە گیرەکی کورت دەردەبڕدرێت و ئەگەریش پێویست بکات ئەوا بە هاوەڵکار زیاتر و دوور و نزیک دەکرێتەوە[1].

**گیرەکەکانی کات بریتین لە:**

**١- ڕابردوو:**

کاری ڕابردوو(( کردەیەکە لە سەرچاوە داتاشراوە، ڕوودانێک دەگەیەنێت، کە بەر لە ئێستا ڕوویداوە و تەواو بووە ))[2].

ئەم جۆرە کارە لە چاوگ وەردەگیرێت و بەهۆی لادانی(ن) ی چاوگ درووست دەبێت، واتە بەهۆی داتاشینی وشە بنەڕەتییەکە، ڕوودانێک نیشاندەدات و دێتە ئاراوە، کە ڕوودانەکە بۆ کاتی ڕابردووە و پێشتر ئەنجام دراوە.

یان((ئەو کارەیە کە بکەرەکەی لە ڕابردوویەکی دیاریکراودا کارێکی ئەنجام دابێت))[3].

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە، خودی کارەکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو کارەیە کە بکەرەکە ئەنجامی دەدات، بێگومان ئەویش لە کاتی ڕابردوودا، کەواتە کار بۆ نیشاندانی کاری بکەر بەکاردەهێنرێت.

- هەریەک لەمانەی خوارەوە گیرەکەکانی کاتن:

- /-ا/ ⟵ سوتا
- /-ت/ ⟵ کەوت
- /-د/ ⟵ مرد

[1] شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانیەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٢ ز، ل٧٩.
[2] ئەحمەد حەسەن، ڕێزمانی کوردی، ل٢١٤.
[3] پەروین عوسمان موستەفا عەللاف، ل٤٨.

- /- وو/ ⟵ چوو
- /- ی/ ⟵ فڕی[1]

**١- ڕانەبردوو:**

کاری ڕانەبردوو (( ئەو کارەیە، کە ڕوودانەکەی دەکەوێتە دوای ئاخاوتن، واتە ئێستا ڕوودەدات یان لە داهاتوو )).[2]

ئەم جۆرە کارە بۆ گەیاندنی هەواڵێکە، کە ئێستا ئەنجام نەدراوە یاخود لەکاتی ئاخاوتنەکە ئەنجام دەدرێت، کەواتە بۆ گەیاندنی هەواڵێکە کە تێنەپەڕیوە و هێشتا نەکراوە یاخود تەواو نەبووە.

- گیرەکی کاری ڕانەبردوو بریتییە لە: (/ دە-/)، بەم شێوەیە:

دە-/ + ڕەگی کار+ جێناوی لکاو( م-ین،یت/ ی- ن، ات/ ێت- ن) = کاری ڕانەبردوو

- دە + ڕۆ + م = دەڕۆم
- دە + خۆ + ات = دەخوات

لێرەدا پیتی بزوێنی(ۆ) تێچووە، چونکە لە زمانی کوردی دا دوو بزوێن بە دوای یەکتردا نایەن، کە هەریەکە لە (ۆ، ا) پیتی بزوێنن.

[1] عبدالواحید موشیر دزەیی، ڕێزمانی کوردی، ل١٠٧.

[2] نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ڕێزمانی کوردی، ل٨٢.

دوژمنی بێکارە داوای خاک و ئاوی تۆ دەکا

خوو بە خوێن ڕێژیی منالْ و پیر و لاوی تۆ دەکا

حەز بە فەوتانی زمان و نان و ئاوی تۆ دەکا

ڕێویە تۆ بەچکەشێری یادی ڕاوی تۆ دەکا[1]

### ٢-١-٢: گیرەکەکانی دەمکات:

بە هەبوونی کاتێک لەناو کاتێکی تردا دەگوترێت( دەمکات)، دەمکاتەکانیش بۆ کاتی ڕابردوو پێکدێن لەمانە:

**١- دەمکاتەکانی ڕابردوو:**

**١- ڕابردووی نزیک(سادە):** (( ئەو کارەیە کە ڕوویدا و تەواو بوو بێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکی بە هیچ ڕووداوێکی ترەوە هەبێت)).[2]

بێگومان ئەم کارە ڕابردووە و ڕوویداوە تەواوبووە، سەربەخۆیە و پەیوەندی بە کارو ڕوودانێکی ترەوە نییە و لە کاتێکی زۆر نزیکدا کارەکە ئەنجام دراوە.

ئەم دەمکاتە هیچ گیرەکێکی نییە بەڵکو بە لێکردنەوەی (ن) ی چاوگ درووست دەبێت، بۆ نمونە:

- بردن - / - ن/ = برد ( ڕابردووی نزیک).
- داخستن- /- ن/ = داخست (کاری ڕابردووی نزیک).

---

[1] کەمال میراودەلی، دیوانی فانی، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦ ز، ل ٤٦٢.

[2] یارا قادر محەمەد، مۆرفۆسینتاکس لە زاری کۆیە، ل ٨٢.

**٢- ڕابردووی تەواو:** (( ئەو کارەیە کە دەلالەت لەسەر ڕوودانی کارێک، لە ڕابردوویەکی نە زۆر دوور و نە زۆر نزیک دا دەکات)). [1]

گیرەکی ڕابردووی تەواو بریتیە لە (ەوە)، بەم شێوەیە:

ڕابردووی نزیک + /- ەوە، - وە/ = کاری ڕابردووی تەواو

برژا + وە = برژاوە

برد + ەوە = بردەوە

**٣- ڕابردووی دوور:** (( فۆڕمی ڕابردووی دوور، ڕوودانێک ڕادەگەیەنێت، کە ڕوودانەکە پێش ڕوودانی کارێکی دیکە بکەوێت)).[2]

کەواتە، ئەم جۆرە کارەش پێشتر ڕوویداوە و تەواو بووە، بەڵام لە ڕابردوویەکی مامناوەند، واتە زۆر دەمێک نییە کە ڕوویداوە و لە ئێستاشدا نییە.

- گیرەکی ڕابردووی دوور بریتیە لە (بوو) :

ڕابردووی نزیک + /- بوو/ = کاری ڕابردووی دوور.

- مرد + بوو = مردبوو.
- خوارد + بوو = خواردبوو.
- ڕۆیشت + بوو= ڕۆیشتبوو.

---

[1] نەریمان خۆشناو، کرمانجی ناوەڕاست، ل٥٥.

[2] ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، ل٢٣٢.

**٤- ڕابردووی بەردەوام:** ((ئەم جۆرە فۆڕمە ڕووداوێکی وا دەگەیەنێت، کە پرۆتێسەکەی بەردەوام بێت و کۆتایی دیار نەبێت.))[1]

کەواتە ئەم جۆرە کارە ڕووداوێک نیشاندەدات، کە ئێستاش بەردەوامە و کاتی تەواوبوونی دیار نییە.

گیرەکی ئەمەش بریتیە لە پێشگری (دە) :

/ دە-/ + ڕابردووی نزیک = ( ڕابردووی بەردەوام ).

- دە + ڕۆیشت = دەڕۆیشت.
- دە + هات = دەهات.

**٢- گیرەکەکانی دەمکات لە کاتی ( ڕانەبردوو) دا بریتین لە:**

**١- ڕانەبردووی ئێستایی:** ئەو کاتەیە کە ڕوودانەکەی ئێستایە و لەکاتی قسەکردندایە.

پاشگری/- ە /، گیرەکی ئەم دەمکاتەیە، بۆ نمونە:
- جوان + /- ە/ = جوانە.
- مامۆستا + /- ە/ = مامۆستایە.[2]

**٢- ڕانەبردووی داهاتوو:** (( کردەوەیەک پیشان دەدات، کە لەدوای ئاخاوتن و قسە کردن یەکسەر دەست پێ ناکات، بەڵکو لە ئایندەیەکی دوور دەست پێ دەکات))[3].

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.
[3] عبدالواحید موشیر دزەیی، ڕێزمانی کوردی، ل١٠٨.

دەگونجێ بگوترێت ئەم جۆرە کارە ڕاستەوخۆ پێچەوانەی کاری ڕابردووی دووره، چونکە کارێک ڕادەگەیەنێت کە زۆر لەدوای ڕاگەیاندنی هەواڵەکەوە ئەنجام بدرێت و دەست پێبکات، واتە لە داهاتوویەکی زۆر دوور کارەکە ڕوودەدات.

گیرەکی ئەم جۆرەیان بریتیە لە /- ێ/ بۆ نمونە:

- دەهێن + /- ێ/ = دەهێنێ.
- دەچێن + /- ێ/ = دەچێنێ.

## ٢-١-٣: گیرەکەکانی نادیاری:

نادیاریش وەکو هەریەک لە لایەنە ڕێزمانیەکانی تر، گیرەکی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەرک و واتای خۆی دەگەیەنێت، بێگومان(( لە ناو هەموو زمانێکدا نادیاری ئەوەیە کە، بکەر دەشاردرێتەوە یان لادەدرێت، واتە پاڵاوگەی مێشک لەبەر هەندێ هۆی تایبەت وەک: (ترس، لێپرسینەوە، خۆشەویستی، یاخود خۆ بە دوور گرتن لە کێشە))[1]، هەواڵەکە ڕادەگەیەنرێت.

لە زمانی کوردیدا گیرەکی /- ر/ گیرەکی نادیارییە، کە دەچێتە سەر کارەکە، بێگومان ئەمەش بە پێی کەس و ژمارە، بۆ ڕابردوو (ا) دەخرێتە سەر کارەکە لە دوای گیرەکی(ر) و (ێ) بۆ کاتی ڕانەبردوو بەکار دەهێنرێت، کە (( گیرەکی (ر) تەنیا دەچێتە سەر ڕەگێک کە کارەکەی(تێپەڕ) بێت.))[2]

بۆ نمونە:

- دەبینن ⟵ دەبینرێن.
- قرتابوون ⟵ قرتێنرابوون.

---

[1] عبدالواحید موشیر دزەیی، ڕێزمانی کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٨.

[2] حەیدەر حاجی خدر، تایبەتمەندیە مۆرفۆلۆژیەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلێنی مۆرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە، ل٥٩.

لێرەدا هەریەک لەم دوو کارە کاری بکەر نادیارن، چونکە نازانرێت کێ کارەکەی ئەنجام داوە و بە نادیاری ڕاگەیەنراون، ئەمەش بە یارمەتی گیرەکی (ر).

## ٢-١-٤: گیرەکەکانی تێپەڕاندن:

لە زمانی کوردیدا، ئەو گیرەکەی کە کارێک لە(تێنەپەر)ەوە دەکات بە (تێپەر)، گیرەکی (اندن)ە.

**کاری تێپەر**: ((کارێکە، کە هێزی کاریگەریەکەی لە بکەرەوە تێدەپەڕێت بۆ سەر کەرەسەیەکی تر، ئەویش بەرکاری ڕاستەوخۆیە.))[1]

هەر لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت، کە کارەکە کاریگەرییەکەی جگە لە بکەر دەچێتە سەر کەرەسەیەکی تر، ئەویش بەرکاری ڕاستەوخۆیە، واتە هەر کارێک لەڕستەدا هەبێت و تێپەڕ بێت، ئەوا جگە لە بکەر پێویستی بە بەرکاریش هەیە، یاخود لەهەر ڕستەیەکدا بەرکار هەبێت، ئەوا مەرجە کارەکەی کارێکی تێپەڕ بێت.

**کاری تێنەپەر**: ((ئەو کارەیە، کە یەک بۆشایی لە ڕستەدا پڕ دەکاتەوە، ئەو بۆشاییەش بکەرە و بکەر نادیاری لێ دروست ناکرێت، وەک: - هات))[2].

ڕاستەوخۆ پێچەوانەی کاری تێپەرە، کە یەک بۆشایی لە ڕستەدا پڕ دەکاتەوە و تەنها پێویستی بە بکەرە و لێرەشدا ئاماژە بەوە دەکات کە بکەر نادیاری لێ درووست ناکرێت.

---

[1] نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، بکەر نادیار، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، سەنتەری ڕووناکبیری هەتاو، هەولێر، ٢٠٠٧ ز، ل١١٩.
[2] خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، بەرکار لە زمانی کوردیدا، ل٤٧.

هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد بەهۆی گیرەکی(- اندن)ەوە، کارێکی تێنەپەڕ دەکرێتە تێپەڕ، کە بەم شێوەیە ئەم چوار مۆرفیمە ئەرکی تێپەڕاندن دەگرنە ئەستۆ:

- /ا/ ⟵ (بۆ کاتی ڕابردوو)
- /ن/ ⟵ ( بۆ تێپەڕاندن)
- /د/ ⟵ ( بۆ کاتی ڕابردوو)
- /ن/ ⟵ (نیشانەی چاووگ)[1]


بۆ نمونە:

- سووتان + /-اندن/ ⟵ سووتاندن
- گرمە + /-اندن/ ⟵ گرماندن
- کرتان + /-اندن ⟵ کرتاندن

ئەگەر لەم کارانە بڕوانین دەبینین، کە هەر یەک لە کارەکانی (سووتا، گرمە، کرتان)، لە بنەڕەتدا چەند کارێکی تێنەپەڕن، بەڵام بەهۆی پاشگری تێپەڕی(/- اندن/)ەوە گۆڕاون بۆ کارێکی تێپەڕ.

[1] عومەر مەحمود کەریم، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردی دا- کرمانجی خواروو، نامەی ماستەر، ٢٠٠٤ ز، ل٥٥.

## ٢-١-٥: گیرەکەکانی ناکردن:




**وێنەی ژمارە (٤) پۆلێنکردنی گیرەکە نەرێکانی زمانی کوردی**[1]

گیرەکەکانی ناکردن پێکدێن لەم پێنج گیرەکەی سەرەوە، کە هەم ئەرکی فەرهەنگییان هەیە و هەمیش ڕێزمانی، هەر یەک لەم دانانەش ئەرکی خۆی هەیە و لە شوێنی تایبەت و گونجاو بەکار دێن، لێرەدا هەریەکەیان باس دەکەین:

### ١- گیرەکی /نە-/:

ئەم گیرەکە وەکو پێشگر دەردەکەوێت و دەچێتە سەر کاری ڕابردوو بە هەموو دەمەکانیەوە، هەروەها لەگەڵ کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن و دانانیش بەکار دێت، لە هەندێ حاڵەتیشدا دەچێتە سەر کاری داخوازی.

بۆ نمونە:

- ئازاد کەوت ⟵ ئازاد نەکەوت (ڕابردووی راگەیاندن)
- بریا کەوتبا ⟵ بریا نەکەوتبا (رابردووی دانانی)

---

[1] شێروان حسێن حمد، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، ل١٦٧.

- پێویستە سەربکەوێت ⟵ پێویستە سەرنەکەوێت ( رانەبردووی دانانی)

لە ڕستەی کۆتاییدا(نە)، چۆتە سەر بەشی دووەمی کارەکە و کەوتۆتە ناوەڕاست، چونکە کارەکە کارێکی لێکدراوە.

- کارە داخوازیەکانیش بەم شێوەیە نەرێ دەکرێن:

- کارە مەترسیدارەکە بکەی. ⟵ کارە مەترسیدارەکە نەکەی.
- بەخێرایی بڕۆی. ⟵ بەخێرایی نەڕۆی.
- دەست بۆ ئاگر ببەی. ⟵ دەست بۆ ئاگر نەبەی.

**٢- / نا -/:**

ئەم گیرەکە لەگەڵ کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بەکار دێت، بۆ نمونە:

- پارەکە دەبات. ⟵ پارەکە نابات.
- خواردنی بەسوود دەخوات. ⟵ خواردنی بەسوود ناخوات.
- سەیارەکە دەشوات. ⟵ سەیارەکە ناشوات.

وا **نەزانی** خەنجەری من بیوەشێنم **نابڕێ**

جەوهەری پۆڵایە کێویش خۆی لەبۆ **ڕاناگرێ**

خاک و ئاوی بێچوەشێران وا بەسەهلی **ناخورێ**

ڕۆحی حسی ئینتیقامی بەشخوراوان **نامرێ**[1]

[1] کەمال میراودەلی، دیوانی فانی،ل٣٠٩.

**٣- / مە-/:**

ئەم گیرەکە تەنها بۆ نەرێ کردنی کاری فەرماندان بەکاردێت، واتە کارێکی فەرماندانی ئەری، دەگۆڕێت بۆ کارێکی فەرماندانی نەرێ، کە گیرەکی (مە)ی نەرێ دەچێتە شوێنی (ب)ی گیرەکی ئەرێ، بۆ نمونە:

- کار بکە. ← کار مەکە.
- بە وردی لێی بڕوانە. ← بەوردی لێی مەڕوانە.

**٤- / ن-/:**

ئەم جۆرە گیرەکە زۆر بە کەمی بەکار دێت، ئەمیش لە هەندێک لەهجە و شێوەزاردا، کە ئەوانیش( دیالێکتی کرمانجی ژووروو و هەندێ ناوچەی سەر بە کرمانجی ناوەڕاستن)، بۆ نمونە:

- دەزانم ← نزانم

٥- / نی-/:

ئەم گیرەکە( کاری ناتەواو) نەرێ دەکات، کە واتای خاوەنێتی بگەیەنێت و بۆ کاتی ئێستا بێت، وەکو:

- من پارەم هەیە. ← من پارەم نییە.[1]
- کاروان زیرەکە. ← کاروان زیرەک نییە.

[1] شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانیەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا، ل٧٩.

## ٢-٢: گیرەكە ڕێزمانییەكانی كار لە زمانی فارسیدا

بە هەمان شێوەی زمانی كوردی، لە زمانی فارسیشدا، هەریەكە لە گیرەكەكانی( كات، دەمكات، نادیاری، تێپەڕاندن، نەرێ)، كە دەچنە سەر بەشە ئاخاوتنی (كار) بوونیان هەیە، بۆیە پێویستە ئاماژەیان بۆ بكەین و بیانخەینە ڕوو، لێرەدا بەوردی باسیان دەكەین:

### ٢-٢-١: گیرەكەكانی كات ( زمان) :

كاتی ڕوودانی كار لە زمانی فارسیدا بە (زمان) ئاماژەی بۆ كراوە، كە بریتین لەمانەی خوارەوە:

**١- كاتی ڕابردوو ( زمان گزشته):**

واتە كارەكە ڕووی داوە بەر لە قسە كردن و گەیاندنی هەواڵەكە، لە زمانی فارسیدا هەریەك لەمانە كاتی ڕابردوو درووست دەكەن، كە پێكدێن لە گیرەكەكانی (/ d-،د-/ ، /t ،ت-/ ، / ad – اد/ ، /id ،يد-/.)[1]

بۆ نمونە:

- دو + يد ⟵ دويد
- رو + ت ⟵ رفت
- شن + يد ⟵ شنيد[2]
- خوان + د ⟵ خواند
- افت + اد ⟵ افتاد

---

[1] مهدی مشكوه الدينی، دستور زبان فارسی پرپايه، نظريه گشتياری، انتشارات دانشگاه، فردوسی (مشهد)، چاپ سوم، ١٣٧٣هـ . ش، ص١٤.

[2] جهانبخش نوروزی، دستور زبان روان و ساخت زبان فارسی امروزی، چاپخانه بهمن، ١٣٨١هـ . ش، ص١١٧.

### ٢- کاتی ڕانەبردوو ( زمان حال، مضارع):

ڕۆنانی کارێکی ڕانەبردوو لە زمانی فارسیدا بەم جۆرەیە:

/ می-/ + بن مضارع + شناسه ⟵ مضارع اخباری.[1]

نیشانەی ڕانەبردوو(می) + ڕەگی ڕانەبردووی کار + جێناوی لکاو ⟵ کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن.

می + رو + م ⟵ می روم.

کەواتە پێشگری( می- )دەبێتە گیرەکی کاری ڕانەبردوو، ب• نمونە:

- می زنم.
- می خورم.
- انچه می گویی بکن و انچه می کنی بگو.[2]

فارسەکان بە جۆرێکی تریش ئەم جۆرە کارە جیا دەکەنەوە، بە شێوەیەک، ((ئەگەر کارێک گیرەکی کاتی ڕابردووی تێدا نەبێ، ئەوا کارەکە ڕانەبردووە.))[3]، واتە ئەگەر گیرەکەکانی (ت، د، اد، ید)نەبوو ئەوا کارەکە ڕانەبردووە، بۆ نمونە:

- می خورم

---

[1] حسن انوری، دستوری زبان فارسی، ص٤٢.

[2] Hasan ÇÎFTÇÎ, Uygulamalı farsça Grameri (gramer- metin- sözlük), Erzurum, 2013, S69.

[3] مهدی مشکوه الدینی، دستور زبان فارسی پرپایه، ص٣٢.

ئەگەر بێتو گیرەکێکی کاتی ڕابردوو بۆ ئەم وشەیە زیاد بکرێت، ئەوا لە کارە ڕانەبردووەکەوە دەبێتە کارێکی ڕابردوو، بۆ نمونە:

- می خوردم

ئەمە کارێکی ڕانەبردووە، تەنها بەهۆی گیرەکی (د)، گۆڕانکاری بەسەردا هات.

### ٢-٢-٢: گیرەکەکانی دەمکات:

لە زمانی فارسیدا گیرەکەکانی دەمکات زۆرن، تەنها بۆ کاتی ڕابردوو چەند جۆرێک هەیە، ئێمە لێرەدازیاتر ئەوانە دەخەینە ڕوو کە بە یارمەتی گیرەکەکان درووست دەبن، ئەوانیش بریتین لە:

**١- ماضی مطلق( ڕابردووی سادە):** ئەم جۆرە کارە سادەترین کاری ڕابردووە، کە ڕابردووی سادە گیرەکێکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو بە لێکردنەوەی (- ن) ی چاووگ، کارێکی ڕابردووی سادە درووست دەبن، بۆ نمونە:

- زدن – ن ⟵ زد ( ڕابردووی سادە)
- رفتن – ن ⟵ ( رفت +م ⟵ رفتم)
- خوردن- ن ⟵ (خورد + ی ⟵ خوردی)[1]

**٢- ماضی نقلی کامل ( ڕابردووی تەواو):**

( بەو کارە دەگوترێت کە لە واتای دیاریکراو، بەردەوامی لە کات و ڕوودانی لە ڕابردوودا دەستی پێکردووە و تا ئێستاش ماوەتەوە و بەردەوامی هەیە)[2]، ئەمە

1 پروین مضانی مولانا، دستور زبان فارسی نو، چاپ دوم، ١٣٨٧هـ . ش، ص٣٨.

2 حسن انوری – یوسف عالی، دستور زبان فارسی، چاپ دوم، چاپ دانشگاه پیام نور،١٣٩٠هـ . ش، ص٦٩.

واتای کارێک دەگەیەنێت، کە گیرەکێکی تایبەتی هەیە، ئەویش گیرەکی (- ە)، کە بە یارمەتی(/- م/ /- ی/ /- ست/ /- ایم/ /- اید/ /- اند/)[1] درووست دەبێت، بەم شێوەیە:

کارێکی ڕابردووی سادە+ /- ە/= یەکێک لە گیرەکەکانی:( ام، ایم، ای، اید، است، اند) = کاری ڕابردووی تەواو.

بۆ نمونە:

- خورد + ە + ام ← خوردە ام.

- خورد + ە + ایم ← خوردە ایم.

- خورد + ە + ای ← خوردە ای.

- خورد + ە + اید ← خوردە اید.

- خورد + ە + است ← خوردە است.

- خورد + ە + اند ← خوردە اند.

### ٣- فعل ماضی استمراری ( ڕابردووی بەردەوام ):

ئەم جۆرە کارە بە شێوەیەک کارە ڕابردووەکە پیشان دەدات، کە( ڕوودانی و ئەنجامدانی بەردەوامی هەیە و ماوەکەی درێژە.

نیشانەی تایبەت بە ڕابردووی بەردەوام، گیرەکی ( می)یە، کە دەکەوێتە پێش کارەکە واتا وەکو پێشگر دەردەکەوێت ، کەواتە لێرەشدا تەنها یەک گیرەکمان هەیە کە ڕۆڵی کاری ڕابردووی بەردەوام دەبینێت، بۆ نمونە:

[1] محمد امین شمسی نیا، تکواژ در گروه فعلی، ص٥٨.

- می + دویدم ⟵ می دویدم ( ڕابردووی بەردەوام ).
- می + امدیم ⟵ می امدیم ( ڕابردووی بەردەوام ).
- می+ گفتم ⟵ می گفتم )[1] ( ڕابردووی بەردەوام ).

## ٤- ماضی نقلی استمراری (ڕابردووی تەواوی بەردەوام) :

ئەم شێوە دەمکاتە، تەنها لە زمانی فارسیدا بەدی دەکرێت، کە بە هەمان شێوەی ڕابردووی بەردەوام گیرەکی (می-)، سوودی لێ وەردەگیرێت، لەگەڵ کارێکی ڕابردوو بەکاردێ، بەم شێوەیە:

می + کارێکی ڕابردووی تەواو + جێناوەکان ⟵ ڕابردووی تەواوی بەردەوام.

- می + شنیدە + ام ⟵ می شنیدەام.
- می+ رفتە+ اند ⟵ می رفتەاند.
- می+ خوردە+ ایم ⟵ می خوردەایم[2].

## ٤- ماضی بعید (ڕابردووی دوور) :

ڕابردووی دوور واتە کارێکە، کە لە ڕابردوویەک لە پێش کارێکی تر ڕوویداوە، بە ڕوونی دیارە کە گیرەکی ئەم جۆرە کارە کاری یاریدەدەری (بودن)ە، بەم شێوەیە بەکاردێ:

---

[1] علی سلطانی کرد فرامرزی، دستور زبان فارسی، چاپ چهارم، چاپخانە حیدری، تهران، ١٣٦٨هـ . ش، ص١٠٧.
[2] حسن انزالی، دستور زبان فارسی، چاپ سوم، شرکت انتشارات علمی، ١٣٧٠هـ . ش، ص٨٨.

(کاری ڕابردووی ساده + ه)+ (بودن)+ جێناوەکان ← کاری ڕابردووی دوور.

- اورد + ه + بود + م ← اورده بودم.
- اورد + ه + بود + ند ← اورده بودند.

ئەم کارە، بە زۆری لە سەدەکانی(چوار و پێنج) و هەتا شەشیش بەکار هێنراوە، دواتر بەکار هێنانەکەی کەم بۆتەوە بەهۆی درێژی و قورسی بەکار هێنانی، پاشان لەلایەن(قەزوینی) و ئەدیبە زانا و بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمە و دوای ئەو سەردەمەش دیسان دەرکەوتۆتەوە، هەتا ئێستاش لەگەڵدابێ بەکارهێنانی بەردەوامە.[1]

**٥- ماضی ابعد(ڕابردووی دوورتر):**

واتە گێڕانەوەی ڕوودانی دوورتر دەگەیەنێ، کە گیرەکی(بودە) ئەم دەمکاتە درووست دەکات:

صفت مفعولی(بن + ه)+ (بوده)+ (پی بند رابط، شناسه) ← ماضی ابعد.[2]

- شنید + ه + بوده + ام ← شنیدەبودەام.
- شنید +ه+ بوده + است ← شنیدەبودەاست.
- شنید + ه + بوده + اند ← شنیدەبودەاند.[3]

**٦- فعل ماضی التزامی(ڕابردووی مەرج و دانانی):**

---

[1] حسن انوری، دستور زبان فارسی، ص ٥٤.

[2] ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٣ ز، ل ١٠٠.

[3] نادر و زین پور، دستور زبان فارسی، چاپ سوم، چاپخانه مهارت، ١٣٧٥هـ . ش، ص ٥٦.

( ئەم جۆرە کارە کاتێک بەکاردێت، کە شک و گومان لە ڕوودانی کارەکە هەبێت)[1].

واتە کارەکە ڕەدەگەیەنرێت، بەڵام بە شک و گومان و دوودڵیەوە، کە دڵنیا نیە ئاخۆ کارەکە ڕوویداوە یان نا.

ئەم ڕێژەیە لە ڕێگەی گیرەکی(باش)، کە لە چاوگی(بودن) وەرگیراوە درووست دەبێت:

(کارێکی ڕابردوی سادە+ە)+ باش+ جێناوە لکاوەکان ← ڕابردووی التزامی.

- رفت+ ە+باش+ م ← رفتەباشم.
- کرد+ ە+ باش+ ند ← کردەباشند.

دەمکاتەکانی ڕانەبردوو(فعل مضارع)یش بە شێوەیەکی گشتی پێکدێن لە:

**١- مضارع سادە(ڕانەبردووی سادە):**

هەروەک لە ناوەکەی دیارە کارێکی سادەیە و هیچ گیرەکێک بۆ قەدە ڕانەبردووەکە زیاد ناکرێت، هەر خۆی دەلالەت لە کاتی ئێستا و دواتر دەکات، کە هێشتا کارەکە بەسەرنەچووە و ڕانەبردووە، بۆ نمونە:

- خورم

- گوییم

- گویند[2]

---

[1] عبدالرسول خیام پور، دستور زبان فارسی، چاپ یازدهم، چاپ جمالی، ١٣٨٢هـ.ش، ص٨٤.
[2] پروین مضانی مولانا، دستور زبان فارسی نو، ص٤٣.

لەم کارانەدا دەردەکەوێت، کە بە سادەیی و بەبێ لکان و خستنەسەری هیچ گیرەکێک ئەرکی خۆیان بینیوە، کە کاتی ڕانەبردووی سادەیە.

## ٢- مضارع اخباری ( ڕانەبردووی ڕاگەیاندن):

لێرەشدا پێشگری (می-)، ڕۆڵی بنیاد نانی ئەم جۆرە کارە دەگەیەنێ، بەم جۆرە:

نیشانەی ڕانەبردووی(می)+ ڕەگی ڕانەبردوو+ جێناوە لکاوەکان ⟵ مضارع اخباری.

- می+ کن+ د ⟵ می کند.
- می+ خور+ند ⟵ می خورند.

## ٣- مضارع التزامی(ڕانەبردووی دانانی):

ئەم جۆرە کارە، کاتێکی ڕانەبردوو ڕادەگەیەنێت بۆ کاتێکی نزیک لە ئێستا و داهاتوو، یان گومان یاخود ویست، کە چۆن ڕوویانداوە و گونجاون یاخود کارە پێویستەکە ڕادەگەیەنرێت، کە گیرەکی ئەم دەمکاتە پێشگری (ب) یە، بەم شێوەیە:

ب+ ڕەگی کاری ڕانەبردوو+ جێناوی لکاو ⟵ ڕانەبردووی دانانی.

- ب+ رو+ م ⟵ بروم.
- ب+ شور+ ید ⟵ بشورید.
- ب+ شنو+ ی ⟵ بشنوی[1].

## ٤- مضارع استمرار- ملموس (ڕانەبردووی بەردەوام):

---

[1] نادر و زین پور، دستور زبان فارسی، ص٤٩.

واتە کە قسەکە دەکرێت و کارەکە ڕادەگەیەنرێت هێشتا تەواو نەبووە و بەردەوامە، گیرەکی (می)، کە وەک و پێشگر دەچێتە سەر کارەکە و بە یارمەتی کاری یاریدەدەری (داشتن)، کارێکی ڕانەبردووی بەردەوام درووست دەبێت، بۆ نمونە:

- دارم می روم.

- داری می بینی.

- دارید می گویید.[1]

- دارند می پوشند.

**٥- اینده- مستقبل (کاتی داهاتوو):**

لێرەدا هیچ گیرەکێکی ڕێزمانیمان نییە تا کاتی داهاتووی پێ دیاری بکەین، بەڵکو لە ڕێگەی کاری یاریدەدەری( خواست)ەوە، ئەم دیاردە ڕێزمانیە درووست دەبێت، بە شێوەی( خواه ) لەگەڵ یەکێک لە جێناوەکانی ( م- یم- ی- ید- د- ند)، بەم شێوەیە:

ڕەگی کاری ( خواست- خواه) + (م- یم- ی- ید- د- ند) + بناغەی کاری ڕابردوو:

خواهم

خواهی

واتە فۆڕمی: اینده ← خواهد + بن ماضی/ مصدر کوتاه[2]

خواهیم

[1] علی سلطانی کرد فرامرزی، دستور زبان فارسی، ص١١٤.

[2] ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، ل٩٦.

خواهید

خواهند

بۆ نمونە:

- خواهم برد.
- خواهیم مرد.
- خواهی زد.
- خواهید کرد.
- خواهد شد.
- خواهند رفت.

## ٢-٢-٣: گیرەکەکانی نادیاری:

لەم جۆرەیاندا گیرەکی(- ە)، بە یارمەتی کاری یاریدەدەری(شدن)، ئەرکی نادیاری دەبینێت، لێرەدا یاسای درووستکردنی دەخەینە ڕوو:

(ڕەگی ڕابردوو+ ە)+ شدن+ جێناوە لکاوەکان ⟵ کاری نادیار.

خواب دید+ ە+ شد+ م ⟵ خواب دیدە شدم[1].

- کشتە شدە بود.

- نوشتە شدە باشد.

کەواتە گیرەکی (ە)، تەنها گیرەکی نادیارییە لە زمانی فارسیدا کە ئەم ڕۆڵەی هەیە.

---

[1] یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسیدا، ل٢٨٩.

## ٢-٢-٤: گیرەکی تێپەڕاندن:

مەبەست لە تێپەڕاندن گۆڕینی توانای کارە، لە بێهێزەوە بۆ کارێکی بەهێز، واتە لە تێپەڕەوە بۆ تێپەڕ، لە زمانی فارسیدا ڕای جیاواز لەسەر دیاریکردنی گیرەکی تێپەڕاندن هەیە، کە زیاتر بەم شێوەیە دیاری دەکرێت:

١- /- ان/

٢- /- انید/

بۆ نمونە:

- خوردن ⟵ خوراندن.
- خوابیدن ⟵ خواباندن.
- دوید ⟵ دواندن[1].

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بڵێین، هەریەک لە گیرەکەکانی(/- ان/ /- انید/) لەگەڵ مۆرفیمی(کات)و (- ن)ی چاووگ، کە دەبنە (/- اندن/ /- انیدن/) دەچنەسەر کارێکی تێنەپەڕ و دەیکەن بە تێپەڕ، بۆ نمونە:

- خواب ⟵ خواباندن/ خوابانیدن.[2]

| | |
|---|---|
| این اتش عشق می پزاند مارا | هرشب بە خرابات کشاند مارا |
| با اهل خرابات نیشاند مارا | تا غیر خرابات نداند مارا[3] |


[1] شێروان حسێن حمد، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسدا، ل١٧٥.
[2] حسن انوری، دستور زبان فارسی، ص٦٥.
[3] Hasan ÇÎFTÇÎ, Uygulamalı farsça Grameri, S 117.

لەلایەکی ترەوە ئەم گیرەکانە توانای دووبارە تێپەڕاندنی کارێکی تری تێپەڕیان هەیە، واتە جارێکی تر کارە تێپەڕەکە تێپەڕ دەکرێتەوە، بەمەش پێویستی بە دوو(بەرکار) دەبێت، بۆ نمونە:

- او لباس را پوشید. ⟵ او لباس را به بچه پوشاند.[1]

## ٢-٢-٥: گیرەکەکانی ناکردن:

لە زمانی فارسیدا بۆ نەرێ کردنی کار، چەند گیرەکێک هەن کە لەشێوەی پێشگر دەچنە سەر کارەکە و نەفی دەکەن، ئەمانیش بریتین لە:




**وێنەی ژمارە (٥) پۆلێنکردنی گیرەکە نەرێکانی زمانی فارسی**[2]

**١- / نَ-/:** (( ئەم پێشگرە واتای نەرێ دەگەیەنێت، بۆ نمونە: نشکن.))[3]

کەواتە / نَ-/، دروستکەری نەفیە، بۆ نمونە:

- **نَرو.**

---

[1] ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، ل١١٢.
[2] شێروان حوسێن حمد، توانای مۆرفیمی بەند، ل١٦٦.

[3] خسرو غلامعلی زادە، بررسی لایەهاو سطوع واژگانی در وندهای زبان فارسی از نگاە صرف واژگانی، شمارە دوم، ١٣٩٠هـ.ش، ص٧٥.

- **نَگو**.

- **نَباید** بخورد.[1]

- / نِ-/: هەمان گیرەکی / نَ-/ یە، بەڵام شێوەکەی گۆڕاوە، کە بۆ دەمەکانی( ڕابردووی بەردەوام، ڕانەبردووی ڕاگەیاندن)، بەکار دێت و دەچێتە سەر کارەکەو دەیکات بە نەرێ، بۆ نمونە:

- **نِمی** خواندم (ڕابردووی بەردەوام).

- **نِمی** خوانم (ڕانەبردووی ڕاگەیاندن)[2].

واتە لەم دوو حاڵەتەدا بە (نِ) دەردەکەوێت، وە لە ڕووی بەکار هێنانەوە زۆر کەم بەدی دەکرێت.

**- / مَ-/:** ئەم جۆرە گیرەکە بۆ کاری داخوازی بەکاردێت، وەکو پێشگر دەردەکەوێت و کارەکە دەبێتە(داخوازی نەرێ):

- بکن ⟵ **مَکن** (کاری داخوازی نەرێ).

- بگردان ⟵ مَگردان ( کاری داخوازی نەرێ).

یا رب **نکن** از لطف پریشان مارا　　　هرچند کە هست جرم و عیصیان مارا

ذات تو غنی بودە و ما محتاجیم　　　محتاج بە غیر خود **مگردان** مارا

---

[1] محمد رضا باطنی، توصیف ساختمان دستور زبان فارسی، بر بنیاد نضریە عمومی زبان، موسسە انتشارات، امیر کبیر(سپهر)، تهران، ١٣٦٤هـ . ش، ص١٢٢.

[2] شێروان حوسێن حمد، توانای مۆرفیمی بەند، ل١٦٧.

بر طاعت حق بهشت و رضوان **مطلب**       بی خاتم دین ملک سلیمان **مطلب**

گر منزلت هردو جهان می خواهی       ازار دل هیچ مسلمان **مطلب**

(ابوسعید ابوالخیر)[1]

**- / ني-/:** ئەم گیرەکە زۆر ناچالاکە و بە کەمترین شێوە دەردەکەوێت، تەنها بۆ نەرێکردنی کاری ناتەواوی (- است، - هست) بۆ کاتی ئێستا بەکاردێ:

است/ هاست ⟵ نیست (نەرێ).

- ان کسی که رفت رفتنی است. ⟵ ان کسی که رفت رفتنی نیست.
- شما از ما هستید. ⟵ شما از ما نیستید.

Hasan ÇÎFTÇÎ, Uygulamalı, farsça Grameri, S 120. [1]

## ٢-٣: بەراوردی گیرەکە ڕێزمانیەکانی کار لە کوردی و فارسیدا

بەگوێرەی باسکردنی پێشووتری گیرەکە ڕێزمانییەکان لە هەردوو زمانەکەدا، کە لە سەرەوە بەشێوەیەکی گشتی خستوومانەتە ڕوو چەند خاڵێکی هاوبەش و جیاوازیمان بۆ دەردەکەوێت، کە لێرەدا ئەم خاڵانە نیشان دەدەین:

### ٢-٣-١: هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و فارسی

#### ٢-٣-١-١: گیرەکەکانی کات:

١- لەهەردوو زمانی کوردی و فارسیدا، کاتی (ڕابردوو، ڕانەبردوو) هەیە و گرینگی تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆ نمونە:

- ڕۆیشتم، رفتم (ڕابردوو).
- دەڕۆم، می روم (ڕانەبردوو).

٢- لە هەردوو زماندا، کاتی ڕابردوو: کارێکە کە کارەکە لە پێشتر ئەنجام دراوە و ڕابردووە، واتە دوای ڕوودان و ئەنجامدانی کارەکە قسەکەر هەواڵەکە دەگەیەنێت.

کاتی ڕانەبردوو: کارێکە، کە هێشتا ڕووی نەداوە و هەواڵەکەبەر لە ڕوودانی کارەکە یاخود لەکاتی ڕوودانەکە ڕادەگەیەنرێت، واتە بۆ ئێستا و ئایندەیە، کەواتە قسەکەر لەکاتی ئەنجامدانی کارەکە یاخود بەر لە ڕوودانی کارەکە، هەواڵەکە دەگەیەنێت.

٣- گیرەکی کاتی(ت، د)، لەهەردوو زماندا وەکو یەکن.

- کەوت، رفت.
- مرد، خواند.

٤- بەهەمان شێوەی یەکتر دەکرێ بە هاوەڵکارێکی کاتی، کاتە(ڕابردوو، ڕانەبردوو)ەکە، تەواو دەستنیشان بکرێت، بۆ نمونە:

- بەیانی دەڕۆم- فردا می روم. ⟵ (ڕانەبردوو).
- دوێنێ هاتم- دیروز امدم. ⟵ (ڕابردوو).

لەهەردوو نمونەکەدا دەردەکەوێت، کە بەهۆی هاوەڵکارە کاتییەکانی( بەیانی و فردا) بۆ کاتی ڕانەبردوو، (دوێنێ و دیروز) بۆ کاتی ڕابردوو، کاتەکە دەرخراوە.

٥- یاسای درووستبوونی کاتی ڕانەبردوو لە هەردوو زماندا بە هەمان شێوەی یەکترە:

دە+ ڕەگی کار+جێناوی لکاو ⟵ کاری ڕانەبردوو.

- دە+ خۆ+ م ⟵ دەخۆم.
- می+ ڕەگی کار+ جێناوی لکاو ⟵ کاری ڕانەبردوو.
- می+ خور+ م ⟵ می خورم.

٦- لەهەردوو زماندا( ڕەگی کار) بۆ کاتی ڕانەبردوو وەردەگیرێت، وەک:

- دەشۆم، شۆ (ڕەگی کار).
- می شورم، شور (ڕەگی کار).

## ٢-٣-١-٢: گیرەکەکانی دەمکات:

١- هەریەکە لە دەمکاتەکانی( ڕابردووی نزیک، ڕابردووی دوور، ڕابردووی تەواو، ڕابردووی بەردەوام)، لە هەردوو زماندا بەدی دەکرێن و هاوبەشن.

- دەستم گرت- دعوا کردم. (ڕابردووی نزیک)
- دەستم گرتبوو- دعوا کردە بودم (ڕابردووی دوور)
- دەستم گرتووە- دعوا کردە ام. (ڕابردووی تەواو)
- دەستم دەگرت- دعوا می کردم. ( ڕابردووی بەردەوام)[1]

٢- لە هەردوو زماندا(ئێستا و داهاتوو) هەیە و بە پێی دەمکاتەکە جیا دەکرێنەوە.

٣- لە هەردوو زماندا(ڕابردووی نزیک)، تەنها بە لێکردنەوەی (ن)ی چاووگ درووست دەبێت.

- کەوتن- ن ⟵ کەوت (ڕابردووی نزیک).
- افتادن- ن ⟵ افتاد (ڕابردووی نزیک).

٤- لەکاتی ڕابردووی دووردا، کەرەسەیەکی تا ڕادەیەک هاوبەش بەدی دەکرێت، ئەویش کاری یاریدەدەری(بوون) لە کوردیدا و(بودن) لە فارسیدا.

- بوون ⟵ ڕۆیشتبوون.
- بودن ⟵ رفتەبودن.

[1] یوسف شەریف سەعید، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسی دا، ل ٢٧٩-٢٨٢.

٥- هەروەها لەهەردوو زماندا بۆ ڕۆنانی کاری ڕابردووی بەردەوام، قەدی چاووگ وەردەگیرێت.

- دەڕۆیشتم ←—— ڕۆیشت(قەدی چاوگ)
- می رفتم ←—— رفت(قەدی چاوگ)

### ٢-٣-١-٣: گیرەکەکانی نادیاری:

**لە زمانی کوردی و فارسیدا:**

١- تەنیا گیرەکێکی نادیاری هەیە، کە لە زمانی کوردیدا (ر)یە و لە زمانی فارسیدا (ه)یە.

٢- تەنها کاری تێپەڕ ڕێژەی نادیاری بەسەردا دێت.

- بینرا_ دەبینرێت ..
- دیده شود_ دیده می شود ...

٣- هەندێ کاری لێکدراو هەن، کە هەرچەندە لە ڕووی واتا و ڕووکارەوە تێپەڕن، بەڵام ناکرێن بە نادیار، وەک (گوێگرتن، ڕێکردن، ئازارچەشتن، زەحمەتکێشان،زمین خوردن، حسرت بردن،...)

### ٢-٣-١-٤: گیرەکەکانی تێپەڕاندن:

لەهەردوو زماندا:

١- گیرەکی تێپەڕاندن بەیەک شێوە دەردەکەوێت، کە بریتین لە(/- اندن/، /- اند/، /- ان/)، کە بە گیرەکی بەندی تێپەڕاندن ئاماژەیان پێدراوە، بۆ نمونە:

- خەوتن ←—— خەواندن (کوردی)
- خوابیدن ←—— خواباندن (فارسی)

٢- گیرەکی بەندی تێپەڕاندن چالاکترین ڕێگەیە، بۆ بەهێزکردی توانای کار.

### ٢-٣-١-٥: گیرەکەکانی ناکردن:

لەهەردوو زماندا:

١- هەریەک لە گیرەکەکانی (ن، مَ، مە، نی)، هاوبەشن.

- نزانم، نگو...
- مکن، مەکە...
- نییە، نیست...

٢- لە نەرێ کردنی کاری ڕابردوودا هاوبەشن و بە گیرەکی (نە) نەرێ دەکرێن.

- ڕۆیشتن ⟵ نەڕۆیشت.
- رفت ⟵ نرفت.

٣- کاری داخوازی بە(مە) نەرێ دەکرێت.

- بخۆ ⟵ مەخۆ.
- بخور ⟵ مخور.

٤- هەریەک لە گیرەکەکانی (ن)ی کوردی و (نِ) فارسی، بە ڕێژەیەکی کەم بەدی دەکرێن و زیاتر گیرەکەکانی تری ناکردن چالاکن.

## ٢-٣-٢: جیاوازی نێوان زمانی کوردی و فارسی

### ٢-٣-٢-١: گیرەکەکانی کات:

١- لە زمانی کوردیدا گیرەکەکانی کات پێنج دانەن، ئەوانیش(ت، د، ا، و- وو،ی)، بەڵام لە زمانی فارسیدا گیرەکەکانی (ت،د) گیرەکی کاتین، کەواتە گیرەکەکانی(ا، و- وو، ی) لە کوردیدا هەن بەڵام لە فارسیدا نین.

٢- گیرەکی کاتی ڕانەبردوو لە زمانی کوردیدا بریتییە لە گیرەکی(دە-)، بەڵام لە زمانی فارسیدا پێشگری (می-)، گیرەکی کاری ڕانەبردووە.

- دەڕۆم.
- می روم.

٣- لە زمانی کوردی( کرمانجی ناوەڕاست)دا هیچ گیرەک و وشەیەکی تایبەت نییە بۆ کاتی ئێستا و داهاتوو، تەنها بە هاوەڵکارەکان کات دیاری دەکرێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا کەرەسەیەکی تایبەت هەیە، ئەویش بریتییە لە وشەی (خواه)، بۆ نمونە:

- خواهم رافت
- خواهم برد
- خواهد بوود

٤- لە زمانی فارسیدا دەگونجێ هەر کارێک ئەگەر گیرەکی کاتی ڕابردووی تێدا نەبێ، ئەوا کارەکە کارێکی ڕانەبردوو بێت و بە پێچەوانەشەوە، واتە دەکرێ بەهۆی گیرەکە کاتییەکانەوە کارەکە لە کارێکی ڕانەبردووەوە بگۆڕێت بۆ ڕابردوو، کە ئەمە بۆ زمانی کوردی ناگونجێت، بۆ نمونە:

- می خورم (ڕانەبردوو).          می خوردم (ڕابروو).
- می روم (ڕانوبردوو).          می رفتم (ڕابردوو).

لە نمونەی یەکەمیاندا کارەکان ڕانەبردوون، بەڵام بەهۆی زیادکردنی گیرەکە کاتییەکانی (/- ت/، /- د /)، کارەکە گۆڕاوە بۆ ڕابردوو.

### ٢-٣-٢-٢: گیرەکەکانی دەمکات:

١- دەمکاتەکەنی زمانی کوردی لە کاتی ڕابردوودا چوار جۆرن کە بریتین لە(ڕابردووی نزیک، ڕابردووی تەواو، رابردووی دوور، ڕابردووی بەردەوام)، بەڵام لە زمانی فارسیدا جگە لەم چوار جۆرە هەریەک لە دەمکاتەکەنی(ڕابردووی زۆر دوور، ڕابردووی تەواوی بەردەوام، ڕابردووی دانانی و مەلموسی، ڕابردووی تەواوی دوور و مەلموسی، ڕابردووی تەواو و بەردەوامی مەلموسی) هەن.

٢- بۆ کاتی ڕانەبردوو لە زمانی کوردیدا تەنها کاتی(ئێستا و داهاتوو)مان هەیە، بەڵام لە زمانی فارسیدا (ڕانەبردووی سادە و بەردەوام و ڕاگەیەندن و دانای و ئێستا و داهاتوو) هەن.

٣- لە زمانی فارسیدا هەندێ لە دەمکاتەکان بە یارمەتی گیرەکەکان و کارێکی یاریدەدەر درووست دەبن، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەمە نییە و ناگونجێت، بۆ نمونە بۆ کاتەکانی(ماضی بعید) واتە ڕابردووی دوور، کە بە هاوکاری کاری یاریدەدەری (بودن)، (ماضی التزامی) واتە ڕابردووی مەرج و دانانی بەهۆی کاری یاریدەدەری (باش)، (مضارع استمرار) واتە ڕانەبردووی بەردەوام بە یارمەتی(داشتن) و کاری (مستقبل) بەهۆی (خواه)ەوە درووست دەبن، بۆ نمونە:

- اورده بودم.
- رفته باشم.
- دارم مو روم.
- خواهم رفت.

٤- لە زمانی کوردیدا بۆ کاری ڕانەبردووی بەردەوام پێشگری (دە) بەکاردەهێنین، وە لە زمانی فارسیداپێشگری (می).

- دەم هێنا.
- می اوردم.

٥- لە زمانی کوردیدا گیرەکی دەمکاتی ڕابردووی تەواو، پاشگری(وە)یە، بەڵام لە فارسیدا(ە).

- پەرتوکەکەم هێناوە.
- کتاب را اوردە ام.

## ٢-٣-٢-٣: گیرەکەکانی نادیاری:

١- لە زمانی کوردیدا هیچ کارێکی یاریدەدەرمان نییە، بەڵکو تەنها گیرەکی(ر)، ڕۆڵی سەرەکی نادیاری دەبینێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا سەرەڕای بوونی گیرەکی(ە)، کاری یاریدەدەری (شودن) سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ ڕۆنانی نادیاری، بۆ نمونە:

- لە خەودا بینرا، لە خەودا دەبینرێت. (کوردی).
- خواب دیدە شودم، خواب دیدە می شوم. (فارسی).

لەم نمونانەدا ئەمە بەدی دەکرێت، کە لە کوردیدا تەنها بەهۆی گیرەکی (را، رێ)وە کارێکی نادیار درووست دەبێت، بەڵام لە فارسیدا جگە لە گیرەکی نادیاری(ە)، کاری یاریدەدەری (شدن) ئەم جۆرە کارە درووست دەبێت.

٢- لە زمانی کوردیدا گیرەکی تایبەتی کات دەچێتە سەر گیرەکی نادیاری (ر)، کە (ا) بۆ کاتی ڕابردوو،(ێ) ش بۆ کاتی ڕانەبردوو، واتە بە شێوەی(را، رێ) دەردەکەون، بەڵام لە زمانی فارسیدا ئەمە بەدی ناکرێت.

- (را)- شکێنرا.
- (رێ)- دەشکێنرێت.

### ٢-٣-٢-٤: گیرەکەکانی تێپەڕاندن:

١- لە زمانی فارسیدا گیرەکێکی جیاواز هەیە ئەویش پاشگری (انیدن)ە، کە هەمان ئەرکی (اندن،ان) دەبینێت، بەڵام لە کوردیدا ئەم گیرەکەمان نییە.

٢- خاڵێکی تری بەرچاو کە لە کوردیدا بە هیچ شێوەیەک نییە، دوو جار تێپەڕاندنە، کە لە فارسیدا کارێکی تێپەڕ دووبارە تێپەڕ دەکرێتەوە و دوو بەرکاری پێویست دەبێت.

- پوشید ⟵ پوشاند.
- لەبەرکردن ⟵ لەبەری کرداند.

### ٢-٣-٢-٥: گیرەکەکانی ناکردن:

١- لە زمانی کوردیدا گیرەکی(نا) بۆ نەرێ کردن هەیە، کە بۆ نەرێ کردنی کاتی ڕانەبردوویە، واتە دەچێتە شوێنی گیرەکی ڕانەبردووی(دە)، بەڵام لە فارسیدا ئەم گیرەکە نییە و گیرەکەکانی تر ئەم ئەرکە دەبینن، بۆ نمونە:

- دەڕۆم ⟵ ناڕۆم.
- دەخۆم ⟵ ناخۆم.
- دەخوێنم ⟵ ناخوێنم.

٢- لە زمانی فارسیدا لە ئێستادا کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو بە(نە) نەرێ دەکرێن، بەڵام لە زمانی کوردیدا کاری ڕانەبردوو بە (نا) نەرێ دەکرێت، بۆ نمونە:

- دەخوات ⟵ ناخوات.
- خورد ⟵ نخورد.
- می خورد ⟵ نمی خورد.
- بخور ⟵ نخور.

٣- لە زمانی کوردیدا گیرەکی (مە) گیرەکێکی زۆر چالاکە، بە پێچەوانەی زمانی فارسی کە لە ئێستادا زۆر بە کەمی بەکاردێت و گیرەکی (نَ )، شوێنی ئەویشی گرتۆتەوە و بە شێوەیەکی زۆر چالاک دەبینرێت و ئەرکی زۆری هەیە لە ناکردنی کاردا، هەرچەندە لە کوردیشدا لە شێوەزاری ناوەڕاستدا هەندێ جار لەجیاتی (مە)، گیرەکی (نە) بەکاردێت، بۆ نمونە:

- نەخۆ
- نەکە
- نەڕۆ
- نەبە
- نەشۆ

که بۆ حاڵەتی فەرماندان ئەمە زۆر بەکاردێت ، بۆ نمونە دەگووترێت:

- نەڕۆی
- نەخۆی

کە بەهەمان واتای (مەڕۆ، مەخۆ) دێت، بەڵام لە ئێستادا لە زمانی ستانداردا کاڵ بۆتەوە و کەمتر بەکار دێت.

کەواتە گیرەکە ڕێزمانییەکان بە گشتی مۆرفیمی بەندن لە زمانی کوردیدا، کە ژمارەیان دیاریکراو و پۆلێنییان داخراوە، کە ئەوانەی ئێمە لێرەدا باسمان کردوون هەریەکە لە ( کات، دەمکات، نادیاری، تێپەڕاندن و ناکردن) دەگرێتەوە، هەمان ئەو گیرەکانەش لە زمانی فارسیدا هەن بە لایەنە هاوبەش و جیاوازەکانییانەوە، ئەمەش نزیکی و کاریگەری ئەم دوو زمانە بەسەریەکەوە دەسەلمێنێ.

ئەوەی جێگای سەرنجە کە ئەم جۆرە گیرەکانە لە هەردو زمانەکەدا چالاکن و پانتاییەکی فراوان لە کاردا دەگرنەوە، بەڵام ئەم چالاکییە تا ڕاددەیەک جیاوازە لە گیرەکە فەرهەنگییەکانی کاردا، کە لە بەشی سێیەمدا کە تایبەتە بەمجۆرە گیرەکانە بەوردی و نمونەی شیکاری و بەراوردی نێوان هەردوو زمانەکە هەژمار دەکرێن.

## بەشی سێیەم:

## گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا

بە شێوەیەکی گشتی، لە هەموو زمانێکدا گیرەکە فەرهەنگییەکان ژمارەیان لە گیرەکە ڕێزمانییەکان زیاترە و ناتوانین سنورێکیان بۆ دیاری بکەین و بە تەواوی هەژماریان بکەین، بەڵکو بەگوێرەی کات و شێوەزاری قسەپێکەران و ناوچەکان، کە گۆڕان بەسەر ژمارە و چۆنیەتیاندا دێت و هەردەم وەک خۆیان نامێننەوە، ئەمەش بە گوێرەی گەشە و مردن و لەدایک بوونی وشەو دەستەواژەکان، کە بێگومان ئەمە زیاتر لە ڕێگەی گیرەکەکانەوە ڕوودەدات، وشەی کۆن دەمرێت و وشەی نوێ دێتە سەرزاری قسەپێکەران، کە هەریەک لەزمانی کوردی و فارسیش لەم تایبەتمەندییەی زمان بەدەر نین، ئێمە لێرەدا بەگوێرەی سنووری باسەکەمان تەنها ئاماژە بە گیرەکەکانی کار دەکەین لە هەردوو زماندا.

### ٣-١: گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردیدا

هەروەکو پێشتر باسمان کرد گیرەکەکانی کار بە شێوەی پێشگر یان پاشگر بە وشەکەوە دەلکێن، کە زیاتر ئاشنایەتییان لەگەڵ ڕەگ هەیە، ئێمە لێرەدا هەریەکە لە پێشگرو پاشگرە فەرهەنگییەکانی کار دەخەینە ڕوو:

### ٣-١-١: پێشگرە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردیدا

بێگومان پێشگرە فەرهەنگییەکانی کار ژمارەیان زیاترە وەک لە پاشگرەکان، پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە پێشگرەکان زیاتر واتایان لەگەڵ واتای بنکەدا دەتوێتەوە، بۆیە زۆرجار واتایەکی لێڵ یان ناڕوونیان هەیە و زۆرجاریش واتاکەیان لە بنکەیەکەوە بۆ بنکەیەکی تر دەگۆڕێت، کە لەم نمونانەی خوارەوەدا ئەمە ڕوون دەبێتەوە و بە شێوەیەکی گشتی پێشگرە دیارەکانی کار، بەپێی گرنگی و چالاکیان و تایبەتمەندییەکانیان دەخەینەڕوو:

**١- پێشگری /دا-/:**

ئەم پێشگرە بەواتای گۆڕان یاخود دابەزاندنی شتێک بەرەو خوار دێت، واتە بەزۆری بزووتنەوەی بەرەو خوار نیشان دەدات[1]، کە چەند نمونەیەکی نوێ دەهێنێتە ناو زمانەوە، لەشێوەی داڕژاو و لێکدراو، بۆ نمونە:

١- داڕژاو: ئەم پێشگرە زیاتر دەچێتە سەر چاوگ و وشەی فەرهەنگی نوێ ساز دەکات، بۆ نمونە:

(/ دا-/)+چاوگی سادە( کاری ڕوودان )= کاری داڕژاو

- داگرتن
- داباربن
- دابەستن
- دابڕان
- دابڕین
- داپەستاوتن
- داپەستران
- داچڵەکین
- داچێنران
- داچوون
- داخزان
- داخزین[2]
- داکەوتن[1]

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەو ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، ل ٩١.
[2] گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد(فەرهەنگێکی قوتابخانەیی کوردی و ئارەوییە)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢ ز، ل ٢٠٩-٢١٠.

- داچەکان
- دابڕسکان
- دابەزین[2]
- داخوران
- داشۆرین
- داشڵەقان
- داڕووخان
- داهێنان

پێویستە تێبینی ئەوەش بکەین، کە هەندێکات لە چاوگی (هێنان) واتایەکی تری جگە لە واتای بەرەو خوار دەدات بەدەستەوە، بە خستنەسەری ئەم پێشگرە بۆسەر کاتەکانی ڕابردوو یان ڕانەبردووی هەمان کار، کە کاری (هاتوو) خۆی ڕابردووە بەڵام کە پێشگری (دا)ی بخرێتە سەر دەبێتە ڕانەبردوو و (دێت) یش هەر وەک خۆی بە ڕابردوویی دەمێنێتەوە و بە بەرگێکی نوێوە دەردەکەوێت، بەم شێوەیە:

- داهاتوو
- دادێت

هەروەها پێشگری(دا)، دەچێتە سەر کارێکی بنەڕەتی و کارێکی نوێی داڕژاو درووست دەکات، بۆ نمونە:

- دەگرم ← (دا+ دەگرم) ← دادەگرم.

یاخود دەچێتە سەر کاری تێپەڕ:

---

[1] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا(عەرەبی- کوردی)، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی مەهارەت، تاران، ٢٠٠٧ ز، ل٨٤٣.
[2]عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە، فەرهەنگی ڕامان(ئێتیمۆلۆژیی زمانی کوردی)، بەرگی یەکەم، (بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی (ebook) بڵاودەبێتەوە)، ٢٠١٤ ز، ٣٦٢.

پێشگری(دا)+ کاری تێپەڕ= کاری داڕژاو:

- داپەڕاندن
- داپڵۆخاندن
- داپڵۆسکاندن
- داچاندن
- داچەقاندن
- داچەماندن
- داخرماندن
- داخورپاندن
- داڕوشاندن
- داشکاندن[1]
- داپچڕاندن
- داتروسکاندن

٢- لێکدراو:

دەچێتە سەر کارە لێکدراوەکان کە خۆیان چاوگی لێکدراون، بۆ نمونە:

- بەشکردن:

پێشگری(دا)+ بەشکردن= دابەشکردن

- دابەش دەکەم.
- دابەشمان کرد.
- دابەشیان کردبا.

پێشگری(دا)+ گیرکردن= داگیرکردن[1]

---

[1] گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، ل٢٠٩- ٢١٣.

- داگیر دەکەم.
- داگیرمان کرد.
- داگیریان کردبا.

**٢- پێشگری /هەڵ-/ :**

بە پێچەوانەی پێشگری(/دا-/)، ئەم پێشگرە زیاتر بزووتنەوەی بەرەو سەر نیشان دەدات، کە ئەمەشیان دەچێتە سەر چاوگێکی سادە و لێکدراو کارێکی نوێی دارڕژاو یاخود لێکدراو دێنێتە ناو زمان، بەم شێوەیە:

١- دارڕژاو:

پێشگری(دا)+ اوگی سادە= کاری دارڕژاو

- هەڵچوون
- هەڵگەڕان
- هەڵهێنان
- هەڵخستن
- هەڵدان
- هەڵماڵین
- هەڵکوتان
- هەڵکەندن
- هەڵبەزین
- هەڵئاوێژتن(هەڵهاویشتن)
- هەڵبڕان
- هەڵبڕین

---

[1] گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤.

- هەڵپاچین
- هەڵپڕووکان
- هەڵپێچراو
- هەڵتەکان
- هەڵچنین
- هەڵداشتن
- هەڵدان
- هەڵسوڕان
- هەڵپاچین
- هەڵخزین
- هەڵشێلان
- هەڵقوڵان
- هەڵکەوتن
- هەڵنیشتن
- هەڵماشتن
- هەڵمژین
- هەڵنراو
- هەڵکردن
- هەڵگیرسان
- هەڵهێنان[1]
- هەڵتۆزین(توڕەبوون)
- هەڵتۆقین
- هەڵتەقین[2]
- هەڵکەندن

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠٦- ٥٠٩.
[2] دکتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە، فەرهەنگی ڕامان، ل١٢٨٩.

- هەڵکزان[1]
- هەڵبەستن
- هەڵبواردن
- هەڵبەزین
- هەڵپروزکان
- هەڵپەرتاوتن
- هەڵتروشکان
- هەڵخلیسکان
- هەڵخەڵەتان
- هەڵپەرداوتن

دەکرێ بڵێین((فۆرمە نوێیەکە دوای ڕۆنانی، ڕەنگە بچێتە فەرهەنگەوە.))[2]، چونکە ئەگەر لەم نمونانەی سەرەوە بڕوانین، هەریەک لە وشەکانی(چوون، گەڕان، هێنان، خستن، دان، ماڵین، کوتان، کەندن،........)، چاوگ یاخود کارێکی بنەڕەتین و ئەرک و واتای خۆیان هەیە، بە زیاد بوونی(هەڵ)، کە چۆتە پێش کارەکە یاخود چاوگەکە، دووبارە کارێکی نوێی لەشێوەی کاری داڕژاو درووست کردووە، کە واتایەکی تری هەیە و قسە پێکەران بەکاری دەهێنن، وەکو پێویستییەکە بۆ کاروباری ڕۆژانە و جێگەیەکی پڕکردۆتەوە لەپاڵ ئەو وشانەی کە بەکاردەهێنرێن بۆ لەیەک تێگەیشتن.

هەندێ کات ئەم پێشگرەش واتای سەربەرەو خوار نیشان دەدات بۆ نمونە:

- هەڵوەشان

---

[1] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا(عەرەبی- کوردی)، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی مەهارەت، تاران، ٢٠٠٧ ز، ل٧١- ٤٧١.

[2] Fromkin, An introduction to language, Holt, Rinejart and inston Ius, U.S.A, 1988, p132

- هەڵهاتن
- هەڵهاوردن
- هەڵوەرین

هەروەها دەچێتە سەر کارە تێپەڕەکان:

(/ هەڵ-/)+ کاری تێپەڕ= کاری داڕژاو

- هەڵبەزاندن
- هەڵبژاردن
- هەڵپچڕاندن
- هەڵپڕوزاندن
- هەڵکروزاندن
- هەڵساندن
- هەڵچەقاندن
- هەڵچۆڕاندن
- هەڵسەنگاندن
- هەڵقرچاندن
- هەڵوەشاندن
- هەڵگیرساندن
- هەڵتۆترەقاندن
- هەڵچەرخاندن[1]
- هەڵخەڵەتاندن[2]

---

[1] گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، ل٥٠٦- ٥٠٩.
[2] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا (بەرگی دووەم)، ل ٧١.

٢- لێکدراو:

پێشگری(هەڵ)+ کاری لێکدراو

- هەڵدەستکەوتن

زۆربەی کات پێشگرەکە دەکەوێتە سەر بەشی دووەمی کارە لێکدراوەکە، بۆ نمونە:

- ئاو هەڵکێشان
- خۆ هەڵکێشان
- سوورهەڵگەڕان[1]

**٣- پێشگری/ پێ-/:**

ئەم پێشگرەش لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیە وشەی فەرهەنگی ساز دەکات:

١- داڕژاو:

پێشگری(پێ)+ (چاوگی سادە)= کاری داڕژاو

- پێکەنین
- پێناساندن
- پێگرتن
- پێ ئەسپاردن
- پێ سپاردن
- پێبڕان

[1] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا (بەرگی یەکەم)، ل٤٩٧- ٥١١.

- پێچوون(پێچواندن- کارێکی تێپەڕە)
- پێگەیین
- پێخوڕین(شانازی بەخۆوە کردن)
- پێخواردن
- پێزانین
- پێگەیشتن[1]
- پێکەوتن
- پێزانین
- پێکان[2](کان- لە چاوگی کەندن وەرگیراوە)
- پێلێن[3]

بەشێوەیەکی تر بە هاوکاری گیرەکەکانی(دا، ڕا، وە، وەر)، وشەی تر دروست دەکات، بۆ نمونە:

- پێ + دا+ دان= پێدادان
- پێ+ دا+ بردن= پێدابردن
- پێ + دا+ چوون= پێداچوون
- پێ+ دا+ نووسان= پێدانووسان
- پێ+ دا+ خوڕین= پێداخوڕین
- پێ+ دا+ گرتن= پێداگرتن
- پێ+ دا+ ماڵین= پێداماڵین
- پێ+ دا+ هاتن= پێداهاتن
- پێ+ دا+ کردن= پێدا کردن

---

[1] گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، ١٤١- ١٤٢.
[2] عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە، فەرهەنگی ڕامان، ل١٨٢- ١٨٣.
[3] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا(بەرگی دووەم)، ل١٢٦٩.

- پێ + ڕا + گەیشتن = پێڕاگەیشتن
- پێ + ڕا + گەیاندن = پێڕاگەیاندن
- پێ + ڕا + هاتن = پێڕاهاتن
- پێ + ڕا + هێنان = پێڕاهێنان
- پێ + ڕا + گەیێن = پێڕاگەیێن
- پێ + ڕا + گەیاندن = پێڕاگەیاندن
- پێ + دا + ناردن = پێداناردن
- پێ + وە + دان = پێوەدان
- پێ + وە + خستن = پێوەخستن
- پێ + وە + نووسان = پێوەنووسان
- پێ + وە + کردن = پێوەکردن
- پێ + وەر + بوون = پێوەربوون

٢- لێکدراو:

پێشگری (پێ) + کاری لێکدراو

- پێ + خۆشبوون = پێخۆشبوون[1]
- پێ + بەختکردن = پێ بەختکردن[2]

بەهەمان شێوەی پێشگری (هەڵ)، ئەم پێشگرەش دەگونجێت بچێتە سەر بەشی دووەمی کارە لێکدراوەکە، بەم شێوەیە:

- باوەڕکردن: باوەڕ + پێ + کردن = باوەڕپێکردن[1]

---

[1] گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، ل١٤٢.

[2] مەلا عەلی مامەجەلکەیی، گاڵە و ڕێزمانی کوردی، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی: د. خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، د. هێمن عومەر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی دەستنوسخانەی زانکۆی سۆران، سۆران، ٢٠١٦ ز، ل٤٤.

- سەرشۆڕکردن: سەر+ پێ+ شۆڕکردن= سەر پێ شۆڕکردن[2]

**٤- پێشگری/ تێ-/:**

ئەم پێشگرەش وەکو پێشگرێکی کار دەور دەبینێت، کە بەهۆی ئەمەوە چەند وشەیەک دێنە ناو فەرهەنگەوە، وەکو:

١- دارِژاو:

پێشگری(تێ)+ کاری سادە= کاری دارِژاو

- تێگەیشتن
- تێخزان
- تێخزین
- تێخستن
- تێچوون
- تێپەڕین
- تێکردن
- تێکۆشین[3]
- تێ بەردان
- تێ چەسپان
- تێ ڕژان
- تێکەوتن
- تێکۆشان

---

[1] عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە، فەرهەنگی ڕامان، ل٣٤٣.
[2] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا (بەرگی یەکەم)، ل١٠٢.
[3] عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە، فەرهەنگی ڕامان، ل٢٦٠.

- تێگرتن[1]

بەم شێوەیەش دەچێتە سەر کاری تێپەڕ:

پێشگری(تێ)+ کاری تێپەڕ= کاری تێپەڕی داڕژاو

- تێپەستاندن
- تێخزاندن
- تێ تووڕاندن(بچووککردنەوە)
- تێ چاندن
- تێشکاندن[2]

لێرەدا نمونەی (تێشکاندن) هەیە، کە لە پێشووتر(تێکشکاندن) بووە، بەڵام بۆ ئاسانتر دەربڕین و گونجان پیتی(ک) تێچووە و (تێ) ماوەتەوە، واتە بە گوێرەی بەکارهێنان و تێپەڕبوونی کات (تێکشکاندن) بووەتە (تێشکاندن)، تێشکان، یاخود وشەکانی(تێخستن، تێبەردان، تێخزان- تێخزین) بەهەمان شێوە پێشتر(تێکخستن، تێکبەردان، تێکخزان) بوون، کەواتە دەکرێ بڵێین ئەم پێشگرە سەرەتا لە هەندێ لە وشەکان بە شێوەی(تێک) بەکارهێنراوە و دواتر فۆرمی گۆڕاوە.

٢- لێکدراو:

- تی هەڵچوون
- تێ هەڵێنان(تێ هەڵهێنان)
- ئاور تێ بەردان[3]
- ڕوو تێ کردن

---

[1] گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، ل١٦٥- ١٦٧.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦..
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل١٨- ١٦٥- ١٦٧.

- تـێ گیر کردن[1]

**٥- پێشگری/ لـێ- /:** ئەم پێشگرەش پێشگرێکی چالاکی کارە، کە دەچێتە سەر وشەی سادە و لێکدراو و وشەی دارِژاو و لێکدراوی نوێ ساز دەکات، بەم شێوەیە:

١- دارِژاو:

پێشگری(لـێ)+ چاوگی سادە= کاری دارِژاو

- لێپۆشین
- لێکردن
- لێقەومان
- لێقەومین
- لێنان
- لێخستن
- لێکەوتن
- لـێ هەستان[2]
- لـێ بووردن
- لـێ برِین
- لـێ بوورین
- لـێ چوون
- لـێ خەفتان
- لـێ قەومان

[1] هەژار، هەنبانەبۆرینە(فرهنگ کردی- فارسی)، چاپ سوم، سروش، تهران، ١٣٨١هـ.ش، ص١٧٦.
[2] عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە، فەرهەنگی رام،ان، ل٢١٨.

- لێ گەڕان
- لێ گرتن
- لێ گۆڕان
- لێ وەستان
- لێ وەرگرتن
- لێ گەڕان
- لێ دوان
- لێ دران[1]
- لێ بڕان
- لێ هاتن
- لێ خوڕین[2]
- لێ گرێدان
- لێ ڕوانین
- لێ هەستان
- لێ هاڵاندن
- لێ هەڵاتن
- لێ هەڵدان
- لێ هاندان

٢- لێکدراو:

- لێ درووست بوون
- ڕێگە لێ گرتن
- لێ پەیدابوون[3]

---

[1] گیوی موکریانی، فەرهەنگی دەریا، ل٤٢٣- ٤٢٦.
[2] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا، بەرگی یەکەم، ل ٣٦١.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل١١٠.

- لـێ پیسکردن
- لـێ تێکچوون
- ڕو لـێ وەرگێڕان[1]
- لـێ خۆشبوون
- ڕق لـێ بوون[2]
- چاو لـێ قوچاندن
- چاو لـێ سوڕاندن
- ڕوو لـێ نان
- سەر لـێ شێواندن
- سەر لـێ بادان
- فەرمو لـێ کردن
- ڕێز لـێ نان[3]

**٦- پێشگری/ ڕا-/:**

ئەم پێشگرەش بە هەمان شێوە بە چەند جۆرێک وشەی نوێی فەرهەنگی ساز دەکات، کە زیاتر واتای جوڵەی تێدایە، بۆ نمونە:

١- داڕژاو:

پێشگری(ڕا)+ چاوگی سادە= کاری داڕژاو

- ڕاگرتن
- ڕاهێنان

---

[1] گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، ل٢٥٣- ٤٢٣.
[2] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا (بەرگی یەکەم)، ل٨.
[3] مەلا عەلی مامەجەلکەیی، گاڵە و ڕێزمانی کوردی، ل٤٣- ٦٣.

- ڕامالْین
- ڕاپەڕین
- ڕابورد[1]
- ڕاکردن
- ڕابواردن
- ڕابینین
- ڕانەسپێرراو
- ڕاپسکان
- ڕامووسان
- ڕاگەیشتن
- ڕاکەتن
- ڕاوەستێنراو(ڕاوەستان)
- ڕاهێشتن[2]
- ڕاچلْەکین
- ڕاچەنین[3]

٢- لێکدراو:

پێشگری(ڕا)+ کاری لێکدراو= کارێکی لێکدراوی نوێ

- ڕاسەرکردن
- ڕاگیر کردن
- ڕاگیراو کردن[4]

[1] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا(بەرگی دووەم)، ل٨٤١.
[2] گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، ل٢٤١- ٢٤٥.
[3] عەبدوڵلا ئیبراهیم زادە، فەرهەنگی ڕامان، ل٤٠٩- ٤١٠.
[4] گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، ل٢٤٣- ٢٤٤.

### ٧- پێشگری/ دەر-/:

ئەم پێشگرەش لە زمانی کوردیدا پێشگرێکی چالاکە، چونکە زۆربەی چاوگەکان بەهۆی خستنەسەری ئەم پێشگرەوە وشەی نوێیان لێ درووست دەبێت، ئەرکی ئەم پێشگرەش لەوەدایە کە یان مانایەکی تایبەتی لە چوارچێوەی مانا گشتییەکەدا یان مانایەکی تازە بە وشەکە دەبەخشێت[1]، بۆ نمونە:

١- دارِژاو:

- دەرخستن
- دەرپەڕین
- دەرهێنان
- دەرکردن
- دەربڕین
- دەرهاویشتن
- دەرهاتن
- دەرکەوتن
- دەرچوون
- دەرکران[2]

٢- لێکدراو:

- دەر باز بوون(لە چاوگی بزوتن وەرگیراوە)
- دەر خوارد دان
- دەر نخونکردن[3]

---

[1] عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە، فەرهەنگی ڕامان، ل٤٠٨.
[2] گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، ٢١٨- ٢١٩.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩- ٢١٩٠

### ٨- پێشگری/ وەر-/:

ئەم پێشگرەی کاریش چەن وشەیەکی نوێی فەرهەنگی بنیات دەنێت، بۆ نمونە:

- وەرگرتن
- وەرچەرخان
- وەرگێڕا
- وەرگەڕان
- وەرپێچان
- وەرگیران
- وەرخستن
- وەرسوڕان
- وەرکەوتن
- وەرکردن
- وەرچەپین
- وەرساندن
- وەرسوڕان
- وەرقلان[1]

### ٩- پێشگری/ ڕۆ-/:

ئەم پێشگرە بەهەمان شێوەی پێشگری(دا)، زیاتر بۆ مەبەستی بزووتنەوە بەرەو ژێرە یاخود ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەیە، بۆ نمونە:

---

[1] هەژار، هەنبانەبۆرینە، ص٩١٩- ٩٢٠.

- ڕۆچوون
- ڕۆکردن
- ڕۆتەفتان(ڕۆتەفتاندن) واتە(دامرکاندن)
- ڕۆکەوتن
- ڕۆهێشتن[1]
- ڕۆنیشتن

**١٠- پێشگری / بێ-/:**

ئەم پێشگرە بێ بەشبوون یاخود نەبوون و نەمانی شتێکە، کە بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە، ئینجا بەرجەستە بێت یاخود واتایی، بۆ نمونە:

- بێ توانا بوون
- بێ ڕێزی کردن
- بێ هۆش بوون
- بێ هۆش کردن
- بێ بەش بوون
- بێ بەش کردن
- بێ کەس بوون
- بێ کەس کردن
- بێ سامان بوون
- بێ ناز بوون
- بێ ناز کەوتن
- بێ ئاگا بوون
- بێ وەی بوون
- بێ وار بوون

[1] گیوی موکریاننی، فەرهەنگی مەهاباد، ل٢٥٢- ٢٥٣.

- بێ هیوا بوون
- بێ نیاز بوون
- بێ دەنگ بوون
- بێ دەنگ کردن

### ٣-١-١-١: چەند تایبەتمەندییەکی پێشگرەکان

١) لێرەدا هەریەک لە پێشگرەکانی (/ پێ-/، / تێ-/، / لێ-/)، بەبێ گۆڕانکاری وشەی نوێیان دروستکردووە و وەکو خۆیان بە پێشی وشەکەوە لکاون، بەڵام ئەمە هەندێ جار لە سینتاکسدا گۆڕانی بەسەردادێت و پێشگرەکان شێوەیان دەگۆڕێت، بۆ نمونە:

- پشت + پێ + بەست ⟵ پشت بە خوا بەستن.
- پێ ⟵ پێدان ⟵ دیاریەکەم بە ئەودا.
- تێ ⟵ تێکردن ⟵ ئاوەکەم لە تانکیەکە کرد.
- لێ ⟵ لێدان ⟵ لە دەرگام دا.
- لێ + پێ ⟵ کەوتن ⟵ لە پێ کەوتن.
- لێ + ڕوو + هەڵ + هاتن ⟵ لە ڕوو هەڵهاتن.
- لێ + کەوتن ⟵ لە زمان کەوتن.
- لێ + بڕین ⟵ لق لە دار بڕین.[1]

ئەگەر لەم نمونانە بڕوانین دەبینین کە (پێ) دەگۆڕێت بۆ (بە) و هەریەکە لە (تێ، لێ) دەگۆڕێن بۆ (لە)، کەواتە ئەم سێ پێشگرە فۆڕمیان زۆر جێگیر نییە و گۆڕانکارییان بەسەردا دێت.

---

[1] مەلا عەلی مامەجەلکەیی، گاڵە و ڕێزمانی کوردی، ل ٤٣- ٤٤.

٢) هەندێ کات بە یارمەتی یەکتری، وشە درووست دەکەن، ئەمیش بە تێکەڵبوونی پێشگری(پێ، تێ، لێ) لەگەڵ (دا، ڕا، وەر):

| | + دا: | + ڕا: | +وەر: |
|---|---|---|---|
| پێ: | پێداکردن، پێدادان، پێداچوون پێداگرتن، پێدابردن، پێداڕۆیشتن پێداڕشتن، پێداناردن.... | پێڕاگەیشتن، پێڕاگەیاندن، پێڕاهاتن، پێڕاگرتن... | پێوەربوون، پێوەرکردن... |
| تێ: | تێداچوون، تێداچواندن، تێدابوون... | تێڕاچوون، تێڕامان، تێڕابینین... | تێوەردان، تێوەرگرتن، تێوەرپێچان... |
| لێ: | لێداگرتن... | لێڕاگرتن، ڕا لێبوون،.... | لێوەرگرتن، لێوەرگێڕان، لێوەرپێچان... |

٣) هەندێک لە وشەکان زیاتر لە پێشگرێک وەردەگرن و واتای جیاواز دەبەخشن و وشەیەکی فەرهەنگی نوێ پێکدەهێنن:

گرتن:

- دا + گرتن ⟵ داگرتن
- ڕا + گرتن ⟵ ڕاگرتن
- هەڵ + گرتن ⟵ هەڵگرتن

- وەر + گرتن ⟵ وەرگرتن
- پێ + گرتن ⟵ پێگرتن
- لـێ + گرتن ⟵ لێگرتن

هێنان:

- دا + هێنان ⟵ داهێنان
- ڕا + هێنان ⟵ داهێنان
- هەڵ + هێنان ⟵ هەڵهێنان
- دەر + هێنان ⟵ دەرهێنان

پەڕین:

- دا + پەڕین ⟵ داپەڕین (وشەیەکە لەگەڵ وشەی هەڵپەڕین بەکار دەهێنرێت، بۆ نمونە دەگووترێت (هەڵپەڕین و داپەڕین).
- ڕا + پەڕین ⟵ ڕاپەڕین
- هەڵ + پەڕین ⟵ هەڵپەڕین
- دەر + پەڕین ⟵ درپەڕین

کردن:

- دا + کردن ⟵ داکردن
- ڕا + کردن ⟵ ڕاکردن
- هەڵ + کردن ⟵ هەڵکردن
- دەر + کردن ⟵ دەرکردن

ماڵین:

- دا + ماڵین ⟵ داماڵین

- ڕا +ماڵین ⟵ ڕاماڵین
- هەڵ + ماڵین ⟵ هەڵماڵین

### ٣-١-٢: پاشگرە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردیدا

لە ئێستای زمانی کوردیدا چەند پاشگرێک هەن، کە ڕۆڵێکی فەرهەنگی دەگێڕن، ئەمانیش بریتین لە:

**١- پاشگری/- ەوە/:**

ئەم پاشگرە چالاکترین پاشگرە، دەورێکی باڵای هەیە و چەند واتایەک دەگەیەنێت و دەیان وشەی نوێ پێکدەهێنێت، شێرکۆ بابان دەڵێت: ((ڕەگەزی (ەوە) وەک پسوولەی بڕیوە، کە بچێتە سەر هەر ڕێژەیەک کە لە چاوگەوە گەردان کرابێت))[1]، کە واتا سەرەکییەکانی بریتین لە:

١- گۆڕینی واتای وشە:

- بەربوون ⟵ بەربوونەوە
- لێکدان ⟵ لێکدانەوە
- سڕین ⟵ سڕینەوە

٢- گەڕانەوە:

- ڕۆیشتن ⟵ ڕۆیشتنەوە
- چوون ⟵ چوونەوە

٣- دووبارە بوونەوە:

---

[1] شێرکۆ بابان، ڕێزمانی پاشگری دووپاتیی((ەوە))، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١ ز، ل٩.

- هەستان ⟵ هەستانەوە
- نووستن ⟵ نووستنەوە[1]
- هۆنین ⟵ هۆنینەوە
- درەوشان(درەخشان) ⟵ درەوشانەو(درەخشانەوە)

ئەم پاشگرە چەند ئەلۆمۆرفێکی هەیە و بە چەند دانەیەکی جیاواز دەردەکەوێت، ئەمەش بەگوێرەی پێویستی و چۆنیەتی وشەکە، کە بریتین لە:

**١- ئەلۆمۆرفی /- یەوە /:**

ئەمەشیان بۆ دووبارەکردنەوە بەکاردێت کە دەلکێ بە کۆتایی ئەو کارە ڕابردووانەی کە کۆتاییان بە پیتی بزوێنی(ا) دێت، بۆ نمونە:

- کێڵا ⟵ کێڵا + یەوە ⟵ کێڵایەوە.
- خوسێنرا ⟵ خوسێنرا + یەوە ⟵ خوسێنرایەوە.[2]

**٢- ئەلۆمۆرفی /- وە /:**

بەهەمان شێوە ئەمەشیان بە کۆتایی کارێکەوە دەلکێت، کە بە (ا) کۆتایی هاتبێت، بۆ نمونە:

- فرۆشراوە
- گیراوە
- بردراوە
- خوراوە

---

[1] ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەو ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، ل٩٩.

[2] نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، ل١٨٥.

- شۆڕاوە

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە ئەم پاشگرە زیاتر لە (وە)ی کاری ڕابردووی تەواو نزیک دەبێتەوە، بە شێوەیەک کە بە کۆنتێکست نەبێ لە یەکتری جیا ناکرێنەوە.

### ٣- ئەلۆمۆرفی /- تەوە/:

ئەمەشیان هەر بۆ دووبارە کردنەوەیە، لەگەڵ کارێکدا دێت کە کۆتایی بە( ا، ی، ێ)هاتبێت[1]، وەکو:

- دەڕواتەوە
- بخولێتەوە
- دەڕوێتەوە
- بنوێتەوە

### ٤- ئەلۆمۆرفی / - ۆتەوە/:

لەگەڵ کارێکدا دێت، کە لە چاوگی(تائی و دالی)وەرگیرابێت واتە لەگەڵ کارێکی سادەی ڕابردوو بەکار دێت کە کۆتایی هاتبێت بە(ت، د) و مانای دووبارەبوونەوەی کارەکە دەگەیەنێت، بۆ نمونە:

- چاند ⟵ چاندۆتەوە
- ڕست ⟵ ڕستۆتەوە
- برد ⟵ بردۆتەوە
- شوشت ⟵ شوشتۆتەوە

[1]نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦.

### ٢- پاشگری/ - اندن/:

لە بەشی پێشووتر ئەم پاشگرەمان وەکو دانەیەکی ڕێزمانی باس کرد و خستمانەڕوو، لێرەشدا وەکو پاشگرێکی فەرهەنگی دەردەکەوێت و ئەم ئەرکەش دەگێڕێت، واتە وشەی نوێ دەهێنێتە ناو زمانەوە، چونکە سروشتی ئەم پاشگرە وایە، کە هێز دەگۆڕێت واتە لاوازی هێز(تێنەپەڕ) دەکات بە بەهێز(تێپەڕ)، بۆیە پسپۆڕانی زمان بە ڕێزمانی دادەنێن، بەڵام لەبەرئەوەی هێزی کار بە چاوگەوە پەیوەستە، بۆیە دەبێتە فەرهەنگی، کەواتە پاشگری (/- اندن/) هەم ئەرکی ڕێزمانی و هەم ئەرکی فەرهەنگیشی هەیە، بۆ نمونە:

- برژاندن
- کرتاندن
- ڕژاندن
- خەواندن
- کەواندن
- خزاندن
- ڕواندن
- بڕاندن

لەم نموونانەدا پاشگری (/- اندن/)، لەگەڵ هەریەک لە (برژ، کرت، ڕژ، خەو)، کە ڕەگی کارن، هاتووە و کارێکی نوێ و فەرهەنگی بنیاتناوە.

لێرەدا چەند کارێک یاخود چاوگێکی لێکدراو دەخەینەڕوو، کە پاشگری(ەوە) وەردەگرن:

- لێک کردنەوە

- ڕوو بەڕوو بوونەوە[1]
- تازەبوونەوە
- نزیککردنەوە
- دووپاتکردنەوە(دووبارەکردنەوە)[2]
- بڵاوبوونەوە
- خەبەری بووەوە[3]
- کۆبوونەوە
- بڵاوبووەوە
- زیندو بوونەوە
- بەرز کردنەوە
- ڕووناک کردنەوە
- ڕۆشنکردنەوە
- ڕۆکردنەوە
- دوورخستنەوە
- خاڵی کردنەوە
- لێک بوونەوە
- تاقیکردنەوە
- پووچکرایەوە
- بەتاڵکرایەوە
- خۆڕازاندنەوە
- ڕووناکی دانەوە
- ڕوون کردنەوە
- ڕێک کەوتنەوە

---

[1] مەلا عەلی مامەجەلکەیی، گاڵە و ڕێزمانی کوردی، ل٤٣- ١٣٨.
[2] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا (بەرگی یەکەم)، ل١٨-٨٩.
[3] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا (بەرگی دووەم)، ل ١٥٦٦- ١٦٥٥.

- خوارکردنەوە
- کەم بوونەوە
- بیانو هێنانەوە
- ئاشت کردنەوە
- یەک گرتنەوە
- هێواش کردنەوە
- لەبەر گرتنەوە
- دوورکەوتنەوە[1]
- کۆکردنەوە[2]
- دوورخستنەوە
- کوژانەوە
- بەتاڵکردنەوە
- لەبەرگرەوە
- پوچەڵکردنەوە[3]

### ٣-١-٣: پێشگر و پاشگرەکان بەیەکەوە:

هەندێ کات دەگونجێت، پێشگر و پاشگرەکان بەیەکەوە وشەیەکی نوێی فەرهەنگی ساز بکەن، وەکو:

/ دا-/+ /- ەوە /=

- داکەوتنەوە

---

[1] ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا (بەرگی یەکەم)، ٥- ٦٣٨.
[2] فاضل نظام الدین، فەرهەنگی شیرین، چاپی چوارەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧ ز، ل١١٦-٧٢٥.
[3] گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد، ل٢٣٤.

- داچەمینەوە
- داگرتنەوە

/ هەڵ -/+ /- ەوە / =

- هەڵکەوتنەوە
- هەڵگرتنەوە
- هەڵکردنەوە
- هەڵبژاردنەوە
- هەڵبەزینەوە
- هەڵزەقینەوە
- هەڵدانەوە
- هەڵوەشانەوە
- داکەوتنەوە

/ لێ -/+ / - ەوە /=

- لێکۆڵینەوە
- لێپرسینەوە
- لێبوونەوە
- لێکردنەوە
- لێوەشانەوە
- لێبردنەوە
- لێگرتنەوە

/ پێ -/+ /- ەوە /=

- پێوە کردن

- دەست پێکردنەوە
- پێوە نووسان
- پێکەوە

/ تێ -/+ / - ەوە /=

- تێوەگلان

/ وەر -/+ /- ەوە /=

- وەرسووڕانەوە

/ پێ -/+ / دا -/+ / ەوە -/=

- پێداچوونەوە
- پێداچوونەخوارەوە

/ تێ -/+ / هەڵ -/+ / ەوە -/=

- تێهەڵچوونەوە
- تێهەڵێنانەوە
- تێهەڵهێنانەوە

/ تێ -/+ / - وە /+ / ڕا -/=

- تێوەڕامان

/ پێ -/+ / لێ - /+ /- ەوە /=

- پێ لێکردنەوە

هەروەها چەند نمونەیەکی تریش دەخەینەڕوو، کە بریتین لە تێکەڵبوون و بەیەکەوە هاتنی پێشگرەکان، بەم شێوەیە:

/ تێ -/+ / هەڵ -/=

- تێهەڵکێشان
- تێهەڵکێش
- تێهەڵکێشکردن
- تێهەڵچوون
- تێهەڵهێنان
- تێهەڵسوون

/ پێ -/+ / هەڵ -/=

- پێهەڵگرتن
- پێهەڵبژاردن
- پێهەڵێنان
- پێهەڵگیرساندن
- پێهەڵپەسارتن
- پێهەڵکاڵان
- پێهەڵکاڵین
- پێهەڵگەڕان[1]

/ لێ -/+ / هەڵ -/=

- لێ هەڵخستن
- لێهەڵسوون
- لێهەڵماڵین

[1] هەژار، هەنبانەبۆرینە، ص١٣٧.

- لێهەڵێنان
- چاو لێ هەڵتەکاندن[1]

/ پێ -/+ / لێ -/=

- پێ لێنان
- پێ لێخشاندن
- پێ لێ گرانکرن
- پێ لێ سوککردن
- پێ لێخشاندن[2]

/ پێ -/+ / لێ -/+ / هەڵ -/=

- پێ لێهەڵبڕین
- دەست پێ لێ هەڵگرتن

/ پێ -/+ / دا -/+ / هەڵ -/=

- پێدا هەڵچوون
- پێدا هەڵواسین
- پێدا هەڵخوشان
- پێدا هەڵڕوانین
- پێدا هەڵشاخین
- پێدا هەڵشاخان[3]

/ پێ -/+ / لێ -/+ / دا -/=

---

[1] مەلا عەلی مامەجەلکەیی، گاڵە و ڕێزمانی کوردی، ل٤٣.
[2] سەرچاوەی پێشو، ل٤٣.
[3] هەژار، هەنبانەبۆرینە، ص١٣٠- ١٣١.

- پێ لێ داگرتن

کەواتە پێشگر و پاشگرە فەرهەنگییەکانی کار، کە بەشێکی سەرەکین لە گیرەک، ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەیە لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی ڕۆنانی کاری نوێتر و زیاتر، بۆ ئاسانتر کردنی کار و باری ڕۆژانە و دەوڵەمەند کردنی فەرهەنگی زمانەکەمان، کە بەهۆی پێشگر و پاشگرەکانەوە بەگوێرەی گرنگی و پێویستی وشەی نوێ لەدایک دەبێت و وشەی بەکارنەهاتوو و کۆن یاخود ئەو وشانەی کە پێویست نین و زیادەن، لەناو دەچن و دەمرن یاخود واتایان دەگۆڕێت و بە بەرگێکی نوێوە دێنەو ناو زمان، لە گەشە و گۆڕان و زیاد کردن ناوەستن.

## ٣-٢: گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی فارسیدا

لەم تەوەرەدا باس لە گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار دەکەین لە زمانی فارسی دا، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### ٣-٢-١: پێشگرە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی فارسیدا

ئەو پێشگرانەی کە زیاتر باسیان کراوە و گرنگییان پێدراوە، واتە زیاتر بەکاردێن و ڕوون و ئاشکران ، بریتین لە:

**١- پێشگری / بر-/**[1]**:**

ئەم پێشگرە زیاتر چەند واتایەکی هەیە:

- هەڵ، بەرەو بان، بەرەوسەرەوە (برفراشتن).

- دا، بەرەوژێر- لەسەر شتێ (براندختن).

[1] حسن عمید، فرهنگ عمید، چاپ سوم، چاپخانە سپهر، تهران،١٣٦٩هـ . ش، ص ٤٠.

- پێوه، پێکەوه (بربستن).[1]

لێرەدا چەند نمونەیەکی زیاتر دەخەینەڕوو:

- برگشتن (گەڕانەوه)
- برآمدن (بە کۆتایی گەیشتن، خۆر هەڵاتن)
- بررسیدن (تاوتوێ کردن)
- برکندن (هەڵپچڕین)
- براسودن (ئاسودەبوون)
- برپچیدن (لێک ئاڵان)
- برزدن (لێکدان)
- برافزون کردن( زۆر کردن)[2] (لێکدراو)
- براوردن (هەڵسەنگاندن)
- برافتادن (لەناوچوون)
- برافکندن (داپۆشین، شاردنەوه)
- براندختن (لەناوبردن)
- برانگیختن (هاندان)
- برچیدن (هەڵگرتنەوه)
- برخاستن (ڕابوون)
- برانگیزاندن (وروژاندن)
- بربستن (بەستنەوه)
- برتافتن (ڕوو وەرگێڕان)
- برجستن (هەڵبەزینەوه)

[1] ماجد مردوخ روحانی، فرهنگ دانشگاه کردستان(فارسی- کوردی)، میانی(یک جلدی)، چاپ اول، ١٣٨٨هـ. ش، ص١٧٨.

[2] هەژیر عەبدوڵڵاپوور، فەرهەنگی هەژیر(فارسی- کوردی)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨ ز، ل١٩٨.

- برخوردن (بەرکەوتن)
- برخیزاندن (هەڵسەنگاندن)
- برداشتن (هەڵگرتن)
- بردمیدن (هەڵاتنی ئەستێرەکان)
- برشمردن (هەژمارکردن)
- برکشیدن (دەرکێشان)
- برگرفتن (چنینەوە)
- برچسپ زدن (لە قەڵەم دان) [1](لێکدراو)

**٢- پێشگری/ سر-/:**

ئەم پێشگرە بەواتای(سەر، سەرووی هەموو شتێک)[2] دێت، واتا زیاتر بۆ بزووتنەوە بەرەو سەر بەکار دێت:

- سررفتن (کۆتایی هاتن)
- سرامدن (تەواو بوون)
- سررسیدن (گەیشتن)
- سراوردن (بە کۆتایی گەیاندن)
- سرخوردن (خلیسکان)
- سرزدن (سەرلێدان)
- سرکوفتن (توانج لێدان)[3]

[1] ماجد مردوخ روحانی، فەرهەنگی دانشگاه کردستان(فارسی- کردی)، ص١٧٨- ١٩٠.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ص٧٨٤.
[3] هەژیر عەبدوڵڵاپوور، فەرهەنگی هەژیر(فارسی- کوردی)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨ ز، ص٧٤٠- ٧٥٢.

### ٣- پێشگری/ در-/:

ئەم پێشگرە دوو واتای هەیە:

- ڕۆیشتنە دەرەوە یان کردنەدەرەوە.

- بار و چۆنا و چۆنی(در شدن، در هم شدن).

لێرەدا چەند نمونەیەک دەخەینەڕوو:

- درآمدن (هاتنەدەرەوە)
- درکشیدن (دەرهێنان)
- دررفتن (چوونەدەرەوە)
- درماندن (دەستەوەستان بوون)
- دراوردن (دەرهینان)
- دراویختن (هەڵواسران)
- درافتادن (تێهەڵچوون)
- درکردن (دەرهاوردن)
- درامیختن (تێکەڵکردن)[1]
- درایستادن (پێداگری کردن)
- درافکندن (گرفتارکردن)
- درانداختن (هاویشتن)
- درباختن (دۆڕان)
- درپذیرفتن (قبوڵکردن)
- درپیش کردن (خستنەپێشەوە) (لێکدراو)
- دردمیدن (فوتێکردن)
- درسپردن (بڕینی ڕێگەیەک تا کۆتایی)

[1] ماجد مردوخ روحانی، فرهنگ دانشگاه کردستان، ص٥٨٣.

- درشکستن (لەناوبردن)
- درگرفتن (کاریگەری دانان)[1]

**٤- پێشگری/ فرا-/:**

ئەم پێشگرە واتا(سەرتر، بەرەو ژوور، بەرەو سەرتر)[2] ، واتە دەچێتە سەر چاوگێک و سیفەتی بەرەو سەری دەداتێ، ، وەکو:

- فرارفتن (ڕاکردن)
- فرا افکندن (لەخۆ دوورخستنەوە)
- فرابافتن (چنینەوە، تەنینەوە)
- فرابریدن (بەدواداچوون)
- فراچیدن (چنینەوە)
- فرادیدن (بینین)
- فراساختن (سازان)
- فراکردن (ناچارکردن)[3]
- فراخواندن (بانگهێشت کردن)
- فرا گذشتن (تێپەڕین)

- فرادادن، هەندێ کاتیش دەگووترێت(فردادن)، بەڵام واتایەکی تری هەیە بەم شێوەیە: فرادادن، واتە(هەڵخستن)، بەڵام(فردادن) واتە لولکردن، کەواتە(فر)یش بەهەمان شێوەی (فرا) پێشگرە، بەڵام ناچالاکە و زۆر کەم دەردەکەوێت.
- فراداشتن (ڕاگرتن)

[1] هەژیر عەبدوڵڵاپوور، فەرهەنگی هەژیر(بەرگی یەکەم)، ل٥٦٣- ٥٧٢.
[2] ماجد مردوخ روحانی، فەرهەنگی کردستان، ص٩٩٥.
[3] هەژیر عەبدوڵڵاپوور، فەرهەنگی هەژیر(بەرگی دووەم)، ل٩٣٦- ٩٤١.

- فرارسیدن (گەیشتن)
- فراگرفتن (وەبەرهاتن)[1]

## ٥- پێشگری/ فرو-/:

واتاکانی ئەم پێشگرە بریتین لە: (ژێر، خوار، بەرەو خوار، بۆ ناوەوە، بەرەو ناخ، نزم یاخود خاوەن بارودۆخی ژێردەست بوون)[2]، بۆ نمونە:

- فرورفتن (ڕۆچوون)
- فرونهادن (نانە سەر زەوی)
- فروخوردن (خۆ خواردنەوە، پیش خواردنەوە لە خەم و خەفەت)
- فرومردن (کوژانەوەی ئاگر یان چرا)
- فرواستادن (دواکەوتن)
- فروافکندن (هەڵواسین)
- فروباریدن ( ڕژان)
- فروداشتن ( هێنانەخوار)
- فروایستادن (خۆڕاگریکردن)
- فروفرستادن (بەڕێکردن)
- فرو ریختن (ڕۆکردن)[3]
- فروافتادن (کەوتنە خوارەوە)
- فروبردن (بردنە خوارەوە)
- فروبستن (قەپات کردن)
- فروپوشیدن (شاردنەوە)
- فروکردن (تێکخستن)

---

[1] ماجد مردوخ روحانی، فەرهەنگی دانشگاه کردستان، ،ص٩٩٥.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٠٤.
[3] هەژیر عەبدوڵڵاپوور، فەرهەنگی هەژیر(بەرگی دووەم)، ل ٩٥١- ٩٥٥.

- فروگذاشتن (خستنه پشت گویَ)
- فروماندن (تێدا مان)
- فرونشاندن (دامرکاندن)
- فروهشتن (خستنه خوارەوە)[1]

## ٦- پێشگری / ور-/:

ئەم پێشگرە بەواتای(هەڵ) دێت[2]، بەهەمان شێوەی پێشگری(فرا)، زۆربەی کات بۆ بزووتنەوە بەرەو سەر بەکار دێت، کە پێشگرێکی چالاکە و لە زۆربەی لەهجەکان بەکار دەهێنرێت، بۆ نمونە:

- وررفتن (سەرقاڵ بوون)
- ورامدن ( لێ بوونەوە)
- ورداشتن (خۆ ڕاگرتن)
- ورافتادن (لەناوجوون)
- وراوردن (دەرهێنان)
- ورخسبیدن (پاڵ پێوەدان)[3]
- ورپریدن (مردن بە شێوەی کتو پڕو چاوەڕوان نەکراو)
- ورچیدن (کۆکردنەوە)
- ورانداختن (لەناوبردن)
- ورشکست شدن (لە دارایی کەوتن) [4](لێکدراو)

---

[1] ماجد مردوخ روحانی، فەرهەنگ دانشگاه کردستان، ص١٠٠٤- ١٠٠٦.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٠٩.

[3] هەژێر عەبدوڵلاپوور، فەرهەنگی هەژێر(بەرگی دووەم)، ل١٣٥٠.

[4] ماجد مردوخ روحانی، فەرهەنگ دانشگاه کردستان، ص١٤٠٩- ١٤١١.

**٧- پێشگری/ وا-/:**

ئەم پێشگرە بەواتای(وە، ەوە، ئەوە) دێت، واتە بەرەو دواوە و نیشانی بەرەو پاش چوون یاخود پێداگری و دووبارە بوونەوە، واتە دیسان و هەمدیسان، کە دەچێتە سەر چاوگێک و چاوگێکی تر درووست دەکات[1]، بۆ نمونە:

- وارفتن (سست بوونەوە، بەرەو دواوەچوون)
- واماندن (دواکەوتن)
- واداشتن (ناچارکردن)
- واکنش (کاردانەوە)
- وارسیدن (تاوتوێ کردن)
- وا گذاشتن (ڕادەستکردن)
- وا ایستادن (ڕاوەستان)
- وا افتادن (کەمبوونەوە)
- وادانستن (ناسینەوە)
- وا ریز کردن (داڕژان) ،(لێکدراو)
- وا سازکردن (نووژەنکردنەوە)، (لێکدراو)
- واکشیدن (هەڵکێشان)
- وانگریستن (تێڕوانین)
- وانشاندن (خامۆشکردن)[2]

**٨- پێشگری/ نَ -/:**

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٩٨.

[2] هەژیر عەبدوڵڵا، فەرهەنگی هەژیر(بەرگی دووەم)، ل١٣٣٣- ١٣٤٤.

بە پێچەوانەی پێشگری(فرا)، بزووتنەوەی بەرەو خوارە، پێشتر ئەم پێشگرەمان وەکو دانەیەک ستەڕوو، کە ئەرکی ڕێزمانی هەیە، لێرەشدا دووبارە پێویستە وەکو دانەیەکی فەرهەنگی باسی لێوە بکەین، چونکە وشەی فەرهەنگی نوێ دێنێتە ناو زمانەوە، کەواتە پێشگری نەرێی(/نَ -/) هەریەک لە ئەرکەکانی فەرهەنگی و ڕێزمانی دەبینێت، بۆ نمونە:

- نَشستن (دامرکاندن)
- نگریستن (تێڕامان)
- نپاهیدن (نەبینین)
- نپسندیدن (پەسند نەکردن)[1]

**٩- پێشگری/ باز-/:**

ئەم پێشگرە نیشانەی دوپاتکردنەوە یان تازەکردنەوەیە، واتە دیسانەوە(بازشناختن، بازیافتن)، هەروەها نیشانەی گەڕانەوە یان بەرەو دواچوونە(بازاوردن)[2]، واتە دووبارەبوونەوەی سەرلەنوێ بوونەوەی شتێک، بۆ نمونە:

- بازگشتن (گەڕانەوە)
- بازگردیدن (گەڕانەوە)
- بازگرداندن (گەڕاندنەوە)
- بازامدن (هاتنەوە)

---

[1] هەژیر عەبدوڵڵا، فەرهەنگی هەژیر(بەرگی یەکەم)، ل١٢٧٤.
[2] ماجد مردوخ روحانی، فەرهنگ دانشگاه کردستان، ص١٥٦.

- بازگفتن (گوتنەوە)
- بازاوردن (هێنانەوە)
- بازافتادن (دیسان کەوتن، کەوتنەوە)
- بازایستادن (ڕاوەستان)
- بازبردن (گەڕاندنەوە)
- بازبریدن (جیاکردنەوە)
- بازپرداختن (بە ئەنجامگەیاندنی کارێک)
- بازپرسی (لێپرسینەوە)
- بازخواستن (سەر لەنوێ پرسینەوە)
- بازخوردن (خواردنەوە)
- بازدادن (گەڕاندنەوە)
- بازرفتن (ڕۆیستنەوە)
- بازشناختن (ناسینەوە)
- بازفرستادن (ناردنەوە)
- بازگرفتن (گرتنەوە)
- بازکوبیدن (کوتانەوە)
- بازگذاشتن (جێ هێشتنەوە)
- بازنشستن (دانیشتنەوە)
- بازدیدکردن (بینینەوە) [1](لێکدراو)

**١٠- پێشگری / پس-/:**

کە بەواتای دوای کارەکە دێت، واتە(دواتر، دوا بەدوای شتێک، یاخود بەرەو دوا)[1]، بۆ نمونە:

---

[1] هەژیر عەبدوڵلاپوور، فەرهەنگی هەژیر(بەرگی یەکەم)، ل١٧٣- ١٧٧.

- پس رفتن (بەرەو دواوەچوون)
- پس ماندن (دواکەوتن)
- پس بردن (بردنەوە)
- پس اوردن (هێنانەوە)
- پس امدن (هاتنەوە)
- پس افکندن (دوا خستن)
- پس خواندن (بانگهێشت کردنەوە)
- پس دادن (پێدانەوە)
- پس گذاشتن (پاشەکەوت کردن)
- پس افتادن ( دواکەوتن)
- پس راندن (بەرەو دواوە بردن)
- پس گرفتن ( سەندنەوە)
- پس نشاندن (پاشەکشە کردن)
- پس فرستادن (گەڕاندنەوە)
- پس گفتن (وڵامدانەوە)
- پس انداختن (پاشەکەوت کردن)[2]

ئەم پێشگرە هەندێ کات لەگەڵ پێشگری(باز) وشەی نوێ ساز دەکەن، بۆ نمونە:

- باز پس دادن (بۆ گەڕاندنەوە)
- باز پس رفتن (بۆ دواوە چوون)
- باز پس گرفتن (وەرگرتنەوە)
- باز پس ماندن (بەجێمان)[3]

---

[1] ماجد مردوخ روحانی، فرهنگ دانشگاه کردستان، ص٢٦٣.
[2] ماجد مردوخ روحانی، فرهنگ دانشگاه کردستان، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٦٤.
[3] هەژیر عەبدوڵڵاپوور، فەرهەنگی هەژیر(بەرگی یەکەم)، ل١٧٤.

### ١١- پێشگری/ پسا -/:

ئەمەش بەھەمان شێوە بە واتای دوای شتێک دێت، وەکو:

- پسانوگرایی (دوای نوێگەری)
- پسانویس (دوای نووسین)
- پسا پیس (بەرەو دوا)

پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بدەین، کە لە زمانی فارسی دا دەگونجێ، چەند پێشگرێک لەگەڵ یەک کار بێن و واتای نوێ ساز بکەن، بۆ نمونە:

- / باز-/، / بر-/+ گشتن = بازگشتن، برگشتن.
- رفتن: (دررفتن، فرورفتن، وارفتن، پسرفتن، وررفتن)
- افتادن: (در افتادن، فرو افتادن، بر افتادن، ور افتادن)
- گذاشتن: (فرو گذاشتن، وا گذاشتن، باز گذاشتن، پس گذاشتن)
- افکندن: (فرا افکندن، بر افکندن، فرو افکندن)
- ایستادن: (فرو ایستادن، وا ایستادن، باز ایستادن)
- چیدن: (فرا چیدن، بر چیدن)

لێرەدا کاری(گشتن، افتادن، گذاشتن، افکندن، ایستادن، چیدن)، زیاتر لە یەک پێشگریان لەگەڵدا بەکارھاتووە و وشەی نوێی فەرھەنگییان دروست کردووە.

## ٣-٢-٢: پاشگرە فەرھەنگییەکانی کار لە زمانی فارسیدا

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە پاشگری(/- اندن/) بکەین، کە پێشتر وەکو پاشگرێکی ڕێزمانی خستمانەڕوو، بەھۆی ئەوەی کە بخرێتە سەر کارێکی گونجاو، ئەوا کارەکە واتایەکی نوێ وەردەگرێت و دەبێتە ھۆی گۆڕانی فۆڕم و

واتاکەی، کەواتە دەکرێت بڵێین ئەم پاشگرە بە هەمان شێوەی زمانی کوردی دوو ئەرک دەبینێت، هەم ڕێزمانی و هەم فەرهەنگی، بۆ نمونە:

- خواباندن
- دواندن

ئەگەر لەم دوو کارە بڕوانین، دەبینین کە بەهۆی ئەم پاشگرەوە کارە بنەڕەتییەکە واتاو فۆڕمی بنەڕەتی لەدەستداوە و کارێکی نوێ درووست بووە، کەواتە ئەم پاشگرە تەنها ئەرکی ڕێزمانی نییە بەڵکو فەرهەنگیشە.

### ٣-٣: بەراوردی گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار لە زمانی کوردی و فارسیدا

بە گوێرەی باسکردنی پێشووتر کە گیرەکە فەرهەنگییەکانی هەردوو زمانمان خستەڕوو، چەند خاڵێکی هاوبەش و جیاوازمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە خوارەوە هەریەکەیان بە ڕوونی باس دەکەین، ئەوانیش بریتین لە:

### ٣-٣-١: هاوبەشی و جیاوازی نێوان زمانی کوردی و فارسی

### ٣-٣-١-١: هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و فارسی

### ٣-٣-١-١-١: پێشگرە فەرهەنگییەکانی کار:

بە شێوەیەکی گشتی ئەو خاڵە هاوبەشانەی کە پێشگرە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی و فارسی هەیانە، بریتین لە:

١- لە هەردوو زماندا پێشگر هەیە و وشەی نوێی پێ ساز دەکرێت، ڕۆژانە گۆڕانیان بەسەردا دێت و دەچنە ناو فەرهەنگەوە.

٢- لە هەردوو زمانەکەدا چەند دانەیەکی زۆر لە پێشگر بەدی دەکرێن، بە گوێرەی ئەو پێشگرانەی کە ئێمە لێرەدا خستوومانەتە ڕوو، تا ڕادەیەک هاوبەشن، کە ژمارەیان لە یەکەوە نزیکە بەکارهێنانیان بەردەوامە، کە هی هەردوو زمان(١١) دانەن، ئەمانیش بریتین لە:

- پێشگرەکانی زمانی کوردی بریتین لە:(/ دا-/، / هەڵ-/، / پێ-/، / تێ-/، / لێ-/، / ڕا-/، / ڕۆ-/، / وەر-/، / ڕێ-/، / دەر-/، / بێ-/).
- پێشگرەکانی زمانی فارسی بریتین لە:(/ بر-/، / سر-/، / در-/، / فرا-/، / فرو-/، / ور-/، / وا-/، / نَ -/، / باز-/، / پس-/، / پسا-/).

٣- چەند پێشگرێکمان هەیە، کە لەهەردوو زمانەکەدا بەکاردەهێنرێن، واتە هاوبەشن، بۆ نموونە: /دەر-/ لە کوردیدا و / در-/ لە فارسیدا:

- دەرخستن
- دررفتن

هەروەها / وەر-/، / ور-/:

- وەرگرتن
- ورکشیدن

٤- دەکرێ بڵێین لە هەردوو زماندا پێشگرەکان چالاکن و واتاو مەبەستی خۆیان هەیە، بۆ نمونە پێشگری(/ ڕۆ-/، / دا-/) لە زمانی کوردیدا و (/ فرو-/، / نَ-/) لە زمانی فارسیدا، بە واتای ( بزووتنەوە بەرەو خوار) دێن، هەروەها پێشگرەکانی (/ هەڵ-/)، (/ سر-/، / فرا-/، / ور-/)، بە واتای( بزووتنەوە بەرەو سەر) دێن و ئەوانی تریش بەهەمان شێوە واتای خۆیان هەیە.

٥- لەهەردوو زماندا دەشێت زیاتر لە پێشگرێک لەسەر یەک بنکە دەربکەوێت، بۆ نمونە:

- گرتن: داگرتن، ڕاگرتن، وەرگرتن، پێگرتن، لێگرتن،... (زمانی کوردی).
- رفتن: دررفتن، فرورفتن، وارفتن، پسرفتن، وررفتن،... (زمانی فارسی).

٦- زۆربەی کات لەهەردوو زمانەکەدا هاتنی دوو پێشگر بەیەکەوە بۆ درووست کردنی وشەی نوی بەدی دەکرێت، وەک:

- / پێ-/+ / لێ-/= پێ لێ نان(کوردی).
- / باز-/+ / پز-/= باز پس رفتن(فارسی).

### ٣-١-١-٢: پاشگرە فەرهەنگییەکانی کار:

بە گوێرەی ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، ئەم هاوبەشیانەم بۆ ڕوون دەبێتەوە:

١- لە هەردوو زماندا پاشگرەکانی کار لەچاو پێشگرەکانی کار زۆر لاوازن و کەمن، چونکە وەکو پێشتر باسمان کرد پێشگرەکان زیاتر بەکاردێن و وشەی فەرهەنگی نوێ دروست دەکەن.

٢- لە هەردوو زمانەکەدا پاشگری تێپەڕاندنی ڕێزمانی، ئەرکی فەرهەنگیش دەبینێت و دەتوانین وەکو دانەیەکی فەرهەنگی دابنێین چونکە کارێکی نوێ و بە بەرگ و واتایەکی نوێوە، دێنێتە ناو فەورهەنگەوە، بۆ نمونە:

- ڕواندن
- خواباندن

### ٣-١-٢: جیاوازی نێوان زمانی کوردی و فارسی

### ٣-١-٢-١: پێشگرە فەرهەنگییەکانی کار:

بێگومان لێرەشدا چەند جیاوازییەک بەدی دەکرێن، کە بریتین لە:

١- هەندێ پێشگر لە زمانی کوردیدا هەن و لە فارسیدا نین، بە پێچەوانەشەوە، بۆ نمونە: پێشگرەکانی (/ دا-/، / هەڵ-/، / پێ-/، / تێ-/، / لێ-/، / ڕا-/، / ڕێ-/، /

بێ-/)، لە کوردیدا هەن، بەڵام لە فارسیدا نین، هەروەها هەریەک لە پێشگرەکانی (/ بر-/، / سر-/، / فرا-/، / وا-/، / باز-/، / پس-/، / پسا-/)، لە زمانی فارسیدا هەن و لە کوردیدا بەدی ناکرێن.

٢- لە زمانی فارسیدا دوو پێشگر هەن، کە بۆ واتای دووبارە بوونەوە بەکار دێن، بریتین لە:

- / بر-/: برگشتن.
- / باز-/: بازگشتن.

هەریەک لەم دوو پێشگرە بەواتای دووبارە بوونەوە دێن، کە لە زمانی کوردیدا پێشگرمان نییە بەو واتایە بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە پاشگری /- ەوە/، وەکو واتای دووبارە بوونەوە بەکار دەهێنرێت.

٣- لە زمانی کوردیدا زۆربەی کات سێ پێشگر بۆ دروستکردنی وشەیەک بەکار دەهێنرێن، کە ئەمە لە فارسیدا بەدی ناکرێت، بۆ نمونە:

- / پێ-/+ / لێ-/+ / هەڵ-/: پێ لێ هەڵگرتن، پێ لێ هەڵبڕین،...
- / پێ-/+ / دا-/+ / هەڵ-/: پێداهەڵچوون،...

### ٣-٣-١-٢-٢: پاشگرە فەرهەنگییەکانی کار:

خاڵە جیاوازەکان بریتین لە:

١- لە زمانی کوردی دا پاشگری (/- ەوە/) هەیە، بەڵام لە زمانی فارسیدا ئەم پاشگرە بەدی ناکرێت.

٢- ئەم پاشگرە لە زمانی کوردیدا بە واتای دووبارەبوونەوە یاخود گەڕانەوە دێت، کەواتە ئەم واتایە لە ڕێگەی پاشگرەوە بەرهەم دێت، بەڵام بە

پێچەوانەوە لە زمانی فارسیدا واتای گەڕانەوە و دووبارە بوونەوە لەڕێگەی پێشگرەکانی(/ باز-/، / بر-/)ەوە درووست دەبێت، بۆ نمونە:

- گەڕانەوە
- بازگشت، برگشت.

٣- لە زمانی کوردیدا دەشێ هەم پێشگر و هەم پاشگر، لەگەڵ یەک کار بێن و ئەرکێکی فەرهەنگی ببینن، بۆ نمونە:

- هەڵگەڕانەوە
- هەڵکەوتنەوە
- پێ لێ کردنەوە
- پێدا چوونەوە

لێرەدا پێشگری(/ هەڵ-/)، لەگەڵ پاشگری (/- ەوە/) چوونە سەر کاری (گەڕان و کەوتن) و پێشگرەکانی(/ پێ-/، / لێ-/، / دا-/ ) و پاشگری(/ - ەوە/)، چونە سەر کارەکانی(کردن، چوون)، لە ئەنجامدا کارێکی نوێیان هێناوەتە ناو زمانەوە، بەڵام ئەم جۆرە گۆڕانە لە زمانی فارسیدا نابینرێت.

٤- بە گشتی لەگەڵ ئەوەی کە پێشگرەکان ڕۆڵی گرنگتر و بەرچاویان هەیە لەهەردوو زماندا، ناکرێ ئەوە لەبیرکەین کە لە زمانی کوردیدا بەهۆی پاشگری (/- ەوە/) چەندین وشەی نوێ ساز دەکرێت، بەڵام لە زمانی فارسیدا وشەی نوێ لە ڕێگەی پاشگرەوە بەڕادەیەکی زۆر کەم دەبینرێت، دانەیەکی چالاک لەو زمانەدا بەرچاو ناکەوێت، بێگومان ئەمە تەنها لە سنوری بەشە ئاخاوتنی کاردا.

کەواتە هەروەکو پێشترو لە کۆتایی بەشی سێیەمدا ئاماژەی پێدرا، گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار لە ڕوی ژمارەو بەکارهێنانەوە جیاوازن لە گیرەکە ڕێزمانییەکانی کار لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا، چونکە ناتوانین ئەم

جۆرە گیرەکانە سنوردار بکەین و بەتەواوی بیانژمێرین بەهۆی جیاوازی بەکارهێنانییان لەلایەن قسەپێکەرانی زمانەکانەوە لەڕوی کات و شوێنەوە، یاخود بەهۆی لەدایکبون و مردنی وشەکانەوە.

بەگشتی ئەم جۆرەیان لە گیرەک لە پێشگر و پاشگرە فەرهەنگییەکانی کار پێکدێت، هەروەها پێشگرەکان لە هەردو زمانەکەدا تاڕادەیەک زیاترو چالاکترن لە پاشگرەکان، زۆجاریش هەردوکیان( پێشگر و پاشگرەکان) یاخود لە پێشگرێک زیاتر بەیەکەوە دێن.

هەروەکو چۆن خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەم دوو زمانەدا هەیە بەهەمان شێوە بەدەرنین لە جیاوازی، چونکە هەندێ لە پێشگرەکان لە زمانی کوردیدا هەن، بەڵام لە زمانی فارسیدا بەدی ناکرێن وە بە پێچەوانەوە، دەتوانرێت ئەمە بەسەر پاشگرەکانیشدا بسەپێنرێت، هەرچەندە پاشگرەکان لە زمانی کوردیدا چالاکترن وەک لەزمانی فارسی.

ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە گیرەکەکان بە فەرهەنگی و ڕیزمانییەوە هاوکارن لە دروستکردنی کار لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا بە کۆمەڵێ خاڵی هاوبەش و جیاوازەوە، کە یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی وشە و کاری نوێ لە زماندا و پەکنەکەوتنی زمان بۆ ئاخاوتن و گفتوگۆکردن، چونکە زمان خۆی هۆکارێکە بۆ پەیوەندی، ئەم پەیوەندیەش بەهۆی ڕێساو یاسا ڕێزمانییە جیاجیاکانەوە دروستدەبن و دێنە ئاراوە.

گیرەکەکانیش لەکاتی بەشداریکردنییان لە ڕستەدا دەتوانن ببن بە گیرەکی کاری جا چ فەرهەنگی بن، یاخود ڕێزمانی. گیرەکە ڕێزمانییەکانیش هەروەکو پێشتر ئامازەی پێدرا بە پێچەوانەی گیرەکە فەرهەنگییەکانەوە سنور و ژمارەیان دیاریکراوە لە هەردو زمانی کوردی و فارسیدا، کە ئەمەش خاڵی هاوبەشییانە، هەرچەندە لەچەند خاڵێکی تری وەکو بوون یان نەبوونی (ەوە) وە جیاوازن، بەڵام ئەوە لە ڕاستی و کاریگەری و پەیوەندی ئەو دوو زمانە کەم

ناکاتەوە، بەڵکو گشت ئەو شتانەی کە باسکران سەلمێنەری ئەوەن کە ئەم دوو زمانە یەک سەرچاوەی زمانییان هەیە ئەمەش بووە هۆکارێکی تری نوسینی ئەم توێژینەوە شیکارییە بەراوردییە.

## ئەنجام:

١- جگە لە ڕاوبۆچوونی جیاواز سەبارەت بە هەبوون و نەبوونی ناگونجێت بڵێین ناوگر زیادەیە و بەهیچ جۆرێک نییە، یاخود بەهەڵە هاتۆتە ناو زمانەکەمانەوە. بێگومان ئەگەر زۆر دەگمەنیش بێت ئەوا چەند بۆشاییەک لە زماندا پڕ دەکاتەوە، کە پێویستە، چونکە ئەگەر ناوگرەکە لابەین وشەیەکی بێ واتا دەمێنێتەوە، خودی وشەکەش بەهۆی ئەو ناوگرەوە پەیدابووە و بەکار دەهێنرێت.

٢- زمانی کوردی زیاتر سوود لە گیرەک وەردەگرێت بۆ داڕشتنی وشەی نوێ و گەیاندنی چەمکی ڕێزمانی، بەبەراورد بە زمانی فارسی، چونکە لە زمانی فارسیدا بۆ هەریەک لە چەمکەکانی ناساندن و نادیاری، هەروەها بۆ جیاکردنەوەی کاتەکانی ئێستا و داهاتوو سوود لە مۆرفیمی سەربەخۆ وەردەگیرێت، کە کاری یاریدەدەرە. ئەمە لە کوردیدا بەدی ناکرێت، کەواتە زمانی کوردی زیاتر دەچێتە ناو زمانە نووساو و تێکچڕژاوەکان، کە بە پێچەوانەی زمانی کوردی، زمانی فارسی سیفەتی دابڕاوی هەیە.

٣- گیرەکە ڕێزمانییەکانی کار، لە چوارچێوەی سینتاکسدا کار دەکەن و پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان وشەکان دەردەبڕن، کە پۆلێکی داخراون و ژمارەیان دیاریکراوە.

٤- گیرەکە فەرهەنگییەکانی کار، بە شێوەی پێشگر یان پاشگر بە وشەوە دەلکێن ناتوانین سنورێکیان بۆ دیاری بکەین و بە تەواوی هەژماریان بکەین، بەڵکو بەگوێرەی کات و شێوەزاری قسەپێکەران و ناوچەکان، گۆڕان بەسەر ژمارەو چۆنیەتییاندا دێت و هەردەم وەک خۆیان نامێننەوە، بەگشتی پێشگرە فەرهەنگییەکان ئەمانەن: لە کوردیدا :(/ دا-/، / هەڵ-/، / پێ-/، / تێ-/، / لێ-/، / ڕا-/، / ڕۆ-/، / وەر-/، / ڕێ-/، / دەر-/، / بێ-/) و لە فارسیدا: (/ بر-/، / سر-/، / در-

/، / فرا-/، / فرو-/، / ور-/، / وا-/، / نَ -/، / باز-/، / پس-/، / پسا-/). هەروەها پاشگرە فەرهەنگییەکان لە کوردیدا بریتین لە: (/- ەوە/ و ئەلۆمۆرفەکانی، / - اندن/)، لە زمانی فارسیشدا بریتین لە: (/- انیدن، اندن/).

٥- لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا کاری ڕابردوو، چوار دەمکاتی هەیە، کە بریتین لە(ڕابردووی نزیک، بەردەوام، دوور، تەواو)، بەڵام لە زمانی فارسیدا ژمارەیان زیاترە، کە بریتین لە( مطلق، نقلی کامل، استمراری، نقلی استمراری، بعید، ابعد، التزامی)، هەروەها کاتی ڕانەبردوو(ڕاگەیاندن و دانانی)یە، بەڵام لە فارسیدا(سادە، اخباری، التزامی، استمرار- ملموس، مستقبل)دەگرێتەوە، بێگومان ئەمانەش لەڕێی گیرەکەکانەوە جیادەکرێنەوە و دیاری دەکرێن.

٦- گیرەکی(درون وند) کە لە زمانی فارسیدا ئەرکی ڕێزمانی دەبینێت، لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو فارسی، ئەم جۆرە گیرەکە لە زمانی کوردیدا نابینرێت.

٧- ژمارەی پێشگرەکان لە هەردوو زماندا هەم لەڕووی فۆڕمەوە هەم لە ڕوی چالاکی و بەکارهێنانەوە تاڕادەیەک وەک یەکن و لەیەک نزیکن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ژمارەی پاشگرەکان لەزمانی کوردیدا زیاترن وەک لە پاشگرەکانی زمانی فارسی، چونکە لەو زمانەدا زۆربەی کارەکان لە ڕێگەی پێشگرەکانەوە دروست دەبن.

٨- هەردوو زمانەکە لە بواری گۆڕینی توانای هێزی کار لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، گیرەکی(/- ان/) دەخرێتە سەر ڕەگی کارەکانیان، گیرەکی(/- د/)ی کاتی ڕابردووش هاوبەشە لە نێوانیاندا. هەروەها لە فارسیدا هەندێ کاری تێپەڕ، جارێکی تر تێپەڕ دەکرێنەوە.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: بە زمانی کوردی:

- پەرتوک:

١- ئەحمەد حەسەن، ڕێزمانی کوردی(بە کوردی و عەرەبی)، چاپخانەی دارالجاحظ، ١٩٧٦ ز.

٢- ئەحمەد کاکە مەمی، گوڵبەهار، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٣ ز.

٣- ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی پێنجەم(کردار)، سلێمانی، ٢٠٠٠ ز.

٤- -------------، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی)، سلێمانی، ٢٠٠٤ ز.

٤- -------------، ڕێزمانی کوردی، وشەو ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، ڕێکخستن و پێداچوونەوەی: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، بلاوکراوەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٤ ز.

٦- ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە و ڕۆنان لە زمانی کوردی دا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،١٩٧٧ ز.

٧- حاتەم ولیا محەمەد، پەیوەندیە ڕۆنانیەکانی نواندنە سینتاکسیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩ ز.

٨- خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، بەرکار لە زمانی کوردی دا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨ ز.

٩- ڕەفیق شوانی، زمانەوانی( کۆمەڵە وتارێک )، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٩ ز.

١٠- -------------، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١ ز.

١١- سادق بەهائەدین ئامێدی، ڕێزمانا کوردی (کرمانجی یا ژۆری و ژێری یا هەڤبەرکری)، چاپا یەکێ، بەغداد، ١٩٨٧ ز.

١٢- سەرباز مەجید خۆشناو، ناوگر لە زمانی کوردی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٣ ز.
١٣- سەلام ناوخۆش، نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگی(یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر، ٢٠٠٨ ز.
١٤- شێرکۆ بابان، دەنگسازی و بڕگەسازی لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولیر، ٢٠٠٥ ز.
١٥- -----------، ریزمانی پاشگری دووپاتیی((ەوە))، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١ ز.
١٦- شێروان حوسێن حمد، تێڕوانینێکی نوێ بۆ سینۆنیم لەزمانی کوردیدا ، چاپخانەی دیلان، سلێمانی، ٢٠١١ ز.
١٧- عبدالواحید موشیر دزەیی، ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤ ز.
١٨- فاضل عومەر، گیرەکێن زمانێ کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦ ز.
١٩- کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١١ ز.

٢٠- لیژنەی زمان و زانستەکان، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦ ز.

٢١- لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١١ ز.
٢٢- مەسعود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦ ز.
٢٣- محەمەد ڕەزای باتینی، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، و: حەسەنی قازی، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، چاپ و بڵاوکردنەوەی سوید، ١٩٩٣ ز.
٢٤- محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید، چەند لایەنێکی مۆڕفۆلۆجی کوردی، بەشی ڕوناکبیری، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٦ ز.

٢٥- نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، بکەر نادیار، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، سەنتەری ڕووناکبیری هەتاو، هەولێر ،٢٠٠٧ ز.

٢٦- -------------، ڕێزمانی کوردی، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی سەروو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢ ز.
٢٧- ------------، ڕێزمانی کوردی، چاپی پێنجەم، ٢٠١٣ ز.
٢٨- ------------، ڕێزمانی کوردی،چاپی شەشەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤ ز.
٢٩- نەسرین فەخری- کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی ئاداب، ١٩٨٢ ز.
٣٠- نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، ١٩٦٠ ز.
٣١- نیعمەت عەلی سایە، ڕێزمانی کوردی، زاری کەڵهوڕی، چاپخانەی شڤان، ٢٠١٤ ز.
٣٢- نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپی دووەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢ ز.
٣٣- یوسف شەریف سەعید، وشەسازی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣ ز.
٣٤- ------------، کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسیدا، چاپخانەی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣ ز.

- **نامەی زانکۆیی:**

١- ئەبوبەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٣ ز.
٢- بازیان یونس محێدین، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکسەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٨ ز.
٣- حەیدەر حاجی خدر، تایبەتمەندیە مۆرفۆلۆژیەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلێنی میرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٠ ز.

٤- شادان حەمە ئەمین محەمەد، پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٦ ز.
٥- شێرکۆ حەمە ئەمین قادر، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانیەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٢ ز.
٦- شێروان حوسێن حمد، توانای مۆڕفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا(لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و فارسی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤ ز.
٧- عومەر مەحمود کەریم، کاری تێپەر و تێنەپەر لە زمانی کوردی دا- کرمانجی خواروو، نامەی ماستەر، ٢٠٠٤ ز.

٨- محەمەد عومەر عەول، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی دارشتن و ئەرکەوە- لە کرمانجی خوارووداا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠١ ز.

٩- یارا قادر محەمەد، مۆرفۆسینتاکس لە زاری کۆیە، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨ ز.

- **گۆڤار:**

١- شەهاب تەیب، لەوێستگەکانی وشەسازی کوردی، گۆڤاری زمانناسی، بەشی دووەم، ژ.١٤،هەولێر، ٢٠١٢ ز.

- **دیوان:**

1 -کەمال میراودەلی، دیوانی فانی، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٦ ز.

**دووەم: بە زمانی فارسی:**

• پەرتوک:


١- پروین مضانی مولانا، دستور زبان فارسی نو، چاپ دوم، ١٣٨٧ هـ . ش.

٢- حسن انزالی، دستور زبان فارسی، چا سوم، شرکت انتشارات علمی، ١٣٧٠١- پروین مضانی مولانا، دستور زبان فارسی نو، چاپ دوم، ١٣٨٧ هـ . ش.

٣- حسن انوری، دستور زبان فارسی، چاپ اول، اصفهان، آبان١٣٩٠ هـ . ش.

٤------------ یوسف عالی، دستور زبان فارسی، چاپ دوم، چاپ دانشگاه پیام ن1ور، ١٣٩٠ هـ . ش.

٥- خسرو غلامعلی زاده، بررسی لایەهاو سطوع واژگانی در وندهای زبان فارسی از نگاه صرف واژگانی، شماره دوم، ١٣٩٠ هـ . ش.

٦- عبدالرسول خیام پور، دستور زبان فارسی، چاپ یازدهم، چاپ جمالی، ١٣٨٢ هـ . ش.

٧- علی سلطانی کرد فرامرزی، دستور زبان فارسی، چاپ چهارم، چاپخانه حیدری، تهران، ١٣٦٨ هـ . ش.

٨- محمد امین شمسی نیا، تکواژ در گروه فعلی، اموزش زبان و ادب فارسی، شماره چهارم، پیرانشهر، ١٣٩١ هـ . ش.

٩- محمد رضا باطنی، توصیف ساختمان دستور زبان فارسی، بر بنیاد نضریه عمومی زبان، موسسه انتشارات، امیر کبیر(سپهر)، تهران، ١٣٦٤ هـ . ش.

١٠- محمد مهدی و واحدی لنگرودی_ مهدی قادری، ساخت موضوع کلمات مشتق در زبان فارسی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالەات فرهنگی، زبان ساخت اول، شماره اول، ١٣٨٩ هـ . ش.

١١- مهدی مشکوه الدینی، دستور زبان فارسی پرپایه، نضریه گشتیاری، انتشارات دانشگاه، فردوسی (مشهد)، چاپ سوم، ١٣٧٣ هـ . ش.

١٢- نادر و زین پور، دستور زبان فارسی، چاپ سوم، چاپخانه مهارت، ١٣٧٥ هـ . ش.

١٣- نوروزى، جهانبخش، دستور زبان روان و ساخت زبان فارسى امروزى، چاپخانه بهمن، ١٣٨١ هـ . ش.


- **گۆڤار:**


١- عاتفه سادات مير سعيدى، وندافزايى درزبان فارسى، وند بنياد ياپايه بنياد، ، مجله زبانشناسى وگويش هاى خراسان، دانشگاه فردوسى مشهد علمى- پژوهش، شماره پياپى ٢، ١٣٩١ هـ . ش.


**سێیەم: فەرهەنگەکان:**


١- حسن عميد،فرهنگ عميد، چاپ سوم، چاپخانه سپهر، تهران،١٣٦٩ هـ . ش.

٢- ڕزگار کەریم، فەرهەنگی دەریا (عەرەبی- کوردی)، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی مەهارەت، تاران، ٢٠٠٧ ز.

٣- ---------، فەرهەنگی دەریا (عەرەبی- کوردی)، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی مەهارەت، تاران، ٢٠٠٧ ز.

٤- عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە، فەرهرنگی ڕامان(ئێتیمۆلۆژیی زمانی کوردی)، بەرگی یەکەم، (بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی (ebook) بڵاودەبێتەوە)، ٢٠١٤ ز.

٥- فاضل نظام الدين، فەرهەنگی شیرین، چاپی چوارەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧ ز.

٦- گیوی موکریانی، فەرهەنگی مەهاباد (فەرهەنگێکی قوتابخانەیی کوردی و ئارەوییە)، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢ ز.
٧- ماجد مردوخ روحانی، فرهنگ دانشگاه كردستان (فارسی- كوردی)، ميانی (يك جلدی)، چاپ اول، ١٣٨٨ هـ . ش.

٨- مەلا عەلی مامەجەلکەیی، گاڵە و ڕێزمانی کوردی، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی: د. خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو، د. هێمن عومەر خۆشناو، لە بڵاوکراوەکانی دەستنوسخانەی زانکۆی سۆران، ٢٠١٦ ز.

٩- هەژار، هەنبانەبۆرینە(فرهنگ کردی- فارسی)، چاپ سوم، سروش، تهران، ١٣٨١ هـ . ش.

١٠- هەژیر عەبدوڵڵاپوور، فەرهەنگی هەژیر(فارسی- کوردی)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠٠٨ ز.

١١- -----------، فەرهەنگی هەژیر(فارسی- کوردی)، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨ ز.

**چوارەم: بە زمانی تورکی:**

1- Hasan ÇÎFTÇÎ, Uygulamalı, farsça Grameri (Gramer- Metin-Sözlük), Erzurum, 2013.

**پێنجەم: بە زمانی ئینگلیزی:**

1- Crystal David, Adidionery, Black well publishing, United Kingdom, 2003.

2- Fromkin, And introduction to language, Holt, Rinejart and inston Ius, U.S.A, 1988.

3- Trask, R.L, Language an linguistics, Canada, 2008.

**شەشەم: بە زمانی عەرەبی:**

١- ديريزه سقال، الصرف و علم الاصوات، مطبعة دار الصداقة العربية، الطبعة الاولى، بيروت، ١٩٩٦ ز.

٢- لطيفة ابراهيم النجار، دور البنية الصرفية فى وصف الضاهرة النحوية و تقعيدها، دارالبشير، طبعة الاولى، اردن، ١٩٩٤ ز.